# پڕۆژەی گەشەپێدان
# لە عێراق

عوسمانی حاجی مارف

2025

ناوی کتێب
پڕۆژەی گەشەپێدان لە عێراق

بابەت: وتار
نووسەر: عوسمانی حاجی مارف
دیزاینی: ئومێد محەمەد
هەڵەچنی: ئاواز ساڵح
چاپی یەکەم: 2025
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 5000 دینار

# پرۆژەی گەشەپێدان لە عێراق

عوسمانی حاجی مارف

2025

# پێڕست


سەرەتایەک بۆ ناسینی پرۆژەی گەشەپێدان.............................7

مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق.................................17

ئاڵوگۆڕ لە ڕێگەی پرۆژە ئابوریەکانەوە...............................55

عێراق لە پرۆسەی سەردەمێکی نوێدا..................................65

ڕکابەری چین و هندستان..............................................77

باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر عێراقدا...............89

پرۆژەی گەشەپێدانی ئابووری عێراق................................101

ڕێگای گەشەپێدان" و ئۆپەراسیۆنی تورکیا دژی پەکەکە...119

بارزانی لە واشنتۆن..................................................129

تورکیا چی لە سوریا و عێراق دەوێت؟...............................139

## سەرەتایەك بۆ ناسینی پرۆژەی گەشەپێدان

باسـەکانی ناو ئەم نامیلکەیە پێشـتر بە ووتار بڵاو کراونەتـەوە، کـە هەنـدێ زانیـاری و ڕونکردنەوەیـە دەربارەی پڕۆژەی گەشەپێدان، بەگشتی تیشک دەخاتە سـەر چۆنیەتـی کارکـردن لەسـەر ئامادەکـردن و بـە ئەنجـام گەیاندنی ئەو پڕۆژەیـە و ئایندەکەی، لەهەمان کاتدا کاریگەری ئەو پرۆژەیە لە سـەر باریی ئابووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە عێراقـدا لێـک ئەداتـەوە، لەلایەکـی تریشـەوە ئاماژە دەکات بەو بەربەسـتانەی، کـە چوونـە پێشـەوەی ئەم پرۆژەیـە دەباتـە دواوەوە یان ئەگەری ئەوەی، کە گەورەبونەوەی بەربەستەکان شکستی پێ بهێنێت.

شـایانی باسـە کە پـرۆژەی "ڕێـگای گەشـەپێدان" ڕێگایەکی وشـکانی و شـەمەندەفەرە، کـە لە عێراقەوە تـا تورکیا و بەندەرەکانـی درێژدەبێتەوە. ڕێگا و هێڵی ئاسـنین درێژیەکـەی (1200) کیلۆمەتـر لـە ناوخـۆی عێراقدایە، بە پلەی یەکەم مەبەسـت لێی گواسـتنەوەی کاڵایە لە نێوان ئەوروپا و وڵاتانی کەنداودا.

بودجەی وەبەرهێنانی پڕۆژەکە نزیکەی (17) ملیار دۆلاری ئەمریکیـە، لـەو ژمارەیـەش (6.5) ملیـار بـۆ شەمەندەفەری خێرا و (10.5) ملیار بۆ شەمەندەفەری

کارەبایی بە (3) قۆناغ تەواو دەبێت، هەرچەندە ئێستا پڕۆژەکە چۆتە بواری جێبەجێبونەوە و یەکەمین کەشتی جیهانی لە بەندەر فاو لەنگەری گرت، بەڵام یەکەم قۆناغ لە ساڵی (2028) کۆتایی دێت، دووەمیش لە ساڵی (2023)، و... سێیەم لە ساڵی (2050).

سودانی و ئەردۆغان، سەرپەرشتی واژۆکردنی یاداشتێکی چوار قۆڵیان کرد، هاوشانی ئیمارات و قەتەر، بۆ هاوکاریکردن لە جێبەجێکردنی "پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان» کە لە بەندەری فاوەوە دەستپێدەکات، کە ئاماژەیە بۆ پلانێک بۆ دامەزراندنی تۆڕێکی ڕێڕەوی وشکانی درێژدەبێتەوە بەسەر عێراقدا، بە سوریا یان تورکیادا تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی بگاتە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست.

ڕۆژی پێنجشەمە (2024/11/7) سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی کردنەوەی پڕۆژەی بەندەری فاوی لە پارێزگای بەسرە کرد، کە یەکەمین کەشتی جیهانی لەو بەندەرە لەنگەری گرت، پێنج شوێنی نیشتەجێبوون بۆ بەندەری فاو لە کۆمپانیایەکی کۆری، کە کارەکان جێبەجێ دەکات وەرگرت. لەم بارەیەوە سودانی وتی «عێراق کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئابووری جیهانە و بەشێکی

مێژوویی و ڕێڕەوێکی گرنگە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی».. هەروەها ڕایگەیاند، «ئەو پڕۆژەیە چووەتە ناو ڕێڕەوەکانی بازرگانی جیهانی و ڕێگاکانی گواستنەوە کە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت و گرنگیەکی ستراتیژی گەورەی هەیە بۆ بازرگانی جیهانی و نێودەوڵەتی.»

وتیشی، «پڕۆژەکە چالاکیەکانی وزە و بازرگانی و پەیوەندیەکان و ئاڵوگۆڕی تێدا چڕبووەتەوە، هەروەها بەشدار دەبێت بۆ گۆڕینی عێراق و دەیکاتە وڵاتێکی کراوە بە ڕووی وڵاتانی جیهان و کەنداودا.»

دەشڵێت، «عێراق کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئابووری جیهانە و ڕێگای گەشەپێدان کە لە بەندەری گەورەی فاوەوە دەستپێدەکات، ئابووری زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.»

هەر لەم بارەیەوە پێشتر ئیستەنبوڵ میوانداری لوتکەیەکی نێودەوڵەتی کرد، کە بەرپرسانی تورکیا، ئیمارات، عێراق و قەتەر کۆبونەوە، بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەی «ڕێگای گەشەپێدان»، کە ئامانج لێی بەستنەوەی بەندەری بەسرەیە لەسەر کەنداوی عەرەبی بە تورکیا و دەرەوەی تورکیاوە.

ستراتیژی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی بەشدار

دەبێت لە هاندانی گەشـەی ئابووری و بەرزکردنەوەی پەیوەندیەکانـی هـاوکاری ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی لە ڕێگـەی گەیشـتن بـە یەکگرتنی ئابـوری و هەوڵدان بۆ ئابووریەکی بەردەوام لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

سـەرەڕای ئاسـتەنگیەکان، وەبەرهێنەرانـی نێودەوڵەتـی پاشەکشـەیان نەکـردووە لـە چوونـە ناو بـازاڕی عێـراق کە لە قۆناغـی گواسـتنەوەدایە، عێراق پێنجـەم گەورەترین یەدەگی سـەلمێنراوی نەوتی هەیە لـە جیهانـدا. پشـتگیری بەردەوامی واشـنتۆن هاندەرە بـۆ وەبەرهێنـان لـە عێراقـدا. سـەرەڕای ئاسـتەنگە ئەمنیـەکان، سـعودیە، قەتـەر و ئیماراتیـش کاردەکەن بـۆ بەهێزکردنـی بوونـی ئابوری خۆیان لـە عێرقدا، لە هەمان کاتدا وەبەرهێنانی ڕاسـتەوخۆی چین لە عێراق لە ساڵی (2023) گەیشتە (34) ملیار دۆلار، بەمەش لە پێشـەنگی لیسـتی وەبەرهێنەرانی ئەو وڵاتە دادەنرێت. ئەمانـە نیشـانەیەکی سـەرنج ڕاکێشـن بـۆ وڵاتێک کە لـە مـاوەی دەیـەی ڕابـردوودا دوو شـەڕی گـەورەی ناوخـۆی بەخۆیـەوە بینیـوەو چۆتـە سـەر ڕێـڕەوی پڕۆژەیەکی گەورەی جیهانی.

هەروەهـا قەبـارەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی نێـوان عێراق و تورکیا لە ڕێگەی هەوڵە هاوبەشـەکانی نێوان

هەردوو وڵات گەیشتووەتە (20) ملیار دۆلار، بۆیە حکومەتی تورکیا کار بۆ دامەزراندنی پەیوەندیەکی تۆکمە لەگەڵ عێراق دەکات.

ئێستا وڵاتانی دراوسێی کەنداوی عێراق، یان لانی کەم بەشێکیان، عێراق وەک شوێنێکی ئومێدبەخشی وەبەرهێنان سەیر دەکەن. دوای ئەوەی ئێران و تورکیا بۆ دەیان ساڵ بازاڕی عێراقیان هاوبەش کردووە، پێدەچێت چەند دەوڵەتێکی کەنداو ئارەزووی پەرەپێدانی پەیوەندیە ئابوریەکانیان لەگەڵ بەغدا بکەن.

ڕێگای گەشەپێدان هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان بۆ سەقامگیرکردنی عێراق لەڕووی سیاسیەوەو هەوڵدان لە پێکهێنانی دۆخێکی ئەمن و ئارام و لەبار بۆ سەرمایەگوزاری، عێراق زۆر پێویستی بە هەمەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات هەیە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی تەواوەتی بە داهاتی نەوت، هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، عێراقیش وەک سعودیە و میسر و وڵاتانی دیکەی کەنداو، شاهیدی گۆڕانی بەرژەوەندیە، بەرەو پرۆژەی گەورە و بازرگانی سنور بەزاندنن. بەڵام هەلومەرجێک کە عێراق لە چەند دەیەی ڕابوردودا گوزەرانویەتی، دۆخێکی تەواو لە ناسەقامگیری و گێژاوی سیاسی و

جەنگدا بەسەری بردووە، هەمیشە بەربەست بووە بۆ دامەزراندنی پرۆژەی گەورە بۆ سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان.

بیرۆکەی "گەشەپێدان" جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ناو ناوەڕۆکی گوتاری لایەنەکانی دەسەڵاتداران لە حکومەتی عێراقدا، بەرەو ئاراستەیەک هەوڵئەدرێت کە زیاتر مەیلی بەرەو بازاڕە کراوەکان و تێکەڵکردنی ئابووریە ناوخۆیەکان بە ئابووری جیهانەوە دابین بکات. هەر لەم ئاراستەیەوە هەلومەرجی عێراق پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکە کەدابینی ئاسایش بۆ دامەزراندنی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری بکات، ئەوەی لەم نامیلکەیەدا ئاماژی پێدەکرێت، ئەوە دەست نیشان دەکات کە ئەم پرۆسەیە بەڕێکەوتووەو بۆرجوازی هەوڵئەدات پێداویستیەکانی بەدەست بهێنرێت و کاری لەسەر بکرێت، هەر لێرەشەوە دەتوانین ئەوە بڵێین مەسەلەی سەقامگیری و ئارامی سیاسی دەبێتە پێداویستیەکی زیندو بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە.

بەڵام ئەوەی پێویستە جێگای سەرنجمان بێت، دۆخی سیاسی ناوچەکە بەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززەو لوبنان و وێرانکردنیان، دواتر دۆخی ئاڵۆزی سوریا و کەوتنی دەسەلاتی ئەسەد و

فەراهـەم بونی، دۆخێکی زیاتر لە گێژاوی سیاسـی و ناڕونی ئایندەی سـوریا، ئاشـکرایە کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسـی عێراق و پـرۆژە ئابوریەکانی دەبێت، لەهەمـان کاتـدا دەبێتە پێشـگرتن بە چونە پێشـەوەی خێرای پرۆژەی گەشـە پێدان، بـە تایبەتی کە دەوری تورکیـا و ئێـران وەک دوو جەمسـەر لـەم گێـژاوەدا لەبەرامبەر یەکتردا وەسـتاونەتەوە، کە هەردوو لایان کاریگـەری ڕاسـتەوخۆیان هەیـە لـە دەسـتێوەردانی باری ئابوری و سیاسی عێراقدا.

ئـەوەی لـەم نێـوەدا پێشـبینی دەکرێـت، بـە هـەر باڵادەسـەتی ئاڵۆزی و ناسـەقامگیریەک کە لە ئێستادا سـایەی کـردووە، پێدەچێت دۆخی ناوچەکە بەگشـتی و عێـراق بـە تایبەتـی لە پرۆسـەی ڕێـڕەوی جێگیری سیاسـیدا ببینرێتـەوە، بـەو مانایـەی ئایندەیـەک لـە ئاسـایش بـۆ سـەرمایەگوزاری بێتـە ئـاراوە، کـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دوای چەندین سـاڵ لە شـەڕو ماڵوێرانـی نائەمنـی، پێبنێتـە ناو دەورەیەکـی تازەوە، لە ئاکامی ڕێکەوتنی جەمسـەرە ئیمپریالیەکان لەسـەر نەخشەکێشانەوەی تر بۆ جیۆپۆڵەتیکی ناوچەکە.

هەرلەم بارەیـەوە دەبینین بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەشـار ئەسـەد، سـەرەڕای ناڕوونـی دۆخـی ئەمنی و

سیاسی سوریا، تورکیا کاردەکات بۆ ئەوەی کات بەدەستبهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی کە بەهۆی بوونی ئەسەدەوە ئاستەنگیان بۆ دروست کردبو، لەوانەش پرۆژەی «دۆلفین» کە پرۆژەیەکە بۆ گواستنەوەی غازی قەتەر بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی هەوڵەکانی ئەنقەرە بۆ ڕووخاندنی ئەسەد لە ساڵی (2011)وە، چونکە ڕژێمی بەعس کە نیوسەدە زیاترە لە سوریا دەسەلاتیان بەدەستەوەیە، لەساڵی (2009)وە دژایەتی پرۆژەی دۆلفینیان کردووە.

لە ساڵی (2009) قەتەر دەستپێشخەریەکی بۆ دروستکردنی بۆریەکی (1500) کیلۆمەتر بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە دەستپێکرد، ئامانجی پرۆژەکە دابینکردنی غازی سروشتی قەتەر بوو بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا، کە بەهای وەبەرهێنانەکە بە (10) ملیار دۆلار دەخەملێنرا.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەسەدەوە پەسەند نەکرا، چونکە دەیزانی پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی ڕوسیای هاوپەیمانەیەتی، بەو پێیەی ڕوسیا دابینکەری سەرەکی غازە بۆ ئەوروپا.

پـرۆژەی بـۆری غـازی سروشـتی قەتەر-تورکیـا بڕیار بوو بە سـعودیە و ئوردن و سـوریادا تێپەڕێت، بەهۆی دژایەتی ڕژێمی ئەسەدەوە دواخرا.

دۆخـی بارگـرژی و نالەبـاری سـوریا کـە زیاتـر لـە (10) سـاڵی خایانـد، جێبەجێکردنـی پڕۆژەکـەی مەحـاڵ کـرد، بەڵام بە دوای کۆتایی ئەسـەدو ئەگەری دامەزراندنـی ڕژێمێکـی سـەقامگیر لە سـوریا، تورکیا لەهەوڵـی ئـەوەدا دەبێـت ئەم پڕۆژەیـە ڕوبەڕوی هیچ ئاستەنگیەکی سیاسی نەبێتەوە.! چونکە ئەم پڕۆژەیەو پـڕۆژەی ڕێـگای گەشـەپێدان و پـڕۆژەی ئاوریشـم، پایەی تورکیا لە ناوچەکەدا دەباتە پێشەوە.

ئەتوانیـن بڵێیـن هـەر بـەو مانایـەی کـە تورکیا بۆ دەربازبـون لـەو قەیرانـە ئابوریـەی یەخـەی گرتـووە هەوڵی جدی ئەدات کە ڕۆڵی سەرەکی لە چونەپێشـەوەو سەرکەوتنی ئەو پڕۆژانەدا ببینێت، بە تایبەتی کە توانی لـەم دەورەیـەدا بەشـداربێت لـە پاشەکشـە بـە پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا.

بـۆ دڵنیـا بـون لـە سـەرکەوتنی پڕۆژەکـە، ڕوبەڕوبونەوەو کۆتایی هێنان بەو گێژاوە سیاسیانەی عێراقـی داگرتـووە، لـە بونـی هێـزی میلیشـیای سـەر بەئێـران، بونـی چەنـد لایەنـی ئیسـلامی جیـاواز

لەدەسەڵاتی سیاسیدا، سایەکردنی تاڵانی و گەندەڵی.. خاڵێکی گرنگە بۆ دڵنیایی تورکیا و وڵاتانی بەشداربوی کەنداو، لەوەی عێراق ئامادەیەو توانای چارەسەری دۆخی سیاسی ناوخۆی هەیە، لەلایەکی تریشەوە وەدەرنانی هەرێمی کوردستان لەم پڕۆژەیە نیگەرانی لەسەر بەردەوامی ئەو پڕۆژەیە دروست دەکات.

بەکورتی سەرکەوتنی پڕۆژەکە بۆ ئایندەی بۆرجوازی عێراق گرنگەو چارەنوسسازە، پێگەی هاوسەنگی عێراق لە دنیای سەرمایەداری و ناوچەکەدا دەگۆڕێت و دەیخاتە ئاستێکی باڵاوە، بۆیە بۆرجوازی عێراق پێویستی جدی بەم پرۆژەیە هەیە و ناچارە لە هەوڵی وەلانانی بەربەستەکانیدا بێت. هەر لەم واقعەوە دۆخی چینی کرێکار دەکەوێتە بەرامبەر دەورانێکی تازەوە لە گەشەو چەسپاندنی زالمانەی سەرمایەداری لەسەر کاری بەکرێ و چەوسانەوەی زیاتری کرێکاراندا، کە مەوقعیەتی کرێکاران لە خەباتی ئابوری و سیاسیدا پێویستیان بە جۆرێکی پێشڕەوتر لە ئامادەیی و ڕێکخراوبون و دەربڕینی نارەزایەتی دەبێت دژی سەرمایەو سەرمایەداری.

# (1)

# مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

پرۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدان، دوای قۆناغێکی تایبەتی چەند ساڵەی ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا سەریهەڵداوە. لە سەرەتادا ئەم پرۆژەیە وەک ڕێگەیەک بۆ هێورکردنەوەی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان سەیردەکرا، بە هەوڵدان بۆ نیشاندانی مەبەستی حکومەت بە دەستپێکردنی پرۆژەی گەورە و هەمەچەشنە لە ڕێڕەوی ئابووری عێراقدا، بەتایبەتی کە ئابووری عێراق تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە بەرهەمهێنان و بازرگانی بە نەوت و گاز دەبەستێت. واتە وەک بەشێک لەو قەیرانە سیاسیەی لە ئۆکتۆبەری (2018)وە بەرەو ڕووی دەسەڵاتی سیاسی عێراق بوەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێ ئاڵوگۆڕی شکڵییان لە دەسەڵاتی سیاسیدا ئەنجامدا، لە هەمان کاتدا مەسەلەی پرۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدانی ئابوریش لە نەخشەی حکومەتی عێراقدا حساباتی جدی لەسەرکرا.

لە مانگی ئایاری ساڵی (2023)دا، عێراق پرۆژەی ژێرخانێک کە جۆرێک لە ڕیسک بەخۆیەوە دەبینێ، بێ دودڵی دەستپێکرد، کە بەندەری گەورەی فاو لە کەنداوەوە لە ڕێگەی تۆڕەکانی هێڵی ئاسن و ڕێگاوبانەوە بە تورکیاوە دەبەستێتەوە. ڕێگای

گەشـەپێدان بـە بڕی (17) ملیـار دۆلار پەیوەندیەکی نـویێ لـە نێوان ئاسـیا و ئەوروپادا دروسـت دەکات، ئەم پلانە تەوەری سـەرەکی گفتوگۆی کۆنفرانسێکی یـەک ڕۆژە بـوو لـە بەغـدا، کـە لەلایەن سـودانیەوە ڕێکخرابـوو، وەزیرانـی گواسـتنەوە و بەرپرسـانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، ئێران، تورکیا، سـوریا و ئوردن ئامادەی بوون.

عێـراق پڕۆژەی گواسـتنەوەی بە نـاوی «ڕێگای گەشـەپێدان» پێشـنیار کـرد، کە عێـراق و دەوڵەتانی کەنـداو ئاسـیا بەیەکەوە ببەسـتێتەوە و بـە تورکیادا تێپەڕێت و بگاتە ئەوروپا. ئەگەر ئەم پڕۆژەیە لەسەر زەوی بەرجەسـتە بکرێـت، ئـەوە تەنهـا ڕێڕەوێـک نابێـت، بەڵکو گەشـەی ئابـوری و سـەرمایەگوزاری لە عێراق و ناوچەکەدا دەباتە پێشـەوە و ئاڵوگۆڕێک لە دۆخی سیاسـی دەبێتە پێویستییەک، چونکە ڕۆڵی پێگـەی عێـراق زیـاد دەکات و پەیوەندیەکانـی لەگەڵ وڵاتانـی جۆراوجـۆری عەرەبـی و ناوچەیـی پتەوتر دەکات. ئامانجـی ڕێـڕەوی گەشـەپێدان گۆڕینـی ژێرخانی گواستنەوەی عێراقە، بەگوێرەی ئامارەکانی حکومەتی عێراق، پڕۆژەکە دەبێت دەست پێبکات یان دەستی پێکردووە!

حکومەتی محەممەد سودانی، پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی پەسەند کرد، کە بە ئامڕازێکی شیاو و گونجاوی دەزانێت بۆ خێراکردنی گەشەی ئابووری لە عێراق و پتەوکردنی پەیوەندیەکانی عێراق لەگەڵ بازاڕە جیهانیەکان و دابینکردنی سەرچاوەی نوێی داهات و هەلی کار. هەرچەندە پڕۆژەکە و قۆناغی سەرەتای جێبەجێکردنی، پێش پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی سودانی بووە، بەڵام سودانی بە هەلی زانی پێشوازی لێبکات و خۆشی بکاتە خاوەنی ئەو پڕۆژەیە و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی. هەروەها حکومەتی سودانی هەوڵیداوە و نەیوستووە کە ئەم پڕۆژانە بکێشرێتە ناو پرۆسەی ئەو کێشمەکێش و پرسە سیاسیانەی کە لەبەڕێوەبردنی کارگێری حکومەتەکانی پێش خۆی کاری لەسەرکراوەو بەربەست بون بۆ پڕۆژەکە.

سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، لە دوای سەرهەڵدانی شەڕ لە ئۆکرانیا، قەناعەتێکی گشتی هەیە کە مۆدێلی دووبارە دابەشکردنەوەی سامانی نەوتی عێراق کەموکوڕی تێدایە، قەیرانی سیاسی داهاتوو زۆر گەورەتر دەبێت ئەگەر ئەمە ڕاست نەکرێتەوە.

پشکی سیاسی و دارایی و هاوبەشکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەتی عێراق لە نێوان پارتە دەسەڵاتدارەکان و سەرکردەکانیاندا، دامەزراوەکانی دەوڵەتیان کردووە بە تەکیێەکی تایبەت، بەڵام هەر لایەنێک لە هەوڵی تێکدانی بەرژەوەندیە چەسپاوەکانی ئەم تەکیێیانە بێت، مانەوەی سیاسی خۆی دەخاتە مەترسیەوە. بۆیە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق مەیلیان هەبوو، تەنها هەندێ چاکسازی جێبەجێ بکەن، بەبێ ئەوەی تەحەدای دۆخی ئێستا و تەکیێیەکان بکەن.

سودانی لە هەوڵی چونە پێشەوەی ئەم پرۆسەیەدا، دەیەوێت مۆدێلێک لە سەرمایەداری دەوڵەتی بخاتەڕوو کە تێیدا پرۆژە ستراتیژیەکان وەک گۆڕانکارییەک بە دەور و دەخاڵەتی دەوڵەت سەیر بکرێن. چەندین نمونەی ئەم مۆدێلە لە میسر و سعودیە و تورکیادا هەیە و بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە هەڵسەنگاندنی بەپەلە بۆ پێگە و دەوری دەوڵەت لە گەشەی ئابوری و سەرمایەگوزاریدا دەبەستێت. بە واتایەکی تر ئەم ڕێبازە تیشک دەخاتە سەر بەدەستهێنانی پشتیوانی بنکەی سیاسی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورەوە

کە ئامانجیان گەڕاندنەوەی پێگەی دەوڵەتە، لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکانەوە، کە ئەم وڵاتانە ناتوانن لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریدا پشت بە کەرتی تایبەت ببەستن. بەجیا لەوەش بەتایبەتی کە عێراق دەورانێکی نائارامی سەخت و جەنجاڵی تێپەڕاندوە، هێز و میلیشیاکان و پارچەپارچە بوونی عێراق مانایەکیان بۆ دەوڵەت و حکومەتەکان نەهێشتەوە. سودانی و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگەی پرۆژە ئابورییەکانەوە هەوڵئەدەن کاریگەری خێرایان لەسەر پرۆسەی ئارامبونەوە و جێگیری سیاسی هەبێت، تا هەلی گونجاو و زیاتر بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە ڕێگەی دامەزراندنەوەی باڵادەستی بۆ دەوڵەت و یاسا و دەستور دابین بکەنەوە، هەر بەم مانایەش ناوەند بوونەی حکومەتی عێراق خراوەتە بەرنامەوە و کاری لەسەر دەکرێت.

ڕێڕەوی گەشەپێدان لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا یەکدەگرێتەوە، بەو پێیەی پڕۆژەیەکی ئابوریە کە لە دەوری ئامانجێکی سیاسی پاراستنی دۆخی ئێستادا، بە گەڕان بەدوای ڕێوشوێنێکەوەیە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئابورییەکان لە عێراقدا. ڕێگای گەشەپێدان نەک تەنها ئامانجی بەرزکردنەوەی

بازرگانی نێوان سنوورەکانە، بەڵکو بەو دەمارە نوێیە دادەنرێت کە ڕێگە دەدات خوێنی نوێ بخرێتە ناو  دڵی ئابووری عێراقەوە.

جگە لە تۆڕی ڕێگاوبان و شەمەندەفەر کە بەندەری فاو لە باشووری عێراق لەسەر سنوری عێراق و تورکیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کارگەکان و ۆرکشۆپ لە ڕێگای خۆیدا دادەمەزرێنرێت، کە دەبێتە هۆی هاندانی چالاکیە بازرگانیەکان. بەپێی پلانەکە ڕێڕەوی گەشەپێدان کە زیاتر بە ناوچە بیابانیەکانی دەرەوەی ناوەندە گەورەکانی شارەکاندا تێدەپەڕێت، ڕێگە دەدات قورسایی چالاکیە ئابوورییەکان لە ناوەندە شارنشینەکان دوور بخرێتەوە کە ژێرخانێکی وێرانە، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاندانی دانیشتوان بۆ گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی شارەکان.

ئامانجی حکومەتی عێراق لەپشت پڕۆژەکەوە ئەوەیە، کە بگاتە سەرچاوەی داهاتی تر لە پرۆسەی سەرمایەگوزاری لە عێراقدا، تا لەژێر ڕۆشنایی ئابورییەکی یەکلایەنەدا بێتە دەرەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی داهات و ئابورییەکەی پشتبەستنە بە دەرهێنان و بازارگانی بە نەوتەوە ، چونکە ئەم پڕۆژەی گەشەپێدانە بەشدارە لە

هەمەچەشنکردنی ئابوری ناوخۆیی و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری و بەدەستهێنانی قازانجی دارایی، بەشدارە لە بەدەستهێنانی گەشەسەندنی ئابوری لە سەرتاسەری وڵاتدا، بەتایبەتی ئەو شارانەی کە ڕێگاکە بەلایاندا تێدەپەڕێت.

ئەم پڕۆژەیە، پێکدێت لە ڕێگایەکی زەمینی نێودەوڵەتی، کە درێژیەکەی (1190) کیلۆمەترە، ئەمە جگە لە هێڵی شەمەندەفەری دووانە کە شەمەندەفەرەکان لەسەری دەڕۆن بۆ گواستنەوەی سەرنشین و کاڵاکان، پڕۆژەکە لە بەندەری فاوەوە دەست پێدەکات و بە دە پارێزگای عێراقدا تێدەپەڕێت، دەگاتە ناوچەی فیشخابور، بۆ ئەوەی ببەسترێتەوە بە تۆڕی هێڵی ئاسن و ڕێگاوبانی تورکیاوە.

❊❊❊

هەرچەندە پڕۆژەکە سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کە ڕێڕەوی گەشەسەندن بە هیچ شێوەیەک چەمکێکی نوێ نییە، وەک چۆن عێراق لە زۆر قۆناغی مێژووی خۆیدا، تەماحی فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە دەریا و سودوەرگرتن لە پێگەی جوگرافیای لە باکووری

کەنداوی عەرەبی هەبووە. بیرۆکەیەکی هاوشێوە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا باسکراوە، کە ناوی پڕۆژەی (کەناڵی وشک) بوو، بەو پێیەی عێراق دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی ترانزێتی بازرگانی لە نێوان ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا، هاوشێوەی ڕۆڵی ڕێڕەوی دەریایی بنەڕەتی وەک کەناڵی سوێس، بەڵام ساڵانی درێژخایەنی جەنگ و گەمارۆ ئابورییەکان و دابڕانی نێودەوڵەتی و ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی، نەیانهێشت عێراق ڕێڕەوی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکات.

کۆتاییهاتنی شەڕی تائیفی و شکستی قاعیدە لە ساڵی (2008) و قۆناغێکی سەقامگیری ڕێژەیی لە عێراقدا دەستی پێکرد، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر دروستکردنی بەندەرێکی گەورە لە قەزای فاو، کە دەکەوێتە باشووری پارێزگای بەسرە، کە تاکە شوێنە لە عێراقدا قووڵی دەریای ئەوەندەیە کە ڕێگە بە کەشتیە بارهەڵگرە زەبەلاحەکان بدات لەنگەر بگرن. دەرچەی عێراق بۆ دەریا سنووردارە، بەو پێیەی درێژدەبێتەوە کەناراوەکانی تەنها (58) کیلۆمەتر درێژە، ئەمەش کێشەیەکە کە نیگەرانی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی لێکەوتووەتەوە،

چونکە عێراقی لەو سودانە بێبەش کردووە، کە کەناراوەکان و چالاکیە دەریاییەکان ڕێگەی پێدەدات.

جگە لەوەش دەستڕاگەیشتن بە دەریا بۆ وڵاتێکی هەناردەکاری نەوت زۆر گرنگە کە نایەوێت بەتەواوی پشت بەو بۆریانە ببەستێت کە بە وڵاتانی دیکەدا تێدەپەڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی نائارامی و ناهاوسەنگی. «ئەم کێشەیە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پشت داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حسێنەوە، کە لە ساڵی (1990) وایکرد ئەمریکا هاوپەیمانییەکی سەربازی نێودەوڵەتی پێکبهێنێت بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت و فرسەتێک بوو بۆ سەلماندنی باڵادەستەتی ئەمریکا بەسەر جیهاندا».

لەمڕۆشدا، جارجارە گفتوگۆ دەگەڕێتەوە دەربارەی ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کەناراوەکانی عێراق کە سنووردارە، بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی ناکۆکی لەسەر پرسی سنووردارکردنی سنوورە دەریاییەکان لەگەڵ کوەیت، کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی نوێ لە نێوان هەردوو وڵات لە سێپتەمبەری (2023)دا، هەروەها ئەم بەندەرە لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە «گەراجێکی

گەورە و دەرگایەکی زۆر بچووک» وەسف کراوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا، پەرەپێدانی بەندەری فاو، وردە وردە بوو بە ئامانجێکی ستراتیژی بۆ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کە لە دوای ساڵی (2023)وە بۆ ئیمکانی پڕۆژە ئابوورییەکان وردتر مامەڵەی کراوە، هەروەها بەندەری ئوم قەسر کە (60) کیلۆمەترە لە فاوەوە، بەهرەمەندە لە توانای شوێنی فراوان بۆ دابەزاندنی بەندەر و پانتایی زیاتر بۆ کۆنتێنەر و عەمبارکردن، کە دەتوانرێت تواناکانیشی بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستیەکانی گەورەترین کەشتیەکانی جیهان دابین بکات، بە تێچووی زۆر کەمتر لەوەی کە بە کۆکردنەوەی کەشتیی لە فاو پێویستە.

دواجار ئەو پڕۆژەیە لە ڕووی سیاسیەوە سەرنجڕاکێشە، حکومەتەکانی حەیدەر عەبادی و عادل عەبدولمەهدی و مستەفا کازمی وەک بژاردەیەکی پێشخستنی ئابوری عێراق تەماشایان کردووە. هەروەها پڕۆژەکە بە مۆدێلێکی سەرکەوتوو دەزانرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆڵی عێراق وەک یاریزانێکی سەرەکی لە کەنداودا دووپات دەکاتەوە و کێشەی دەروازە سنووردارەکانی بۆ

دەریا چارەسەر دەکات. لە مانگی جانیوەری (2020)، حکومەت گرێبەستێکی بە بڕی (26) ملیار دۆلاری لەگەڵ کۆمپانیای (Daewoo)ی کۆریای باشوور واژۆکرد بۆ دروستکردنی ژێرخانی بەندەری فاو، لەنێویاندا (15) کیلۆمەتر درێژی شەپۆل شکێن بۆ پاراستنی کەشتیەکان پێکدەهێنێت.

کۆی تێچوی پڕۆژەی بیناسازی بەندەرەکە مەزەندە دەکرێت بە نزیکەی (7) ملیار دۆلار، بەندەرەکە پانتاییەک بۆ کۆنتێنەر لەخۆدەگرێت کە ڕووبەرەکەی دوو ملیۆن مەتر چوارگۆشە دەبێت، جگە لە بینا و کۆگاکان. کەناڵە کۆنکرێتکراوەکە کە پانیەکەی (400) مەتر و درێژیەکەی (24) کیلۆمەترە، بەندەرەکە بە ئاوە قووڵەکانی ناوچەکە دەبەستێتەوە.

لە مانگی سێپتەمبەری (2023) وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاند، قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی گەشەپێدانی ڕێگاوبان لە سەرەتای ساڵی (2025) تەواو دەبێت و ڕێگە بە بەندەرەکە دەدات، ئەتوانێ ساڵانە (20) ملیۆن تۆن کەلوپەل وەربگرێت تا ساڵی (2028)، کە دواتر فراوانتر دەکرێت.

دەستپێکردنی دروستکردنی بەندەرێکی سەرەتایی تەنها لە حاڵەتێکدا جێگای خۆیەتی، کە خواست لەسەر

بڕێکی زۆر کاڵای تێدا دابەزێنرێت بۆ گواستنەوەی بۆ تورکیا و وڵاتانی دیکە، بەناوخۆی عێراقدا تێپەڕێت.

ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی نێوان ئاسیا و ئەوروپا، بەمەش ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ گواستنەوەی کاڵا لە نێوان بەندەری شەنگەهای چینی و بەندەری ڕۆتەردامی هۆڵەندا لە سی و سێ ڕۆژەوە بۆ پانزە ڕۆژ کەمدەکاتەوە. لە ئەنجامدا عێراق دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕێڕەوێکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی کاڵا، کە ئابووری وڵاتەکە زیندوو دەکاتەوە، سەرچاوەی نوێی داهات بۆ دەوڵەت دروست دەکات. پێشبینی دەکرێت داهاتی ساڵانەی بگاتە نزیکەی (4) ملیار دۆلار، لە کاتێکدا کۆی تێچووی پرۆژە کە بە نزیکەی (17) ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

(ڕێگای گەشەپێدان) بەدیلێک بۆ کەناڵی سوێس پێکناهێنێت، بەڵام یارمەتیدەر دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەشەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم پرۆژەیە سیمای سنوورەکانی باشوور و باکوری عێراق دادەڕێژێتەوە و پێویستی تەواوی بە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆو و باڵادەستی دەسەڵاتی

ناوەند دەبێت، سنورەکان بەشێکی دانەبڕاون لە ڕێڕەوی گەشەپێدان، کە بۆ ماوەیەکی زۆر چەقی ململانێ و ناسەقامگیری بوون. بەندەری نوێ، نوێنەرایەتی پێشهاتێکی گرنگ دەکات لە نیمچە دورگەی فاودا، چونکە بەشدارییەکی گەورەی دەبێت لە گۆڕینی دیمەنی ئابوری عێراق و پەیوەندیەکانی بە جیهانەوە، بەهەمان شێوە سنوری نێوان عێراق و تورکیا.

***

حکومەتی عێراق، لە ئێستادا هەوڵدەدات سوود لە کەشوهەوای ئارامی نێوان زلهێزە ناکۆکەکانی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ناوچەیی وەربگرێت، بە مەبەستی بەرزکردنەوە و پتەوکردنی ڕۆڵی عێراق لەبەرامبەر پەیوەندی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ناوچەکە و دەوری عێراق لە خاڵی لێکنزیک بوونەوەی نێوانیان، تا ئایندەی عێراق بە جۆرێکی تر لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریدا بناسێنرێت. واتە لەبری ئەوەی عێراق گۆڕەپانێک بێت بۆ ململانێ و کێبڕکێی نێوان ئێران و تورکیا و سعودیە... کە چەندین ساڵە لەو گێژاوەدایە، بەڵکو ببێتە بەشێکی کاریگەر و سەرەکی لەو پێشهاتانەی کە پێویستە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارامی بۆ سەرمایەگوزاری بەدەستی بهێنێت، بۆیە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی پرۆژەکە، بۆنەیەک بوو بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و ناوچەیی پەیوەندیدار کە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بگونجێت و پێگەی عێراق لەم پرۆژەیەدا ڕوون بێتەوە.

پڕۆژەکە بە یەکێک لە ئامڕازەکانی حکومەتی عێراق دادەنرێت، کە دەتوانێت بەشداری بکات لە فراوانکردنی هاوبەشیە دەرەکیەکانی عێراق و بەبازاڕکردنی میکانیزمەکانی گەشەی جیۆپۆلەتیک لە پێگەی عێراقدا، کە هەوڵی بەدەستهێنان و گەڕاندنەوەی دەدات وەک هێزێکی کاریگەر لە نەخشەی ئابوری و سیاسی ناوچەکەدا.

عێراق کە یەدەگی زۆری نەوت و غازی سروشتی هەیە، خواست و پێویستی بۆ کردنەوەی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بە دۆزینەوەی دەرچەی نوێ لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ ئەوروپا هەیە، بۆیە ڕێڕەوی ئەم پڕۆژەی گەشەپێدانە دەبێتە ئەو دەرچە و دەروازەیە کە ئەو یەدەگانە بگوازێتەوە.

حکومەتی عێراق، هەوڵئەدات لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە زۆر ڕەهەند بەدیبهێنێت، ئەوەی بە

تایبەتی بۆ عێراق گرنگ و حەیاتیە، ڕەهەندی پەیوەست بە دابینکردنی تەواوی سەقامگیریە لە ئاستی سیاسیدا، بەو پێیەی لەلایەن کۆمپانیا هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ دەکرێت، لە ئەنجامی هاوبەشی ئابوری لەگەڵ وڵاتان، ئەم کۆمپانیایانە ناچار دەبن بەشداری بکەن لە بەرزکردنەوەی ئاستی سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا.

هەروەها لەلایەک ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئیمارات و سعودیە بڕیار بدەن هاوکاری عێراق بکەن، بەتایبەتی لە دابینکردنی دارایی پڕۆژەکە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ڕەنگە بەرپرسانی ئیماراتی بڕیار بدەن وەبەرهێنان لەو پڕۆژەیەدا نەکەن، بەهۆی ئەو مەترسیە گەورەیەی کە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش دوژمنایەتیە لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران. بۆیە ئەگەری ئەوە زیاترە کە قەتەر ببێتە هاوبەشی سەرەکی عێراق لە کەنداو لەم پڕۆژەیەدا، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیە دۆستانەکانی لەگەڵ ئێران و بەرژەوەندیەکانی بۆ دامەزراندنی پەیوەندیەکی ئابوری ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا،

هەرلەم بارەیەوە قەتەر ئارەزوی جددی خۆی نیشانداوە بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی سودانی و زیادکردنی وەبەرهێنانەکانی لە عێراقدا.

***

ڕێگای گەشەپێدان، وەک پڕۆژەیەکی گرنگ لەبەر ئەوەی کاریگەری ستراتیژی لەسەر ئایندەی ئابوری عێراق هەیە، ئەشێ دەرفەتێک بۆ حکومەتی عێراق پێکبهێنێت و هاندەرێک بێت بۆ درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی ئەمنی خۆی بەسەر ناوچە پەراوێزەکانیشدا و فراوانکردنی بازنەی دەسەڵاتی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق. دامودەزگا حکومیەکان و هێزە ئەمنیەکان لە ناوچە سنووری و دەوروبەرەکان دەبێت ئامادەیی خۆیان بەهێزتر بکەن بۆ دڵنیابوون لە بەرەوپێشچوونی بێ کێشەی پڕۆژەکە.

جگە لەوەش، ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی نوێ، دەبێتە هۆی خێراترکردنی گواستنەوەی نێوان پارێزگاکانی عێراق و یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشتر تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتر، هەروەها بەرەوپێشبردنی چالاکیە ئابوریە ناوخۆییەکان و پڕۆژە گەورەکان کە سوودمەندن لەم ژێرخانە.

جگە لەوەش پێگەی عێراق لە پڕۆژەی «دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگادا» پرسیاری گرنگی لە ناوخۆی عێراق وروژاند، چونکە چاودێران و چالاکوانان پرسیاریان دەکرد کە ئایا پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پەیوەستە بە خواستەکانی پەکین یان جیابوونەوە لێیان. لە ساڵی (2021) عێراق بووە گەورەترین سوودمەند لەو پارەیەی چین کە تەرخانکراوە بۆ دەستپێشخەری پشتێنەی هەناردەکردنی نەوت بۆ گەڕاندنەوەی قەرز و وەبەرهێنانەکانی چین کە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا بەکاردەهێنرا.

«هەنگاونان بەرەو چین» بووەتە بەشێک لە گوتاری سیاسی هەندێک لە کوتلە سیاسیە عێراقیەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن، کە ئەمەیان وەک ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئەمریکی وێنا کردووە. بەستنەوەی عێراق بە «دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا» و گۆڕینی بۆ ڕێڕەوی بازرگانی بنەڕەتی بۆ چین، بووەتە بیرۆکەیەکی باو لەنێوان هەندێک لە چالاکوانان و کۆمپانیاکان، تەنانەت وەک فیشەکێکی زیوین بۆ گەشەی ژێرخانی ئابوری عێراق وەسفیان کردووە.

لەم نێوەدا یەکێک لەو کێشە دیارانەی کە سەختی بۆ پڕۆژەکە دروستکردووە، کاتێک ڕێگای گەشەپێدان، بەسرە بە بەغدا و موسڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پێش ئەوەی بەرەو سنوری تورکیا بەردەوام بێت، بەتەواوی هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەر دەکات و هەرێم دەخاتە لاوە.

هەڵبەتە ئەوەی لەم بارەیەوە جێگای سەرنجە، فەرامۆشکردن و دوورخستنەوەی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئەم پرۆژەی گەشەپێدانەی ئابوری عێراق. ئاشکرایە کە هەنگاوێکی تەواو سیاسیە و بێ متمانەییە بە حزبەکانی کوردایەتی، کە لە چوارچێوەی هەمان هەوڵداندا بۆ زیاتر ئاوەدانکرنەوەی حکومەتی بەغدا هەنگاوی بۆدەنرێت. لە هەمان کاتدا زیاتر ملکەچکردنی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی تیا دەبینرێت، هەر لەم ڕاستایەشەوە پێگەی حکومەتی هەرێم لاواز و لاوازتر دەکرێت، تا ئەو ئاستەی حکومەتی هەرێم و بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی دەبنە پاشکۆ و کۆنترۆڵی تەواوی نەخشە سیاسی و ئابورییەکانی حکومەتی بەغداد. هەر بەم مانایەش پرۆسەی بچوککردنەوە قەوارەی حکومەتی هەرێم و سنوردارکردنی هێزە میلیشیاکانیان دەچێتە

ناو دەورانێکی ترەوە کە دەبێت یا پاشکۆ بوونی خۆیان لەگەڵ خزمەتکردن بە ستراتیژی ئایندەی سیاسی حکومەتی عێراقدا بگونجێنن، واتە خۆیان ڕادەستی تەواوی سیاسەتی ناوەندبوونەوەی حکومەتی عێراق بکەن، یان دەبێت بکەونەوە دەورانێکی تر لە وەستانەوە بەرامبەر حکومەتی عێراق. بەڵام ئەم حاڵەتی وەستانەوەیە، دوای سێ دەیە لە ئەزمونی حکومڕانی بنەماڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەزمونی سەوداوامامەڵەیان، ئەوە نیشان ئەدات بەهێچ جورێک شانوشەوکەتی ئەوەیان نەماوە جارێکی تر بتوانن وەک ئۆپۆزیسیۆن دەرکەونەوە، واتە جگە لە ملکەچی ڕێگەیەکی تریان لەبەردەمدا نەماوە.

هەر لەدوای ڕیفراندۆمەوە، حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە دەستڕاگەیشتنی هەرێمی کوردستانی عێراق بە جیهانی دەرەوە سنووردار بکات و بیکاتە قەوارەیەکی ئیداری ناوخۆیی. هەنگاوەکان و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لەم بارەیەوە ڕۆشنن. بەتایبەتی پوچەڵکردنەوەی یاسای نەوت و غاز کە لە فێبروەری (2022) بڕیاری لەسەردرا. هەروەها ئەم بڕیارە ڕێگەیدا بە بەغدا، لە بەرامبەر

داهاتی نەوتی پێشووی هەولێر لێپرسینەوە لە بەرامبەر تەرخانکردنی بودجەی خۆی بکات.

لەم نێوەدا ئەوە ئاشکرایە کە عێراق تا ئێستا نەیتوانیوە کۆتایی بهێنێت بە کێشەی نائەمنی و ناسەقامگیری و یەکلایی بوونەوەی ناوەندبوونی حکومەتی ناوەند، هەرچەندە لەم بارەیەوە لە هەوڵێکی سەرسەختدایە، بەتایبەتی هەوڵەکانی لە پچووککردنەوەی قەوارەی هەرێم و کۆنترۆڵکردنی سنورەکان. بەڵام مانەوەی ئەم حاڵەتە بۆ خۆی بەربەستێکە لەبەرامبەر چوونە پێشەوەی ئەو پرۆژەیەدا. هەر لەم بارەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان نارەزایی دەردەبڕێت بەرامبەر بەو پرۆژەیە، چونکە پلانی سەرەتایی بۆ دانانی ڕێگای سەرەکی، هەرێمی لێدەرکراوە کە سنورێکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا هەیە، بەجۆرێک ڕێگاکە بە پارێزگاری نەینەوادا تێپەدەڕێت. دەسەڵاتدارانی کوردی پێیان وایە دوورخستنەوەی هەرێم لەو پلانە، پاڵنەری سیاسی و ئابوری هەیە و ئامانجی لاوازکردنی حکومەتی هەرێمە. مەسرور بارزانی، وەها بانگەواز دەکات کە حکومەتەکەی ڕێگە نادات ئەو لاوازکردنە ڕووبدات. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بارزانی بۆ ئەوەی

پشکێک لەم پرۆژیە بەدەست بهێنێت، وەها نیشان ئەدات کە ڕەنگە مەترسی ئەمنی بۆ سەر پرۆژەکە دروست بکەن، یان تەنانەت ڕێگری لە بیناسازی لە ناوچەکانی نزیک لە هەرێم بکەن. بەڵام ئەوەی تاچەند مەسرور ئەو بانگەوازەی بۆ جێبەجێ دەکرێت، جێگای پرسیارە، چونکە ئەتوانین بڵێین هەروەک دەورانی بانگەشەیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕفراندۆمەکەیان دەردەچێت کە بە ڕیسوایی و بە زوویی پاشەکشەیان لێکرد و کەوتنەوە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ باوەشی حکومەتی ناوەندی.

گەر شتێکی لەو چەشنە پێشهات، بەمەش ڕێگای گەشەپێدان لەبەرامبەر جۆرێک لە ناسەقامگیری بەرەوڕو دەبێت. لە هەمان کاتدا (پەکەکە) کە لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا و ئەودیوی سنوورەکانی سوریا بوونی بەهێزی هەیە و لەگەڵ حکومەتی تورکیا لە ململانێدایە، ئەگەری ئەوە هەیە ڕێگری لە کاری بیناسازی بکات یان کە پرۆژەکە تەواو بوو، گرفت لەسەر کاری گواستنەوە دروست بکات.

❊❊❊

ئەگەر سەرکردەکانی عێراق پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان تەنها وەک چارەسەرێکی ئەفسوناوی

لەبەرامبەر گێژاوی سیاسی و کێشە زۆرەکانی ئێستای عێراق سەیر بکەن، لەم بارەیەوە ئەوەی پێویستە جێگای سەرنجمان بێت و لێکدانەوەی دروستی لەسەر بکەین، خودی ئەو کێشانەی کە ئێستا یەخەی نائارامی دۆخی سیاسی عێراقی گرتووە، دەتوانین بڵێین بۆ خۆیان بەشدارن لە ڕێگریکردن لە پرۆژەکە، یان ڕاگرتنی جێبەجێکردنی. واتە تەشەنەکردنی گەندەڵی فراون و کێشەی نێوان حزبە ئیسلامی و تائیفیە میلیشیاکان لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا، دەبێتە هۆی بەربەست لە جێبەجێکردنی پرۆژە گەورەکان لە عێراقدا، بەو مانایەی بەردەوامییە بە نائەمنی بۆ سەرمایەگوزاری، هەروەها دەستبەسەرا گرتن و دزین و خستنەلاوەی بەشێکی زۆری ئەو بڕە پارە زۆرانەی کە پێویستن و تەرخان کراوە بۆ خەرجی پرۆژەکە، گورزی گەورە لە جێبەجێ بوونی پرۆژەکە ئەدات.

لە هەمان کاتدا کێشەی نەبوونی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی، ڕەنگە نەک تەنها ڕێگری لە تەواوکردنی پرۆژەکان بکات، بەڵکو ڕەنگە سەرمایەگوزاری و کڕیار و وەبەرهێنەرانیش دوورخاتەوە.

هەروەها کێبڕکێی توندی جیۆئابوری و جیۆپۆلەتیکی لەسەر پرۆژەکانی ڕێڕەوی بازرگانی

ناوچەیـی، ئەو مانایـەی لێدەبێتەوە کە هەندێک وڵات یـان دژایەتـی ڕێـڕەوی گەشـەپێدان دەکـەن یان بێ پشتیوان دەمێننەوە.

تاڕادەیـەک جـۆری لاوازی حکومەتـی عێـراق لەجێخسـتنی تـەواوی ناوەندبونـەوەی عێراقـدا و بوونـی کوتلـە چەکـدارە بەهێـزەکان کـە زۆربەیـان مێـژوی زەوتکردن و گەندەڵییان جێخسـتووە، ڕەنگە ببێتـە بەربەسـتێکی ڕاسـتەقینەی زیـادە لەبـەردەم سـەرکەوتنی پڕۆژەکەدا. هەروەها هەندێک لە گروپە چەکدارەکانی هاوپەیمان لەگەڵ ئێران کە ئامادەییەکی بەهێزیـان لـە باکـوری عێـراق و لـە سێگۆشـەی سـنووری عێراق-سـوریا-تورکیا دامەزرانـدووە، ڕەنگـە مەترسـی ئەمنـی دروسـت بکـەن، چونکـە بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ کاردەکـەن و هەندێکجاریش تەحـەدای سیاسـەتی حکومـەت دەکـەن، وەک لـە هێرشەکانیاندا دەرکەوتووە کە هێزەکانی ئەمریکایان کـردە ئامانـج، بۆیە ئـەم گروپانە دەتوانـن کارەکانی گواستنەوە بخەنە مەترسییەوە.

شایانی باسە کە بەشێک لە میلیشیاکانی لایەنگری ئێـران بـە هـاوکاری لەگـەڵ پەکەکـە، تـۆڕی قاچـاخ بەدرێژایی سنووری عێراق و سوریا بەڕێوەدەبەن.

بەو پێیەی کە هێشتا پاشماوە چەکدارەکانی داعش لـە ناوچەکانی نزیک سـنوور چالاکـن، ڕەنگە لاوازیە سروشتیەکانی پڕۆژەکەش بقۆزنەوە بۆ دەرکێشانی پارە لە دەوڵەت.

ناکۆکـی لەسـەر سـنووورە دەریایەکانـی نێـوان عێـراق و کوەیـت، لەوانەیـە ببێتە هۆی سـەرهەڵدانی ململانێیەکـی نـوێ لـە هـەر کاتێکدا، کـە سـەلامەتی هاتوچـۆی کەشـتیوانی لـە کەنـداوی عەرەبـی بخاتە مەترسیەوە و ئاستەنگیەکانی بەردەم پڕۆژەی ڕێگای گەشـەپێدان زیـاد دەکات. بەڵام ڕەنگە ئـەو پڕۆژەیە هاندەرێک بێت بۆ بەغدا کە هەوڵی چارەسـەرکردنی کێشەی دەریایی لەگەڵ کوەیت لە ڕێگەی دانوستانەوە بـدات. پێدەچێـت گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێک سـوودی بـۆ هـەردوو وڵات هەبێـت، و پاڵیـان پێوەدەنێـت بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لە پڕۆژەکانی گەشـەپێدانیان لـە ناوچەکـەدا نـەک ڕکابـەری ناوەنـدی بازرگانـی ئـازادی دەریایـی. ئـەم جـۆرە هاوکاریـە دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لـە کەمکردنـەوەی تێچونەکانـی وڵاتان و هێورکردنەوەی گرژیەکان لەسـەر سنووورە دەریاییـەکان، کـە لـەم بارەیـە سـودانی دڵنیایـی و نەرمییەکی زۆر لەگەڵ کوەیت بەخەرج ئەدات.

بەدامەزراوەکردنی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە، ڕەنگە بە پێکهێنانی دەستەیەکی هەمیشەیی بە سەرۆکایەتی سودانی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە بکرێت و ئەو کێشانەش چارەسەر بکەن کە ڕەنگە سەرهەڵبدات. هەروەها بە جیا لەدەوری حکومەت لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، جۆرێک لە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت دادەنرێت، هەرچەندە حکومەتی عێراق وەها نیشان ئەدات ئەوپەڕی گرنگی بە شەفافیەت دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ پڕۆژەکەدا. بەڵام ئەمە بەس نابێت، مەگەر لەگەڵ سەرکەوتنی حکومەت لە دەستەبەرکردنی پشتیوانی سیاسی بەردەوام بۆ ڕێڕەوی گەشەپێدان و دەستەبەرکردنی بودجەی پێویست بۆی، کە پێویستی بە خستنەڕوی ئارگیومێنتی بەهێز و قەناعەتبەخشە لە بەرژەوەندی پڕۆژەکە بە ئامانجی ڕەواندنەوەی گومانەکان لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی کە ئەتوانین تا ڕادەیەک پشتیوانی دەوری پێکهاتەی حکوماتی عێراق کە «چورچێوەی هەماهەنگی» بەڕێوەی دەبات لەم بارەیەوە ببینین. سودانیش لەسەر بنەمای ئەو پشتیوانییە، هەوڵ ئەدات پێشڕەوی ئەو پڕۆژەیە بێت و بەسەرکەوتنی

بگەیەنێت. بەڵام دەبێت ئەوەش ڕۆشن بێت کە ئەم پڕۆژەیە لەلایەک کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ و مانگ و دوو مانگ و ساڵ و دوو ساڵ نییە... لەلایەکی ترەوە پڕۆژەی تایبەتی سودانی و حکومەتی عێراق نییە، ڕێڕەو و ئاراستەیەکە بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری، کە دوای پاشەکشە و شکستی ستراتیژی ئەمریکا و کێشمەکێشێکی بەرفراوانی وڵاتانی زلهێزی دنیا لەم ناوچەیەدا بە قەیران و بن بەستێک گەیشتووە. بۆیە ئەم ئاراستەیە بۆتە پێداویستییەک، پێویستی بەوەیە کۆتایی بەو گێژاوە بهێنێت و بڕواتە دەورانێکی ئارامیەوە، ئەم پڕۆژەیە گەر سودانی و حکومەتی ئێستای عیراقیش تیا سەرکەوتوو نەبن، هەر ناوەستێت بەڵام دوادەکەوێت.

گەورەترین دەستکەوت بۆ ئابوری عێراق لەم پڕۆژەیە پەرەپێدانی کەرتی وێرانبوی گواستنەوەیە، کە لەگەڵ خۆیدا گەشەسەندنێک لە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتیاری، و کەرتەکانی دیکەدا دەهێنێت کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا گەورەتین زیانیان بەرکەوتووە.

ئەم پڕۆژەیە لە ڕێڕەوی ئەو بارودۆخەدا زیاتر مانا پەیدا دەکات، کە هەوڵێکی جدی هەیە لەسەر ئایندەی هێوەرکردنەوەی دۆخی پڕگێژاو و ناسەقامگیری سیاسی چەندین ساڵەی عێراق و کوردستان بەتایبەتی و ناوچەکە بە گشتی، کە ناوچەکە دەخاتە دەورانێکی تەواو جیاواز و ئاڵوگۆڕەوە، هەوڵێکە بۆ دامەزراندنەوەی ناوچەکە لەسەر ڕێڕەوی دابینکرنی دۆخێکی گونجاو لە دابیکرنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری. ئەم ئاڕاستەی ئارامبونەوەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆسەیەکە لە لایەن وڵاتانی سەرمایەداری گەورەی جیهانیەوە بە جدی وەرگیراوە و کاری لەسەر دەکرێت.

حکومەتی سودانی لەڕێگەی هەوڵدانی بۆ سەرکەوتنی بەسەر ئەم پڕۆژەیەدا بە دەوری کابینەکەی، هەوڵئەدات ببێتە دەستکەوتێک بۆی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی جدیەتی سودانی نیشان ئەدات لە گرتنەبەری بەرنامەیەکی گەشەپێدانی گەورە، کە هەوڵئەدات دۆخی ئابوری وڵات گەشەپێئەدات، کە لە هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا ئەگەری پاراستنی پێگەی سودانی زیاتر دەکات.

❊❊❊

ئەگەر حکومەتی عێراق بەڕاستی بتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت، لەگەڵ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا چەندین سوود و دەستکەوت بەدەستبهێنێت، کە دەکرێت بەمانەی خوارەوە نوێنەرایەتی بکرێت:

- پێشبینی دەکرێت، ئەم پڕۆژەیە قازانجی ساڵانە بۆ عێراق بەدەستبهێنێت کە بە زیاتر لە چوار ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.
- لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، ئەگەری ئەوە هەیە عێراق ببێتە وێستگەیەکی بازرگانی بنەڕەتی و وێستگەیەکی گرنگی گواستنەوە لەنێوان وڵاتانی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپادا، ڕێگەش دەدات کاتی گەشتە دەریاییەکان لە (33) ڕۆژەوە بۆ (15) ڕۆژ کەمبکرێتەوە.
- پرۆژەکە هۆکار و پاڵنەرەکانی یەکگرتنی ئابوری بۆ زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە دابین دەکات، لەوانە دەرفەتی وەبەرهێنان، بەرزکردنەوەی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان، بەهێزکردنی هاوبەشی سیاسی و ئابوری، هەروەها ڕێگە خۆشکردن بۆ هاوکاری لە بواری وزە و ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگە ژینگەییەکان.

- کەرتی گواستنەوە لە عێراقدا وێرانە، بۆیە ڕێگاوبانەکان دروستدەکرێن بە ئامرازەکانی گواستنەوەی هاوچەرخ کە پڕۆژەکە پێویستی پێیەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتیاری، و کەرتەکانی دیکە.

- جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بوژانەوەی ئابوری و بازرگانی بە ڕەخساندنی هەزاران هەلی کار، بەتایبەتی کاتێک شاری فاو دەگۆڕدرێت بۆ شارێکی پیشەسازی گەورە کە ڕەنگە زۆرێک لە کارگە نێودەوڵەتیەکان بۆی بگوازرێنەوە ئامادەیی بۆ گواستنەوەی ژمارەیەک کارگە بۆ فاو بۆ ئەوەی سوود لە مەودای کورت و بوونی هێزی مرۆیی وەربگرێت، بەتایبەتی کە عێراق بەشێکە لە حەوزەی کاری هەرزان وەک هەر ناوچەیەکی ئەو حەوزەیە گەر ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری دابین بکرێت، سەرمایە گوزاری بە قازانج و سودێکی بێ شومارەوە بەڕێوەدەبرێت.

- پڕۆژەکە پلانی پاککردنەوەی ئاوی دەریایی بەسرە لەخۆدەگرێت، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ خزمەتکردنی کەرتی ئاو لە عێراق کە چەند ساڵێکە بەدەست قەیرانی ئاوەوە دەناڵێنێت.

– پلانی پڕۆژەی ڕێگاوبان بریتیە لە دروستکردنی شارە پیشەسازیەکانی نزیک لێیەوە، هەروەها دامەزراندنی شارە نوێیەکانی نیشتەجێبوون لەگەڵیاندا کە (10 بۆ 20) کیلۆمەتر لە ناوەندە گەورەکانی شارەکانەوە دوورن، ئەم شارانە بەشدار دەبن لە کەمکردنەوەی نرخی بەرزی خانووبەرەی نیشتەجێبوون و چڕی دانیشتوان قەیرانێک کە وڵاتەکە لە ساڵانی ڕابردوودا شاهیدی بووە.

***

وەزیرانی گواستنەوە، یان نوێنەرەکانیان لە چەند وڵاتێکەوە بەشداریان لە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی فەرمی ڕێڕەوی (گەشەپێدانی ستراتیژی عێراق) کرد، کە لە (27)ی ئایاری (2023) لە بەغدا بەڕێوەچوو، کە پێک هاتبون لە (سعودیە، ئیمارات، کوێت، قەتەر، عومان، ئوردن ، سوریا، تورکیا، و ئێران)، هەروەها نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا و بانکی نێودەوڵەتیش بەشدار بون.

بانکی نێودەوڵەتی، و نوێنەرەکەی لە کۆنفرانسەکەدا ڕایانگەیاند کە: «ڕێگای گەشەپێدان دەبێتە هۆی زیادکردنی پەیوەندی نێوان عێراق و وڵاتانی ناوچەکە»، هەروەها وتیان «پڕۆژەی ڕێگای

گەشـەپێدان دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ڕێـژەی دەردانـی پیسـبوون». جەختـی لـەوە کـردەوە کـە: «بانکـی نێودەوڵـەتی پابەندە بە پاڵپشـتیکردنی عێراق لە مۆدێرنکردنی ژێرخانی وڵاتەکەیدا و ڕەخسـاندنی هەلـی کاردا»، بەتایبەتـی کـە عێـراق هێزێکی زۆری یەدەکـی ئامادەبـەکار لـە بێـکاران لەخۆدەگرێـت و بەکەمترین کرێ ئامادەن کاربکەن.

ئەوەی شـایانی باسـە چین زیاتر ئارەزووی خۆی بـۆ پڕۆژەی «ڕێگای گەشـەپێدان» نیشـانداوە، نەک تەنها بۆ بەدەسـتهێنانی گرێبەسـت بۆ دروسـتکردنی ڕێگاکە و دروستکردنی پرد و ڕاکێشانی هێڵی ئاسن، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەکی دیکە بۆ ڕۆیشتنی کاڵای چینـی بـەرەو ڕۆژئاوا و گەیشـتن بە ئەوروپا، بە کەمترین تێچوون و زۆرترین قازانج.

سەرچاوە عێراقیەکان ئەوەیان ڕاگەیاندوە، پەکین پەیوەنـدی چڕوپـڕی لەگـەڵ بەغـدا دەسـتپێکردووە بـۆ خسـتنەڕووی پێشـنیازی کـرداری جێبەجێکردن سـەبارەت بـە بەشـداری چیـن لـە پڕۆژەکـەدا، کـە ئێسـتا لە نێـوان لایەنی تورکیا و عێـراق هەماهەنگی دەکرێت. سەرچاوە عێراقیەکان ڕونیشیان کردۆتەوە، کـە باڵوێـزی چیـن لـە بەغـدا، لەلایـەن وڵاتەکەیەوە

ڕاسپێردراوە بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنی عێراقی سەبارەت بەو پڕۆژەیە. چین سوودی زیاتر پێشکەش بە لایەنی عێراقی دەکات بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕێگاکە بە وێستگەی ئابووری لە شێوەی شارە بچووکەکانی پڕ لە ئاسانکاری و دوکان و ناوەندی ڕۆشنبیری و کات بەسەربردن.

پەکین بۆ ئەوەی بچێتە هێڵی کێبڕکێی نێوان سێ جەمسەرەکە بۆ کاریگەری لە عێراقدا، کە ئێران، ئەمریکا و تورکیایە، دریغی نەکردووە لە بەکارهێنانی شێوازی توند و چڕ لە کێبڕکێدا. هەروەها چینیەکان حساب بۆ سەرخستنی ژمارەیەک سەرکردەی عێراقی دەکەن کە سەر بە پارتە شیعەکانی دڵسۆز بە ئێرانن، چونکە لە ئەنجامدا بۆ دژایەتی دەور و کاریگەری ئەمریکایە لە عێراق و ناوچەکەدا.

هەروەها داگیرکاری ئیسرائیل لەسەر غەززە، سێبەری کاریگەر بەسەر پێشهاتە سیاسی و ئابوریە نێودەوڵەتیەکان داناوە، ناوچەی دەریای سوور شایەتی پەرەسەندنی حوسیەکان بوو بۆ ڕێگریکردن لە تێپەڕبوونی کەشتیەکان، بەم شێوەیەش ڕێگای دەریایی بە دەریای سووردا کەوتە مەترسیەوە، ئەمەش وایکردوە بەندەری فاو و ڕێگای گەشەپێدان

ببێتە پێویستیەکی بەپەلە بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و یەکێتی ئەوروپا.بەگوێرەی لێدوانەکانی وەزیری گواستنەوەی عێراق، لایەنی تورکیا عێراقی ئاگادار کردۆتەوە کە فشارێکی زۆر لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە هەیە لەسەر پێویستی خێراکردن لەگەڵ عێراق لە تەواوکردنی ڕێگەی گەشەپێدان بە خێرایی، بەهۆی پچڕانی کەشتیوانی لە دەریای سوردا.

***

لە ڕێگەی ئەو پڕۆژانەی چین، هندستان، عێراق، تورکیا و وڵاتانی کەنداو... لەناوچەکەدا کە لەڕێگەی دارشتنی پڕۆژەی ئاسانکردنەوە و خێراکردنی گوستنەوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەدرێت، دواتر وەک شانەی هەنگ چەندین تۆڕی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و بازرگانی دائەچنن و فراوانتر دەبێت، لە هەمان کاتدا بازارێکی گەورە بۆ فرۆشتنی هێزی کاری هەرزان دەرەخسێنن.

ڕۆشنە کە ناوچەکە لە پرۆسەیەکدا دەخاتە دۆخێکی تەواو جیاواز بەکۆتایی هێنان بە دەورانی جەنگ و ناسەقامگیری سیاسی و فەراهەم هێنانی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ سەرمایەگوزاری و کەڵەکەی زیاتری سەرمایە.

دروستکردن و زیادکردنی هەلی کار ئەو بانگەوازەیە کە سەرمایەداران و حکومەتەکان وەک مژدەیەک بانگەوازی بۆ دەکەن و بە خەڵکی بێکار و هەژار و نەداری ناوچەکەی دەفرۆشنەوە، لەبەرامبەر ئەو دۆخە نالەبارەی کە هەر ئێستا دۆزەخێکی وەهایان بۆ ئەو خەڵکە خوڵقاندوە، تاریکاییەکیان لە پانتاییەکی فراواندا چەسپاندووە کە ئەو خەڵکە ناتوانن هەناسەی ئومێد بۆ ژیانێکی باشتر هەست پێبکەن و بۆنی ئاسودەیی و ژیانێکی خۆشگوزەران پێشبینی بکەن.

بۆیە ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری نەک مانای ئەمنیەتی کرێکاران و بێکاران و خەڵکی هەژار و نەدار و برسی ناوچەکە نییە، بەڵکو هەلی کار بۆ ڕێژەیەک لە بێکاران بە مەرجی کاری هەرزان و تاقەتپروکێن و نائینسانی دەکاتە دیاری بۆ بەشێک لە لەشکری بێکاران.

ئەم دۆخەی کە بەناوی ئارامی بۆ سەرمایەگوزاری دێتە ئاراوە، ئازادکردنی بازاڕی کاڵای سەرمایەدارانە کە لەپێش هەمو شتێکەوە، بەردەوامی بەو دۆخە ئەدەن کە بازاڕی کاری هەرزان سەرسەختانە ڕاگرن، لەژێر سایەی

سیستمی ئەو بازاڕە ئازادەدا گەر بۆیان بلوێت کرێی کار هەرزانتریش دەکەن.
هاوکاتی ئەو دۆخی ئاڵوگۆڕەی کە سەرمایەداران و حکومەتەکانیان پێشوازی لێدەکەن و بەرنامەڕێژی لەسەر دەکەن بۆ کەڵەکەی سەرمایە، پێویستە هێزی کرێکاران و ڕیزی بەرینی بێکاران بە ئامادەییەکی پێشوەخت و بەرنامەڕێژییەوە پێشوازی لەو دۆخە تازەیە بکەن، بەهیچ جۆرێک ڕێگە بە مامەڵەی کاری هەرزان نەدەن، سەعاتی کار ٣٥ سەعات زیاتر نەبێت لە هەفتەیەکدا، مەرجدارکردن بۆ دابینکردنی شوێنی ژیان، دابینکردنی سەلامەتی کارو تەندروستی... بەڕەسمی ناساندنی تەواوی مافەکانی کرێکاران و بێکاران.. بەهێزی یەکگرتویی و بوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری و هاوکاری و هاوخەباتی تەواو کرێکارانی ناوچەکە و ئامادەیی بۆ خۆ ڕێکخستن و شێوازی گونجاو بۆ نارەزایەتی لە بەرنامەیاندا بێت.
حزب و لایەنە کۆمۆنیست و ئازادیخواز و ئینساندۆستەکان، پێویستە بە ئامادەییەوە لەم هەلومەرجی ئاڵوگۆڕانەدا ڕووبەڕووی بەرنامەڕێژی سەرمایەداران و حکومەتەکانیان ببنەوە و ڕۆڵێکی پێشڕەوانە ببینن لە بەهێزکردنی ڕیزی خەباتی

کرێکاران و بێکارانی ناوچەکە و پشتیوانی و بەڕێخستنی خواستەکانیان، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ئاستی خەباتی سیاسی و ئابوری کرێکاران. خەباتێک کە بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسەنگی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ناو هاوکێشەی سیاسی و کێشمەکێشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بچەسپێنێت.

**بۆ نوسینی ئەم وتارە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراون:**


- طريق التنمية في العراق: الشؤون الجيوسياسية، والريعية، ../ حارث حسن
- مشروع طريق التنمية في العراق.. ما له وما عليه/ د. مثنى العبيدي
- ط.ريق التنمية وأثره في الاقتصاد العراقي/ د. سعد رعد الحميري
- طريق التنمية: رؤية العراق المستقبلية/ فيض الله تونا آيگون
- طريق التنمية في العراق: لا مكان لكردستان؟/ د. سردار عزيز
- طريق التنمية خطوة مهمة لتطوير الاقتصاد العراقي/ د. فراس حسين علي الصفار
- تساؤلات بريطانية عن «طريق التنمية»../ شفق News
- من الفاو إلى فيشخابور: الأبعاد الجيوسياسية والاقتصادية لمشروع «طريق التنمية» العراقي، وف□رص نجاحه/ مركز الإمارات للسياسات
- طريق التنمية ي□لحق الصين بمجموعة القوى المتنافسة/ صحيفة العرب https://alarab.co.uk

(2)

# ئاڵوگۆڕ لە ڕێگەی پرۆژە ئابورییەکانەوە

لە (22)ی نیسانی (2024)، وەزیری گواستنەوەی تورکیا و عێراق و قەتەر و ئیمارات لە بەغدا واژۆی یاداشتێکی چوارلایەنەیان کرد، سەبارەت بە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی ستراتیژی، بە ئامادەبونی ئەردۆغان و سودانی.

پڕۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدان نوێنەرایەتی یەکێک لە پڕۆژە ستراتیژیەکانی گواستنەوەی نێوان ئاسیا و ئەوروپا دەکات، جێگاوڕێگای جیۆپۆلەتیکی عێراقیش ئەوە نیشان دەدات کە ئەم پڕۆژەیە بۆ زیاتر تێکەڵکردنی عێراقە لەگەڵ پڕۆژە ستراتیژیە ناوچەییەکان.

ئەم پڕۆژەیە کە پشتگیری لە چین وەردەگرێت، دەچێتە ناو کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتیەوە، بەئاشکرا کێبڕکێی پڕۆژەی ڕێڕەوی ئابووری دەکات، کە لەلایەن بایدن سەرۆکی ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێت، بۆ بەستنەوەی هیندستان، کەنداو و ئەوروپا لەڕێگەی بەندەری حەیفای ئیسرائیلەوە.

پڕۆژەی ”ڕێگای گەشەپێدان“ ئامانجی بەستنەوەی کەنداو، بە ئەوروپایە، لەڕێگەی تۆڕێک لەڕێگەی وشکانی و هێڵی ئاسنین کە درێژیەکەی

(1190) کیلۆمەتری لە خاکی عێراقدایە و لە فیشخاپور لە باکووری عێراق کۆتاییدێت، لەڕێگەی ڕێگاوبان و تۆڕی شەمەندەفەری تورکیاوە دەچێتە ئەورووپا. بەندەری فاو وەک خاڵی دەستپێکی پرۆژەکە هەڵبژێردرا بەهۆی قووڵیەکەیەوە کەڕێگە بە کەشتیە گەورەکانی بارهەڵگر دەدات بەکاریبهێنن.

پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان کە تورکیا بە کەنداوەوە دەبەستێتەوە، بەڕوونی ڕکابەری پرۆژەی ڕێڕەوی "هیندو- کەنداو-ئەورووپا" دەکات. هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا وتی: "کۆریدۆرەکان... «ی ووزە و گواستنەوە، ناتوانرێت لە ناوچەکەدا کارا و بەردەوام بێت بەبێ بەشداریکردنی تورکیا.

واژۆکردنی ڕێکەوتنی «ڕێگای گەشەسەندن» هاوکاتە لەگەڵ پەرەپێدانی هاریکاری ئەمنی نێوان بەغدا و ئەنقەرە، دژ بە بوونی پەکەکە لە باکووری عێراق، هەروەها فشارەکانی ئەنقەرە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان ئەو حزب و لایەنە عێراقیانەن کە پەیوەندیان بەئێرانەوەیە. گرنگی ئامانجی جیۆپۆلەتیکی ئەم پرۆژەیە لەئایندەدا لەلایەک دەبێتە دورخستنەوەی عێراق لە

کایەی نفوزی ئێران، لەلایەکی ترەوە بەرزکردنەوی نفوزی تورکیایە لە عێراقدا و دامەزراندنی پەیوەندیەکی پتەوترە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بەتایبەتی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە لەباری عەمەلی و ئابوریەوە تورکیا زیاتر بە ئەورووپاوە گرێ ئەدات، بۆیە تورکیا گرنگیەکی تایبەت بەم پرۆژەی گەشەکردنە نیشان دەدات، لەهەمانکاتدا پەیوەندی لەگەڵ بارزانی دەچێتە خانەی فەرامۆشیەوە.

پێش واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی چوارقۆڵی لەسەر ڕێڕەوی گەشەپێدان، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق قەدەغەکردنی پەکەکەی ڕاگەیاند، دوای کۆبوونەوەی سیاسی و ئەمنی چڕ لە نێوان لایەنی تورکیا و عێراقی، کە باس لە گەیشتن بەڕێکەوتنێکی تۆکمەی ئەمنی کراوە، کە ئاسایشی ئاو و هاوکاری دژی داعش لەخۆدەگرێت.

قەتەریش شەریکێکی ستراتیژی تورکیایە، دۆحە بەڵێنی بە بەغدا داوە، کە (10) ملیار دۆلار وەبەرهێنان بکات لە دابینکردنی دارایی پرۆژە و خزمەتگوزاریەکانی ژێرخانی عێراق، ئەمەش لەچوارچێوەی پلانەکانە بۆ بەرزکردنەوە و هەمەچەشنکردنی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی.

واپێدەچێت لە داهاتوودا پرۆژەکە ڕێگە بە دروستکردنی هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و گاز لە کەنداو و عێراقەوە بۆ ئەوروپا بدات، کە بەشداری دەکەن لە گواستنەوەی غازی قەتەر بۆ ئەوروپا، و لەگەڵ ستراتیژی یەکێتی ئەوروپادا یەکدەگرێتەوە بۆ وازهێنان لە غازی ڕووسیا.

ئەگەری ئەوە هەیە کە چەند ئاستەنگێک بەرەوڕوی "ڕێگای گەشەپێدان" بێتەوە، ئەویش وەک زاڵبونی گەندەڵیەکی بەرفراوانە لەسیستمی حوکمرانی عێراقدا، کە کێشەیەکی گەورەیە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، هەروەها نائارامی سیاسی و ترس لە سەقامگیری دۆخی ئەمنی عێراق، لەلایەکی تریشەوە ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان هەولێرو بەغدا، بەتایبەتی کە لە بارەی ئەم پرۆژەیەوە هیچ جۆرە باس و ڕێکەوتنێک لە گەڵ هەرێمدا نەکراوە.

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کۆماری ئیسلامی ئێران لەڕێگەی ئەو هێزە میلیشیاییانەی لەعێراقدا پاشکۆی خۆیەتی، پەنا بۆ بەربەست خستنە بەردەم ئەو پرۆژەیە ببات.

کێشەیەکی تریش مەسەلەی تێچونی کەمی

گواستنەوەی دەریایی بە بەراورد بە گواستنەوەی زەمینی، بەو پێیەی ڕێگایەکی گەشەپێدانی فرە شێوازە، و پێویستی بە بارکردنی کۆنتێنەر هەیە لەسەر کەشتیەکان بۆ بەندەری فاو و دواتر بارکردنیان لەڕێگەی وشکانیەوە لەڕێگەی بارهەڵگر یان هێڵی ئاسن، ئەمەش پێویستی بە تێچونی کارپێکردنی زۆر هەیە بە بەراورد بە کەشتیوانی لەڕێگەی کەناڵی سوێسەوە. هەرچەندە لەڕووی کاتەوە سوودێکی بەرزی کێبڕکێی دابین دەکات، چونکە ماوەی گواستنەوەی کەشتیوانی نێوان ئاسیا و ئەوروپا کورت دەکاتەوە بۆ نزیکەی نیوەی کاتی ئەوەی کە ئێستا لەڕێگەی کەناڵی سوێسەوە دەکرێت.

ڕێڕەوی ئەم پرۆژانە کە بەدوای سی ساڵ زیاتر لە ناسەقامگیری و گێژاوی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەدا قسەیان لەسەر دەکرێت و دەچێتە بەر پرۆسەی جێبەجێبونەوە، نیشانەی هاتنەپێشەوەی دەورانێکی ترە، دەورانێک کە شکستی میلیتاریزمی ئەمریکا و پاشەکشەی لە ناوچەکە، هەروەها کۆتایی ئەو جەنگانەی باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، لەلایەکی ترەوە مانای ڕەوینەوەی کابوسی شەڕ

و سیناریۆی کارەساتباری کوشت و کوشتاری قەومی و مەزهەبیە، کە پێداویستیەکی حەیاتیە بۆ سەرمایەو سەرمایەگوزاری، ملهوڕی میلیشیاکان بەرەو پەراوێز پاڵپێوەدەنێ. ئەمەش بوار بەڕوی شەفافبونەوەی ناکۆکی و گەشەی خەباتی چینایەتی و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراق و کوردستان ئاوەڵا دەکات.

دوای دەیان ساڵ جەنگ و وێرانکاری، ئیتر ناوچەکە لەڕوانگەی بەرژەوەندی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەوە پێویستی بە دەورەیەک لە ئارامی و ئاسایش هەیە. بۆیە ڕەوەندی سەرەکی بارودۆخەکە ڕوی لەوەیە دەورەیەک لە سەقامگیری سیاسی و ئاسایش بۆ کەڵەکەی سەرمایە لە ناوچەکە فەراهەم بێت.

دوای زیاتر لە سێ دەیە سەرگەردانی و گێژاوی سیاسی، کوردستان و عێراق و ناوچەکە پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە و نیشانەکانی ئەو دەورە تازیەش ڕۆژانە خۆی بەیان دەکات، دەورەی پێشوو کە بە جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق لە ساڵی (1991) و لە درێژەی ئەو ڕەوەندەشدا ڕاپەرینی ئازار و پاشان هاتنەکایەی «ناوچەی ئارام» دەستپێکرد،

بە کۆتایی گەیشتووە. لەو قۆناغەدا کوردستان بە کردەوە لە عێراق دابڕا بەبێ ئەوەی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدابنرێت. ئەم دۆخە ژێرخانی ئابوری و بنەماکانی ژیانی مەدەنی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە، دەسەڵاتی حزبە بۆرژوازیە بنەماڵەیی و میلیشیایانی بەسەر کومەڵگەدا سەپاند و بووە مایەی پاشەوپاشگێڕانەوەی کومەڵگە لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە.

ئاراستەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە لەدۆخی سیاسی ئەم دەورەیە و دابینکردنی ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاری، حەتمیە کە خەباتی کرێکاری و کۆمۆنستی دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەیەک کە دەبێت بەئاگاو هوشیاربێت لە تواناو چۆنیەتی هەڵسوڕانی سیاسیدا، کە لەمیانەی هاوکێشە سیاسیەکاندا و گۆرینی هاوسەنگی هێزەکاندا، ئەرک و مەسائلی سیاسی تازەتر لە خەباتی سیاسی دێتە پێشەوە، ئەم دۆخە ئەرکێک دەخاتە بەردەم تەواوی هەڵسورانی سیاسیەوە کە پێویستە وەک ئەلتەرنەتیفێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە مەیداندا حزوری سیاسی و میکانیزمەکانی خەباتی سیاسی لەم ئاڵوگۆڕانەدا بۆ شۆرشی کرێکاری دەست نیشان بکرێت.

# (3)
# عێراق لە پرۆسەی سەردەمێکی نوێدا

بەغدا بەنیازە ئەو کەمپانە دابخات کە بوونە شوێنی نیشتەجێبونی ئاوارەکانی شەڕی داعش، لەهەمانکاتدا لەسەر داوای بەغدا، فەرمانی ڕاگرتنی چالاکیەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکارییەکانی عێراق (یونامی) دراوە.

لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر، عێراق هەوڵدەدات چالاکیە دیپلۆماسیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا ئاسایی بکاتەوە، کە لەم دواییانەدا نێوەندگیریی دانوستانەکانی نزیکبونەوەی تورکیا و ڕژێمی سوریای لەخۆگرتبوو.

لە ساڵی (2014)ەوە، لەگەڵ ئامادەبونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق و سوریادا، کە پەیوەست بوو بە شەڕی داعشەوە، شەڕێکی گەورە یەخەی عێراقی گرت کە گەورەترین وێرانکاری و کوشتاری مرۆیی لێکەوتەوە، عێراق و ناوچەکە کەوتنە دۆخێکی تەواو دژوارەوە.

دوای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی داعش بەسەر هەندێ ناوچەی عێراق لە ساڵی (2017) و کۆتایهێنانی لە سوریا لە ساڵی (2019)، توانای ئەمنی و دۆخی دارایی بەغدا بەرەو هەڵکشان چوون. حکومەتی بەغدا توانی هێزەکانی باشتر

ڕێکخاتەوەو ئیدارەی کەرکوکیان لەژێر دەستی بارزانی و تاڵەبانی دەرهێنا. بە شێوازێک لە چەند لایەنێکەوە نیشاندانی هەنگاوەکانی ئارامی سیاسی گرتەبەر.

بەڵام دەوری ئیسرائیل لە داگیرکاری و وێرانکاری و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی غەززە دوبارە گرژی و نائارامی سیاسی بۆ جارێکی تر ڕوبەڕووی ناوچەکە کردەوە، چونکە پشتیوانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل بووە هۆی نوێبونەوەی هێرشی میلیشیا عێراقیەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا، لەکاتێکدا کە مشتومڕێکی بەردەوام لە واشنتۆن سەبارەت بە مەرجەکان و مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە. لە لایەکی تریشەوە فشارێکی زۆر هەیە لەلایەن هێزە ئیسلامیە میلیشاکانی عێراق کە سەر بەئێرانن بۆ کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بۆیە پەرەسەندنی توندوتیژیەکان، بەغدا دەخاتە دۆخێکی مەترسیدار و ناجێگیرەوە، چونکە سودانی لە جێگایەکدا وەستاوە کە هەوڵدەدات هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ هەردوو ئەمریکا و ئێران بپارێزێت. لەم بارەیەوە سودانی تا چەند دەتوانێ لەنێو ئەو دۆخەدا هاوسەنگی ڕاگرێت، مەسەلەیەکی

جدیە بۆ ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، بەتایبەتی کە لە پەناوە نوری مالکیش هەوڵ ئەدات گەڕانەوەی خۆی وەک سەرۆک کۆماری عێراق بەدەست بهێنێتەوە، بۆیە سەرکەوتن بۆ ساغکردنەوەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی بەمانای دابیکردنی ئارامی سیاسی بۆ سودانی لەبەردەم ململانێیەکی توندا بەرەو ڕووە.

لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، لەلایەک سودانی ڕایگەیاند؛ کە پێویستیان بە هاوپەیمانی نەماوە بۆ دابینکردنی ئاسایشی وولات، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر لەو مانگەشدا ئەمریکا و عێراق لە ڕێگەی لیژنەی باڵای سەربازیەوە دەستیان بە دانوستانی فەرمی کردوە بۆ گۆڕینی ئەرکی هاوپەیمانی بۆ دانانی "هاوبەشیەکی ئەمنی دوولایەنەی هەمیشەیی". هەڵبەتە ئەم جۆرە کارانە بۆ هەردولایان حکومەتی عێراق و ئەمریکا شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە، چونکە هەردوولایان لە هەمانکاتدا ئاماژەیان بە مەسەلەی کەمکردنەوە یان کۆتایهێنان بە ئامادەبونی سەربازی ئەمریکا کردووە لە عێراقدا، کە تائێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها پەرلەمانی عێراقیش هەر لە ساڵی (2020)دا دەنگی لەسەر

پڕۆژە یاساکان داوە کە ئامانجیان دەرکردنی هێزە بیانیەکانە.

هەرچەندە ئەوە ڕۆشنە کە داعش چیتر ناتوانێ وەک هێزێکی داگیرکەر مەترسی بۆ سەر عێراق دروست کاتەوە، بەڵام هێزە ئەمنیەکانی عێراق تەنیا توانایەکی سنووردارییان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکانی ئەم گروپە تیرۆریستیە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کێشەی نێوان بەغداو هەرێمی لەسەرە، هەربۆیە پێویستیان بە پشتیوانی هاوپەیمانان دەبێت لە پلاندانان بۆ ئەرکە سەربازییەکان و دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی هەواڵگری و ئەرکە سەرەکییەکانی تر، لەلایەکی ترەوە ئاشکرایە کە گروپەکانی داعش هەوڵدەدەن سوود لە کەلێنەکانی حوکمڕانی هەولێرو بەغدا و دابەشبوونی تائیفی وەرگرن.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی دەربارەی کۆمەک بە کاروباری مرۆیی لەعێراقدا، ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو هەوڵە مرۆیە نێودەوڵەتیانە کەم کراوەتەوە، بۆ نمونە بودجەی دەرەکی لە نێوان سالانی (2017) بۆ (2020) لەسەدا (95%)ی پێداویستییەکانی

هاوكاری بۆ عێراق بەدیهێناوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (2022)دا بۆ (67%) دابەزیوە، لەهەمانكاتدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان بە كۆی دەنگ، دەنگیانداوە كە یونامی ئەركەكانیان بۆ هەوڵی كۆمەكی مرۆیی لە ساڵی (2025) بۆ عێراق راگرن و كۆتایی پێبهێنن.

ئەمەش ئەو دۆخە دێنێتە پێشەوە كە هاوكاتی بەڕێوەچونی پرۆژە ئابوریەكانی عێراق و دامەزراندنی سەرمایەگوزاری و پرۆسەی ئاراستەی نوێبونەوە بۆ كەڵەكەی زیاتری سەرمایە، تاچەند سودانی لە توانایدا دەبێت لە نێو ئەم ململانێ ناوچەیی و جەنجاڵی و ململانێی لایەنەكانی ناوخۆی عێراق، سەركەوتن بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی كە سودانی هەوڵئەدات بۆ خۆی پێشرەوی ئەم پرۆسەی گەشەپێدانە بێت.

ئەوەی پێویستە لەم بارەیەوە جەختی لەسەر بكەین گەر لەكاتێكدا سودانی نەیتوانی ئەم پێشرەویە بە ئەجام بگەیەنێت، مانای وەستانی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری و دامەزراندنی پرۆژەكان نابێت، چونكە ئاراستەی پرۆژەی گەشەپێدان لەسەروی سودانیە و لە

ڕێـرەوە بەرژەوەنـدی گۆرانـی ئاینـدەی سیاسـی و ئابـوری عێراقـە کـە بـۆ دەورانێکی تازە حسـابی لەسەر دەکرێت .

بەغـدا هەوڵیـداوە لـە نزیکـەوە لەگـەڵ وولاتانی ناوچەکـە، وەک قەتـەر و سـعودیە و تورکیـا کەلەم دواییانەدا ڕۆڵی ئابووری و سیاسییان لە عێراق زیاتر بووە، کاربکات، سـاڵی ڕابردوو ڕیاز هاوبەشییەکی سێ ملیار دۆلاری لە کەرتە جیاجیاکاندا ڕاگەیاند بۆ یارمەتیدانـی هەمەچەشـنکردنی ئابووریی وابەسـتە بـە نەوتـی عێراق، هـاوکات دۆحە چەند یاداشـتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ بەغدا لە بواری وزەدا واژۆکرد. هەروەها قەتەر و تورکیا بەشداری لە دروستکردنی "ڕێـگای گەشـەپێدان" دەکەن، کـە پڕۆژەیەکی هێڵی ئاسنین و ڕێگاوبانە و ئامانج لێی بەستنەوەی ئاسیا بە ئەوروپایە.

کاتێـک سـودانی یەکـەم سـەردانی خـۆی وەک سـەرۆکوەزیرانی عێـراق بـۆ واشـنتۆن ئەنجامـدا، هەوڵیدا پاڵپشتی بەردەوامی ئەمریکا بۆ گەشەپێدان و گەشـەی ئابـووری و خۆڕاگری عێراق مسـۆگەر بـکات، هـاوکات خـۆی لـە سـیناریۆیەک بـەدوور دەگرێت کە وڵاتەکەی ببێتە سەنگەرێکی هەمیشەیی

نێوان ئەمریکا و ئێران. بەڵام سودانی ئەم بابەتە لەکاتێکدا دەوروژێنێت کە ڕەخنەی دژە ئەمریکی لە عێراق لە لوتکەدایە بەهۆی تیرۆوانینی ئەو لایەنانەی کە دژایەتی ئەمریکا بۆ پشتیوانی هەڵمەتی سەربازی ئیسرائیل لە غەززە دەکەن، بەم مانایە، بڕیارەکەی سودانی بۆ سەردانی واشنتۆن پێش ئەوەی هیچ باسێک بکرێت دەربارەی وەستانی شەر لە غەززە، بۆتە جێگای سەرنجی ئەو لایەنانەی دژی ئەمریکان.

سودانی سەرنجی لەسەر ڕاکێشانی کۆمپانیا ئەمریکیەکانە بۆ کەرتی ژێرخانی عێراق و خزمەتگوزاریەکانی عێراق، لەهەمانکاتدا مسۆگەرکردنی بەردەوامی پشتیوانی ئەمریکا بۆ چاکسازیەکانی بانکی و کارەبا، هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان ئەو فشار و ڕاکێشانەدا دروست بکات کە لە تاران و واشنتۆنەوە کێشەی بۆ دروست دەکەن.

سودانی نارەزایەتیشی دەربڕیوە بەرامبەر بە زیادەڕۆیی پەرلەمانی عێراق بۆ دابیکردنی سەرچاوەی پێداویستیەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە هاوپەیمانی ئێرانن، چونکە سودانی ئەوە باش دەزانێت کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق

بۆخۆیان ئەو توانا سەرەتاییانەیان نیە، لەبەرامبەر ئەو ئیمکاناتە لۆجیستیانەی کە ئەمریکا لەئێستادا دابینی دەکات، وەک پلاندانان و کەرەستەی هێرشی ئاسمانی و سەربازی پێشکەوتوو و ئەزموونی ئامانجگرتن لەبەر ئەم هۆکارە و هۆکارەکانی تریش سودانی پشتیوانی لە دیدگای کۆمیتەی باڵای سەربازی دەکات، بۆیە بەشێوەیەکی هەنگاوبەهنگاو مامەڵە لەگەڵ پرسی کەمکردنەوەی بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق دەکات، نەک لەناکاو لە عێراق بکشێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی فشاری زیاتری لایەنە لایەنگرەکانی ئێران دەبێتەوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیە سیاسیەکەیدا بۆ خێراکردنی ئەم دەرچوونە.

پێدەچێت سودانی هەوڵی ئەوە بدات بیسەلمێنێت کە کۆنترۆڵی میلیشیاکانی هەیە و وردە وردە کاردەکات بۆئەوەی بەتەواوی بیانخاتە ناو دەزگای دەوڵەتەوە. بەڵام پێویستی بەوە دەبێت کە بەکردار پشتگیری بکرێت، بۆ نموونە تەرخانکردنی پشکێکی گەورەتر لە بودجەی ئەمنی عێراق بۆ هێزە ئەمنیەکانی ئاسایی و زیادکردنی شەفافیەتی گرێبەستە دەوڵەتیە قازانج بەخشەکان، بۆ

دڵنیابوون لەوەی کە ڕێگری لە گروپەکانی سەر بە ئێران دەکرێت، لە دەستبەسەردا گرتنیان بەسەر سەرچاوەی زیاتردا.

هەروەها بڕیارە سودانی پابەندبونی حکومەتەکەی بۆ پاراستنی کارمەندانی ئەمریکی پشتڕاست بکاتەوە. ئەمەش بۆ پاراستنی باڵیۆزخانە لە بەغدا و دابینکردنی کەشێکی سەلامەت بۆ ڕاوێژکارە سەربازیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەگرێتەوە.

پێدەچێت سودانی جەخت لەسەر هاوکاری حکومەتەکەی بکاتەوە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی وزە (بۆ نموونە، تۆتال و جەنەراڵ ئێلیکتریک) و تۆڕەکانی وزەی ناوچەیی بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی عێراق بە هاوردەکردنی کارەبا و گازی سروشتی ئێران. جەختی تایبەت لەسەر هاوکاریەکانی لەگەڵ دەستپێشخەریەکانی گەنجینەی ئەمریکا و یەدەگی فیدراڵی ئەمریکا بە ئامانجی چاکسازی لە کەرتی دارایی و کەمکردنەوەی ڕۆیشتنی نایاسایی دۆلار بۆ ئێران دەکرێت.

بەگشتی دەتوانین بڵێن بەهەر بارگرژی و دۆخی نالەباری ئێستای عێراق و ناوچەکە و شەڕی

غەززە، سودانی هەوڵئەادت وەک نوێنەری ئەو ئاراستەیەی لە پرۆسەی نوێبونەوەی عێراقدایە بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری دەرکەوێت و خۆی بگونجێنێت، بەڵام توانای بەردەوامی یان بێتوانایی بەردەوامی سودانی لەم ئاراستەیەدا، هۆکاری ڕاگرتنی پرۆسەکە نابێت.

2024/7/10

# (4)
# ڕکابەری چین و هندستان

ڕێککەوتنی هیندستان و ئیمارات، بەشدارە لە بەرزکردنەوەی چانسی پێشککەوتنی پڕۆژەی ڕێڕەوی ئابووری نێوان هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا، کە لەچوارچێوەی ستراتیژی فراوانی ئیدارەی جۆ بایدنە بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەری چین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

لەماوەی سالانی ڕابردوودا، جێگیربونی چین بووەتە واقعێکی حاشا هەڵنەگر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمریکاش بەدوای هەلی ڕوبەڕوبونەوەیە لە ڕکابەری بەرامبەر پرۆژەکانی چین. سەرهەڵدانی بەرچاوی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سنووری ئابووریدا ناوەستێت، بەڵکو لەم دواییانەدا درێژبووەتەوە بۆ لایەنی سیاسی، ئەمەش لە ڕێککەوتنی نێوان سعودیە و ئێران بە نێوەندگیری پەکین دەرکەوت، نێوەندگیریەک کە چینی بەڕکابەرێکی گەورە لەسەر شانۆی جیهانی لە بەرامبەر ئەمریکادا نیشاندا.

هەرچەندە ئەمریکا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بێباکیەکی ڕونی لە پاراستنی پەیوەندی و نفوزی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشانداوە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی گرنگیە جیۆپۆلەتیکی

و ئابووریە زەبەلاحەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێ لەگەڵ چین بووە هۆی ئەوەی ئیدارەی بایدن بیر لەو ستراتیژە بکاتەوە، کە پڕۆژەی «ڕێڕەوی ئابووری» وەک ڕکابەرێکی ستراتیژی لەبەرامبەر، دەستپێشخەری «پشتێن و ڕێگاوبان»ی چینی ببینێت، کە دواجار دەبێتەهۆی دروستکردنی زنجیرەی نوێی دابینکردن بۆ ئەورووپا، کە پشت بە هیندستان دەبەستێت لەبری پشتبەستن بە چین، بۆیە ئیدارەی بایدن دەیانەوێت بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دۆخەکاندا بکەن.

لە ڕۆژی سێشەمەی (13)ی شوبات (2024)، هیندستان و ئیمارات ڕێککەوتنێکی چوارچێوەیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی ئابوری نێوان هیندستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا واژۆکرد، ئەو ڕێرەوەی پێشتر لە «لوتکەی گروپی 20G» لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوودا ڕاگەیاندرا، کە لە نیودەلهی بەڕێوەچووە.

هەرچەندە ئامانجە ئابووری و سیاسیەکانی وڵاتانی بەشدار لە کۆریدۆرەکەدا هەن، کە بریتین لە بەرزکردنەوەی پەیوەندیی ناوچەیی و هاوکاری ئابووری، بەڵام سەرکەوتنی کۆریدۆرەکە تاڕادەیەکی

زۆر پەیوەستە بە دیمەنی ئاڵۆزی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

بە سەرنجدان بەوەی کە بەندەری حەیفای ئیسرائیلی، پێشبینی دەکرێت دەروازەی سەرەکی ئەو کۆریدۆرە بێت، بۆیە لەگەڵ بەندەرەکانی باشوور و ڕۆژئاوای ئەوروپا، پەرەپێدان و تەواوکردنی ڕێڕەوی ئەو پرۆژەیە زیاتر پەیوەست دەبێت بە ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل، یان لانیکەم گەیشتن بەڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن سەبارەت بە بەشی باکووری کۆریدۆرەکە، کە بەدەستهێنانی ئەمەش ئەستەمە، مەگەر بەڕێکخستنی دۆخی غەززەی دوای جەنگ دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، شەڕی ئیسرائیل لەسەر غەززە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پڕۆژەکان، کەڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبنەوە، کە وا دەکات جێبەجێکردنیان لە ماوەیەکی نزیکدا ئاسان نەبێت.

تەماحە ئابوورییەکانی هیندستان کە پێشبینی دەکرێت تا ساڵی (2026) ئەڵمانیا تێپەڕێنێت و ببێتە چوارەم گەورەترین ئابووری لە جیهاندا، پاڵی بە سەرۆکوەزیرانی هیندستانەوە ناوە کە قووڵکردنەوەی

پەیوەندیەکانـی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە پێشـینەی کارەکانیدا دابنێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشـنایی بەرژەوەندیەکانی پەیوەسـت بـە هاوردەکردنی وزەو هێزی کارە لە هیندستان.

گەشـەی پەیوەندیەکانی چین لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی، هاندەری هیندسـتان بووە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵـە دیپلۆماسـیەکانی لەگـەڵ وڵاتانـی کەنـداو، بەتایبەتـی لـە ژێـر ڕۆشـنایی نیگەرانـی هیندسـتان سـەبارەت بـە هەوڵەکانـی چیـن بـۆ درێژکردنـەوەی کاریگەریەکانـی لەڕێگـەی ئـەو بەندەرانـەی کـە دەڕواننـە «دەریای عەرەبی و گـەروی باب المندب» بـۆ دامەزراندنـی بنکـەی سـەربازی، کـە گرنگتریـن هێڵەکانـی بازرگانی هیندسـتانە لەڕێگـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەورووپا.

ئەنجوومەنـی هـاوکاری کەنـداو، لـە ئێسـتادا گەورەترین بلۆکی هاوبەشی بازرگانیە بۆ هیندستان، بەهای بازرگانی دوو قۆڵی لە ساڵی دارایی (2021-2022) گەیشـتووەتە زیاتر لـە (154) ملیار دۆلاری ئەمریکـی، هەروەهـا ئیمـارات و سـعودیە بوونەتـە سێیەم و چوارەم هاوبەشی بازرگانی بۆ هیندستان.

لەنـاو وڵاتانـی «ئەنجومەنی هـاوکاری کەنداو»دا

بەتایبەتی سعودیە، ئیمارات و قەتەر، هەڵپەکانی «طموح» هیندستان دەنگی دایەوە، کە بە گرنگیدانێکی زیاترەوە سەیری هیندستانیان دەکرد، وەک بازاڕێکی گرنگی گەشەسەندو بۆ هەناردەکردنی وزە، هەروەها دابینکردنی پرۆژەی هاوبەش کە لەگەڵ ستراتیژیەتی وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی نەوت و گاز و گواستنەوە بگونجێت، بۆ وەبەرهێنانێکی زیاتر لە کەرتەکانی وزەی نوێبوەوە و تەکنەلۆژیادا.

وەک ئاماژەیەک بۆ هەوڵەکانی هیندستان بۆ کێبڕکێ لەگەڵ کاریگەری چینی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمپانیایەکی هیندی بەندەری حەیفای ئیسرائیلی کڕی، بۆئەوەی ببێتە بەدیلێک بۆ گرێبەستێکی هاوشێوەی چینی کە لەلایەن واشنتۆنەوە ڕاگیرا، کە هەوڵدەدات نیودەلهی بکاتە بەدیلێک بۆ پەکین. پێدەچێت واشنتۆن هەوڵی ئەوە بدات هیندستان وەک ڕکابەرێک بۆ چین لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت، کە نیودەلهی پەیوەندیە سەربازی و ئابووری و کارەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی دەپارێزێت.

کۆنترۆڵکردنی بەندەری «ستراتیژی» ئیسرائیلی حەیفا» لەلایەن هیندستانەوە بەشێکە لە ستراتیژیەکی

نوێی ناوچەیی کە هەوڵئەدات دەوری هەبێت بۆ سنورداركردنی كاریگەری چین، لەلایەكی تریشەوە تێكەڵبوونی ئیسرائیل بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خێراتر دەكات.

لەژێرڕۆشنایی هەوڵەكانی واشنتۆن بۆ گەمارۆدانی كاریگەرییەكانی چین لە هەموو شوێنێک، هیندستان یەكێكە لە ئامڕازەكان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بە هەوڵدان بۆدیاریكردنی بەدیلێک لەبەرامبەر پەكیندا.

لەگەڵ باشتربوونی پەیوەندیەكانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دراوسێ لەبەررۆشنایی خێراكردنی ئاساییبونەوە، دەرفەتی بازرگانی نوێ بۆ ئیسرائیل دەكرێتەوە، حەیفاش لە دۆخێكی باشدایە بۆئەوەی گەشە بكات بۆ ناوەندێكی ناوچەیی و ئیستغلالكردنی شوێنی ستراتیژیی خۆی كە ڕكابەری میسر و كەناڵی سوێس دەكات

بۆیە بوونی كۆمپانیاكە لە ئیسرائیل ئاماژەیە بۆ زیادبوونی بازرگانی دەریایی لەنێوان ئاسیا و ئەوروپا و هەوڵەكانی نیودەلهی بۆ ئەوەی ناوەندێک لە دەریای ناوەڕاستدا هەبێت، بەندەری حەیفا نزیكەی ٥٠٪ی سەرجەم كاڵای ئیسرائیلی لێوە دەگوێزرێتەوە.

بەندەری حەیفای ئیسرائیل لەڕوانگەی ستراتیژیەوە

بە چەند هۆکارێک بە گرنگ دادەنرێت، دیارترینیان لەبەرئەوەی دەکەوێتە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست وەک گۆڕەپانێکی گرنگ بۆ بازرگانی نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا. هەروەها بەندەری حەیفا دەستگەیشتنێکی خێرا بۆ شارە گەورەکان و ناوەندە پیشەسازیەکانی ئیسرائیل دابین دەکات، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی کارامەی کاڵا و سەرچاوەکان.

خاوەندارێتی هیندستان لە بەندەری حەیفا ئەگەری ئەوەی هەیە بێتەهۆی ئاڵوگۆڕی زیاتری کاڵا و خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانی دارایی لەنێوان هیندستان و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، ئەمەش ئابووری هیندستان بەرزدەکاتەوە.

هیندستان لەگەڵ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی بەندەری حەیفا، دەتوانێت پەیوەندیەکانی بە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا باشتر بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک و کاڵا و سەرچاوەکان لە نێوان ئەو ناوچانەدا ئاسانتر هاتوچۆ بکەن.

کۆنترۆڵکردنی بەندەری حەیفا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیندستان سوودێکی ستراتیژی لە ناوچەکەدا هەبێت، ئەمەش ئاسایشی دەریایی بەرز دەکاتەوە

و ڕێگەی پێدەدات بگاتە ڕێڕەوی کەشتیوانی گرنگ، هاوشێوەی هەوڵەکانی چین.

ئیمارات بزوێنەری سەرەکی ئاسایکردنەوەی وڵاتانی عەرەبییە لە ناوچەکەدا، لەبواری هاوکاری ئابووری و بەتایبەتی لە بواری گواستنەوەدا لەگەڵ تەلئەبیب دانوستانی چالاک ئەنجام دەدات و لەهەمانکاتدا پەیوەندیەکی نزیکیشی لەگەڵ پەکین هەیە.

ئەمریکا هەوڵدەدات یەکگرتنی ناوچەیی لەنێوان هاوبەشەکانیدا بەرزبکاتەوە، ئەمەش بەشدارە لە کەمکردنەوەی بڕی ئەو سەرچاوانەی کە ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرجیان دەکات، لە درێژخایەندا بەبێ ئەوەی بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی خۆی بکاتە قوربانی. بەهێزکردنی یەکگرتنی ناوچەیی یەکێکە لە پایەکانی ستراتیژی نوێی بایدن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە جگە لە پاراستنی هاوبەشی ناوچەیی و ڕاگرتن و کەمکردنەوەی گرژیەکان و هەوڵدان بۆ ئارامبونەوەی دۆخی سیاسی ناوچەکە.

پێشنیاری ئەمریکا بۆ بەستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هێڵی ئاسنین، پەیوەستە بە دەستپێشخەری «هاوبەشی بۆ ژێرخانی جیهانی و

وەبەرهێنان»، کە واشنتۆن و گرووپی حەوت وڵاتی (G7) لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا ڕایانگەیاند، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی «دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگا»ی چین، کە کاریگەری نێودەوڵەتی زیاتر بە پەکین دەبەخشێت.

هۆکارێک کەڕێگرە لە پێشکەوتنی پڕۆژەکانی «ڕێڕەوی ئابووری» لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم پڕۆژانە سەرکەوتوو نین لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و گرژیە بنەڕەتیەکانی ناوچەکە، ئەوەش ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێرانە، ئەو ڕاستیەی کە هەڵمەتی سەربازیی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە هەوڵەکانی ئەمریکای پووچەڵکردۆتەوە بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی، لەلایەکی ترەوە ڕکابەری سعودیە و ئێرانە.

بەگشتی دوای چەندین ساڵ لە ناجێگیری دۆخی سیاسی ناوچەکەو ململانێی وڵاتانی زلهێزی دنیا و کاریگەریان لەسەر زیاتر وێرانکاری عێراق، سوریا، لیبیا، یەمەن و لوبنان، ئاراستەیەک لە ڕێڕەوی ئاڵوگۆڕ لە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هاتۆتە بەرەوە، کە ئەوە دەخاتەبەر ئەجندای نەخشەو

سیاسـەتی لایەنەکانـی دەخیـل لـە ناوچەکـەدا، کـە لەدواشـیکردنەوەدا پێویستیان بەوەیە بۆ دامەزراندن و جێگیرکردنـی سـەرمایەگوزاری و وەبەرهێنـان و ڕکابەری نێوانیان، دەبێت دۆخی ناوچەکە سـیمایەکی ئارامـی و سـەقامگیری سیاسـی بەخۆیـەوە ببینێـت، بۆنمونە پەیوەندی و پرۆژەکانی «ڕێڕەوی ئابووری» و دەستپێشـخەری «پشـتێن و ڕێـگا» کـە ڕێڕەوێکی پێشـڕەوی لـە دامەزراندنـی سـەرمایەگوزاری چیـن و هندسـتان نیشـان ئـەدات، هەرچەنـدە کێبڕکـێ و وەستانەوە لەبەرامبەر یەکتردا لەلایەن هەرلایەنێک لە پـرۆژە ئابوریەکانیدا دەبینرێت، کە لەوێنەی ڕکابەری و بەرامبەرکێـی ئەمریکا و هیندسـتا، چین، روسـیا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا دەردەکەوێـت، بـەڵام لـە دواجاردا لـە دامەزارندنـی ڕێـڕەوی ئابـوری بەسـتنەوەی هیندسـتان، چیـن، کەنـداو و ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـت بـە ئەوروپاوە، پێویسـتی بە دابینکردنی ئاسایشـێکی پتەوە بۆ گواستنەوەو وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا، هەر بـەم ئاراسـتەیەش ئەگـەری کۆتاییهێنـان بە هێرشـی ئیسـرائیل بـۆ سـەر غـەززە دەکاتـە پێداویسـتیەکی حەتمی.

(5)

# باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر عێراقدا

داگیرکاری هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی سەدام و وێرانکردنی بنەما ئابوریەکانی، ئەو واقعیەتە بوو کە عێراقی کردە مەیدانێکی سیاسی ئاوالا بۆ دەخالەتی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەو بارەیەوە کۆماری ئیسلامی، عێراقی کردە بنکەو مەیدانێکی تایبەت و فراوان بۆ چالاکیە سیاسی و تیرۆریستیەکانی لە ناوچەکەدا. تا ئێستاش هۆکارێکی سەرەکی لە ناجێگیری سیاسی لە عێراقدا دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامیە لە پێکهێنان و پشتگیری هێزی میلیشیای لایەنە شیعەکان. لەهەمانکاتدا دەورو کاریگەری ڕاستەوخۆ دەبینێت لە پێکهێنانی حکومەتەکانی عێراقدا. بەجیا لەوانەش لەباری ئابوریشەوە بازاڕی عێراقی کردۆتە بازاڕێکی گەورەی ساغکردنەوەی کاڵاکانی. بەمانایەک عێراق بۆتە نازو نیعمەتێکی تایبەت بۆ کۆماری ئیسلامی.

ئەو دەروازانەی دەکەونە سەر سنووری (1600) کیلۆمەتری نێوان عێراق و ئێران، لە ستراتیجی ئێراندا بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا، پێگەیەکی دیار و بەرچاویان بۆ ئابوری

ئێران هەیە. ئەم ستراتیژە لەڕێگەی سیستەمێکی سیاسیی وەها بەڕێوەدەبرێت کە پێکهاتەکانی حکومەتی عێراق بەگشتی پاشکۆبونی خۆی بۆ ئێران بەرجەستەکردۆتەوە. کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە هەموو ئاستە سیاسی و دامەزراوەیەکاندا سیستماتیک بچێتە ناوەوەو کۆنترۆڵی بازاڕی عێراق بکات. هەروەها ئەم ستراتیژە عێراقی کردۆتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵا ئێرانیەکان، کە زۆربەی کاڵاکان بە دەروازە سنووریەکان بەمەرجی ئیمتیازاتدان بە ئێران تێدەپەڕێت. ناسیۆنالیزمی عێراقی، کە زیاتر بە دژایەتیکردنی هەژموونی ئێران لە عێراقدا پێناسە دەکرا، ئێستا لەم دۆخەدا بەناچاری دەرگای بازاڕەکەی بۆ ئێران کراوەیە.

لە نێوان عێراق و ئێراندا (9) دەروازەی سنوری فەرمی هەیە، کە لە ساڵی (2012)دا گرنگیەکی زیاتری بەدەستهێناوە، کاتێک عەلی خامەنەیی، خوازیاری بەرەوپێشبردنی ئەو شتە بوو کە بە «ئابووری بەرگری ئێران» ناوی برد. دەروازەکان لە سەرەتای ساڵی (2014) گرنگی زیاتریان پێدرا، کاتێک ئێران بیرۆکەی ئابووری بەرەنگاری گۆڕی بۆ سیاسەتێکی حکومەتەکەی، لەبەرامبەر زیادبوونی

ئابڵۆقـە ئابوورییەکانـی ڕۆژئـاوادا. لەبەرامبەریـدا کۆماری ئیسـلامی ئێران هەوڵـی داوە بەرهەمهێنانی کاڵای غەیـرە نەوتـی لە پێشـینەی کارەکانیـدا بخاتە پێشـەوە، تـا ببێتـە سـەرچاوەیەکی تـری داهـات لـە بەرامبـەر هەناردەکردنـی نەوتدا. بەم شـێوەیە ئێران دەسـتی کرد بە دروسـتکردنی تۆڕێکی بەرفراوان لە کۆمپانیای وەهمی، بۆئەوەی بەشـێوەیەکی نایاسایی دۆلاری ئەمریکـی لـە عێـراق بەدەسـت بهێنـن و بـە قاچـاخ بیخەنـە نـاو ئێرانـەوە. ئـەم سیاسـەتە نوێیە کاریگـەری هەبـوو. لـە سـاڵی (2011) واتـە پێـش ئەوەی ئەم سیاسـەتە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهای هەناردەی ئێران بۆ بەرهەمە غەیرە نەوتیەکان (26.65) ملیار دۆلار بووە. لە ساڵی (2013) بەهای ئـەو هەناردەکردنانـە (28.36) ملیار دۆلار بووە.. لە سـاڵی (2021)دا کۆی بەهـای هەناردەکردنی غەیرە نەوتی ئێران گەیشـتووەتە (40) ملیار و (74) ملیۆن دۆلار.

لـە مانگـی نیسـانی (2019)، حەسـەن ڕۆحانی، سـەرۆک کۆمـاری ئەوکاتـی ئێـران، داوای کـردوە کـە «قەبـارەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانی» بـە بەرهەمە وزەییەکانـەوە زیاد بکرێت بۆئەوەی بگاتە زیاتر لە

(20) ملیار دۆلار لەساڵێکدا. هەر لەو ساڵەدا جەواد زەریفی، وەزیری دەرەوەی ئێران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندبوو، عێراق «هاوبەشە بازرگانییە گەورەکەمانە». چونکە ڕۆیشتنی یەکلایەنەی کاڵای ئێرانی بۆ عێراق وەک جۆرێک لە مامەڵەی ئابووری یەکسان نیشان ئەدرا. بەڵام واقیعی دۆخەکە ئەوەیە کە عێراق هیچ بە ئێران نافرۆشێت. هەموو شتێک کە لە ئێرانەوە هەناردە دەکرێت بۆ عێراق بە دەروازە سنوورییە فەرمیەکاندا تێدەپەڕێت. هەروەها دەزگای نافەرمیش هەن کە بە گشتی لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و لایەنگری ئێران و باندەمافیاکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بەتایبەتی چەک و مادەی هۆشبەر.

جگە لەوەش ئێران هەمیشە دۆخی ناسکی دەوڵەتی عێراقی زیاتر قۆستۆتەوە. پەرەسەندنی هەڕەشەی داعش بووە هۆی ئەوەی نوری مالیکی لە ساڵی (2014)دا بڕیارێک بدات و داوا لە میلیشیاکان بکات سوپایەکی خۆبەخش پێکبهێنن بۆ پڕکردنەوەی بێتوانایی و لاوازییەکانی سوپای عێراق، کە بەهۆی شلوشێواوی و گەندەڵیەوە هیچ بەرگریەکی بۆ نەکرا. ئەو سوپایە هەر لەسەرەتای بەرەکانی شەڕدا

ئاستێکی خراپیان نواندو لە موسڵ هەڵاتن. ئێران پشتیوانی ئەم هەنگاوەی مالکی کرد و سوودی لێوەرگرت. تەنانەت ئەو فەتوایەی کە لەلایەن سیستانی لە ساڵی (2014) دەرچووە و داوای لە عێراقیەکان کردووە بچنە نێو جیهاد دژ بەداعش، کە ئەوەش دەرئەنجامی ڕازیکردن و کاریگەریی قاسم سولەیمانی بوو!

میلیشیاکان بەتایبەتی «حەشدی شەعبی» بەخێرایی وەک یەکەیەک کۆکرانەوەو فەرمیکران. دەخالەتیان پێکرا لەشەری دژی داعشدا. لەهەمانکاتدا بەنهێنی کاریگەریەکانی خۆیان بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق درێژکردەوە. لە نێوان ساڵانی (2014) بۆ (2020)، بەتایبەتی لە سەردەمی دەستبەکاربونی حەیدەر عەبادیدا و پاشان دەستبەکاربونی عادل عەبدولمەهدی، کۆنتڕۆڵی میلیشیاکان بەسەر دەروازە سنوریەکاندا جێکەوت. ئەگەرچی ناڕاستەوخۆش بێت کەلوپەل لە ئێرانەوە بەبێ ئەوەی سنوردار بکرێت هاتە ناو عێراقەوە. ئەوەی جێگای بیرهێنانەوەیە گەندەڵیش لەدەروازە سنوریەکاندا زۆر بەزویی و فراونی تەشەنەی کرد.

کاتێک لە مانگەکانی یەکەمی هێرشی داعشدا، ئێران پشتیوانی عێراقی کرد، لەهەمانکاتدا ئەمریکا لە مالیکی ڕازی نەبوو، ئامادەش نەبوو پشتیوانی بکات. لە ماوەی شەڕی چوار ساڵەی دژی داعش، نفوزی ئێران لە عێراق گەیشتە لوتکە. بەڵام ئەوەی شایانی باسە دابەزینی هەستی لایەنگری بۆ ئێران، بەدوای شکستی داعش لە عێراق لە ساڵی (2017) دەستی پێکرد. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی تورەیی و نارەزایەتیە جەماوەرییەکان بەرامبەر بەلایەنە سیاسیە گەندەڵەکانی شیعەی عێراق. کە لە ساڵی (2018) خۆپیشاندەران ئاگریان لە کونسوڵخانەی ئێران و نوسینگەکانی حزب و میلیشیاکانی لایەنگری ئێران لە پارێزگای بەسرە بەردا. ئەمەش لە چوارچێوەی خۆپیشاندانی بەرفراوانتردا کە چوار مانگی خایاند بەهۆی خراپی خزمەتگوزاریە گشتیەکانەوە. ئەم نارەزایەتیانەی بەسرە خاڵی وەرچەرخانێکی پێکهێنا کە زەمینەی بۆهەڵگیرسانی دیارترین بزووتنەوەی نارەزایەتی تشرین لە ساڵی (2019)دا خۆشکرد، کە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی لەخۆگرتبوو. پریشکی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی تشرین، لە مانگی

تشـرینی یەکەمـی (2019) دەسـتیپێکرد و مـاوەی شەش مانگ بەردەوام بوو. کاریگەری هەبوو لەسەر قوولکردنـەوەی بۆشـایی جیاکردنـەوەی خەڵکـی نـاڕازی عێراق لەبەرامبەر کۆماری ئیسـلامی ئێراندا. هـەر ئەوکات خامەنەیی لە تویتێکدا نووسـیبووی کە ئـەو نارەزایەتیانە ئاژاوەگێڕییە، بەدەورو پشـتیوانی ئیسـرائیل! خامەنەیـی داوای لـە هێـزە ئەمنیەکانـی عێـراق کـرد سـەرکوتی بکـەن. خۆپیشـاندەرانی عێـراق وەڵامیـان دایـەوە و لەچەنـد شـارێکی عێراق کونسوڵخانەکانی ئێرانیان سووتاند.

ئەوەبـوو حکومەتی مسـتەفا کازمی کـە لە مانگی ئایاری (2020) پێکهێنرا، وەک هەوڵێک لەلایەن لایەنە باڵادەستە شیعەکانەوە بۆ هێورکردنەوەی تورەیی و نارەزایەتی شـەقام. کازمیش ویسـتی وەهای نیشان بـدات کە پاڵپشـتی ڕاسـتەقینەی ئەو لایەنانـە نییەکە لـە پێکهاتەی حکومەتـی عێراقدان، بۆیە لـە هەوڵێکدا بـۆ دروسـتکردنی بنکەیەکـی کاریگەری سـەربەخۆ، بۆ بەدەستهێنانی پشـتیوانی لایەنگرانی بزووتنەوەی ئۆکتۆبـەر، بـەم شـێوەیە زنجیرەیـەک ڕێوشـوێنی چاکسـازی دەسـتیپێکرد. یەکێـک لـەو ڕێوشـوێنانە دووبـارە دامەزراندنـەوەی کۆنترۆڵـی دەوڵەت بوو،

بەسەر دەروازە سنوورییەکاندا. کازمی فەرمانیدا هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا کە یەکێکە لە هێزە نوخبە عێراقیەکان، کە لەلایەن ئەمریکاوە مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرا، لە دەروازە سنووریەکان لەگەڵ ئێراندا جێگیربکرێن.

لە مانگی تشرینی دووەمی (2020)، عەلی عەللاوی، وەزیری دارایی لە حکومەتەکەی کازمیدا، فەرمانێکی دەرکرد کە تێیدا هاتووە «هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم لێخۆشبونی باجی گومرگی کە بە دەوڵەتەکان و دامودەزگاکانی حکومەت دەدران»، ئەم ڕێوشوێنانە کە عەللاوی گرتیەبەر، بووە هۆی دابەزینی بەرچاوی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ئێرانەوە بۆ عێراق بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک. بەڵام زۆری نەخایاند لەکاتێکی دواتردا دووبارە بەرزبووەوە و سوودی لە کۆمەڵە لێخۆشبوونێکی جیاواز وەرگرت کە حکومەت نەیتوانی هەڵیبوەشێنێتەوە.

کازمی ئەو پلانەی پەسەند کرد، کە لەلایەن دەسەڵاتی دەروازە سنووریەکانەوە پەرەی پێدراوە، بە ئامانجی جێبەجێکردنی ئۆتۆماتیکی ئەلیکترۆنی لە دەروازە سنووریەکان، بەڵام تا ئێستاش تەرازووی میکانیکی بەکاردەهێنن. مامەڵەکان بە دەستی ئەنجام

دەدەن و سیستەمی پارەدانی نەختینەیی ڕاستەوخۆ پەیڕەو دەکەن، نەک ئەلیکترۆنی. بەڵام پرۆژەی ئۆتۆماتیکیکردنی دەروازەکان هەرگیز بەدی نەهات. دواجاریش حکومەتی کازمی نەیتوانی چاکسازیەکانی پەیوەست بە دەروازە سنووریەکانەوە جێبەجێ بکات. دەروازەکانیش کۆنترۆڵ نەکران. هەربۆیە دۆخەکە ئاوالایە بۆ ئێران و لایەنە شیعەکانی حکومەتی عێراق، کە بتوانن بەردەوام بن لە کۆنترۆڵکردنی ئەو دەروازە سنوریانەدا.

وەک دەبینین دۆخەکە لە سایەی دەسەڵاتی شیعەکان و پێگەیەک نوری مالکی لە حکومەتی عێراقدا هەیەتی ئەوە بەزەحمەت نیشان ئەدات، کە چاکسازی بەمانای دورخستەوەی دەورو دەخالەتی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی لە دەروازە سنووریەکان جێبەجێ بکرێت.

ئەوەی ئێستا لە بانگەوازی مالکی و لێپرسراوانی حکومەتی عێراقدا بەدی دەکرێت، لە هەوڵی ئەوەدان بالادەستی ئێران، بەسەر عێراقدا و جێکەوتنی دەسەڵاتی شیعە یەکلاییکەنەوە. هەرلەم چوارچێوەیەشدایە بەو پێگەیەی لە حکومەتی عێراقدا بەدەستیان هێناوەو پشتیوانی ئێران پاڵپشتێکی

گەورەیە بۆیان، لەهەوڵی بەرتەسکردنەوە یان کۆتاییهێنان بە قەوارەی هەرێمن، بۆ دورخستنەوەی دەورو دەخالەتی ئەمریکایە لە عێراقدا، بە قازانجی ئێران، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەم یاریەدا تێوەگلاوە.

*** بۆ ئەم وتارە سود لە وتارێکی»عەقیل عەباس« وەرگیراوە، کە کەسایەتیەکی ئەکادیمی و نوسەرو رۆژنامە نوسی عێراقیە و مامۆستایە لە دانیشگای ئەمریکی لە سلێمانی.**

(6)

# پڕۆژەی گەشەپێدانی ئابوری عێراق

دەستپێشخەری»پشتێن و ڕێگاوبان« کە بە دەستپێشخەری ڕێگای ئاوریشمی نوێ ناودەبرێت، پڕۆژەیەکی جیهانیە بۆ دروستکردنی تۆڕێکی فراوانی ژێرخانی بەیەکەوە گرێدراو، کە لەلایەن سەرۆکی چین»شی جین پینگەوە« لە ساڵی (2013) دەستیپێکردوە، ڕێڕەوی ئابووری هیندستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا نوێترین پڕۆژەیە کە ئامانجی یەکخستنی هاوبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیایە بۆ یەک بلۆکی ئابووری جوگرافی، پڕۆژەیەکی هاوبەشی گەورەیە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری.

هەریەک لە وڵاتانی سعودیە، یەکێتی ئەوروپا، هیندستان، ئیمارات، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئەمریکا یاداشتێکیان واژۆ کردووە کە هێڵکاریە بنەڕەتیەکانی تۆڕی گواستنەوە ئاشکرا دەکات لە گواستنەوەی کەشتیەوە تاوەکو هێڵی ئاسن. پڕۆژەکە ئامانجی بەستنەوەی هیندستانە بە ئەوروپا لەڕێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، پڕۆژەکە بریتیە لە هێڵی شەمەندەفەر کە ئیمارات، سعودیە، ئوردن و ئیسرائیل بە ئەوروپا دەبەستێتەوە، هەروەها ڕاکێشانی هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا و کێبڵی گواستنەوەی

داتا بۆ بەرزکردنەوەی پەیوەندی دیجیتاڵی، هەروەها بـۆری بۆ هەناردەکردنـی هایدرۆجینی پاک لە نێوان هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا .

لەهەمانکاتـدا پـڕۆژەی ڕێگای گەشـەپێدانی عێراق ئامانجی دروسـتکردنی تۆڕێکی گواستنەوەی سنوور بەزاندنـی عێراقە، کە کەنداو بە تورکیا دەبەسـتێتەوە. ئەم تۆڕە پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق وەک ڕێڕەوێکی بازرگانی بەرزدەکاتەوە و داهاتی دارایی دابین دەکات.

ڕێـگای گەشـەپێدان پڕۆژەیەکـی عێراقیـە کـە هەوڵدەدات ژێرخانی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن دروست بـکات، بەمشـێوەیە سـوود لـە جوگرافیـای عێراق و چەندین سنوور وەردەگرێت.

ڕێگای گەشەپێدان هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان بۆ سەقامگیرکردنی عێراق لەڕووی سیاسـییەوەو هەوڵدان لە پێکهێنانی دۆخێکی ئەمن و ئارام و لەبار بۆ سـەرمایەگوزاری، واتە سەقامگیری سیاسـی بەمانای کۆتایی کێشـەکێش و ناکۆکیەکان نیـە، لەسـایەی نەزمـی چەنـد جەمسـەری تـازەی جیهاندا، لەئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا کێشمەکێشی جەمسـەرەکان لەسـەر ناوچەی نفوز و بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیان درێژەی دەبێت.

عێراق زۆر پێویستی بە هەمەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات هەیە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی تەواوەتی بە داهاتی نەوت، هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، عێراقیش وەک سعودیە و میسر و وڵاتانی دیکەی کەنداو، شاهیدی گۆڕانی بەرژەوەندیە بەرەو پڕۆژەی گەورە و بازرگانی سنور بەزاندنن.

دوای چەندین ساڵ لەدەسەڵاتی حکومڕانی بەشبەشێنەی هێزی میلیشیای نەتەوەیی و تائیفی، حکومەتی فیدراڵی بەپێکهاتەی حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێم، دوای چەندین ساڵ لە دۆخی شەڕو نائارامی و گێژاوی سیاسی، حکومەتی عێراق بەدوای سەرچاوەی نوێدا دەگەڕێت، بیرۆکەی «گەشەپێدان» جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ناو ناوەڕۆکی گوتاری لایەنەکانی دەسەڵاتداران لە حکومەتی عێراقدا، بەرەو ئاراستەیەک هەوڵئەدرێت کە زیاتر مەیلی بەرەو بازاڕە کراوەکان و تێکەڵکردنی ئابووریە ناوخۆییەکانە بە ئابووری جیهانەوە دابین بکات.

هەروەها ڕێگای گەشەسەندن پەیوەستە بەو قەناعەتە باوەی کە بۆرژوازی عێراق و گەشانەوەی زیاتری سەرمایە زۆر پێویستی بە

هەمەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات هەیە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی تەواوەتی بە داهاتی نەوت، هەر لەم ئاراستەیەشەوە مەسەلەی سەقامگیری و ئارامی سیاسی دەبێتە پێداویستیەک بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە.

عێراق ڕێگای گەشەپێدانی سەرمایەگوزاری دەستپێکردوە، کە پڕۆژەیەکی گەورەیە و هەوڵدەدات سوود لەپێگەی جوگرافی وڵات و چەندین سنوور وەربگرێت. ئامانجی پڕۆژەکە دروستکردنی تۆڕێکی گواستنەوەیە کە کەنداو بە تورکیە دەبەستێتەوە و یەکێکە لەو جۆرە کارانەی کە ئەمڕۆ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس دەکرێت بۆ پەرەپێدانی بازرگانی سنووربەزێن و پەیوەندیکردن نەک تەنها لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکو لە نێوان وڵاتانی ئاسیاشدا.

ڕێگای گەشەپێدان ئەگەر سەرکەوتوو بێت، پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق وەک ڕێڕەوێکی بازرگانی بەرز دەکاتەوە و گەڕانەوەی دارایی و سەرمایەگوزاری و هەلی کار دابین دەکات، لە بنەڕەتتردا، پڕۆژەکە هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان کە بتوانێت عێراق لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیربکات.

وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش زیاتر ئارەزوی

خۆیان نیشـان دەدەن بۆ دروسـتکردنی ئەم ڕێڕەوە بـۆ ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی نێودەوڵەتـی لـە سـنوور بەزانـدن، بەجۆرێـک ئەمـڕۆ بەشـێوەیەکی فـراوان دوای ئـەو هەمـوو شـەڕو کارەسـات و گێـژاوە سیاسـیە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بووەتە گۆڕەپانێک بـۆ کێبڕکێـی جیۆ-ئابـووری نێوان وڵاتانـی زلهێزی دنیـا، ئەمـەش لـە پەیوەنـدی و کێشمەکێشـی چین و ئەمریـکادا ڕەنگـی داوەتـەوە، لـەم چوارچێوەیـەدا، کۆڕیـدۆرە بازرگانیەکانـی نێوان وڵاتان و ناوچەکان زیاتـر و زیاتـر پەیوەسـت دەبـن بـە هاوتەریبیـە جیۆپۆلیتیکیەکانەوە.

سـەرەڕای بەرزبوونـەوەی نرخـی نـەوت دوای سـەرهەڵدانی ململانێـکان لـە ئۆکرانیـا، قەناعەتێکـی گشـتی هەیە کـە مۆدێلی عێراق بۆ دابەشـکردنەوەی سـامانی نـەوت کەموکـوڕی تێدایـە و ئەگەر ڕاسـت نەکرێتـەوە، ڕەنگـە قەیرانـی سیاسـی داهاتـوو زۆر توندتر بێت.

هەرچەنـدە داهاتـی عێراق لـە هەناردەکردنی نەوت لە نێوان هەشـت بۆ نۆ ملیار دۆلاردایە لە مانگێکدا، ئەمەش بەهۆی گرانی نرخی نەوتەوەیە، لەلایەکـی تریشـەوە وەبەرهێنـان و بازرگانـی

نەوت نەک نەیتوانیوە سەرچاوەیەک بێت بۆ ئەمنیەت و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، بەڵکو بەردەوام مەیدانی کێشەو شەڕی نێوان هێزە میلیشیاکان بووە لەسەر باڵادەستیان بەسەر بیرە نەوتیەکاندا.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئایا توانای دەوڵەت بۆ دابینکردنی دارایی و جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی وەها گەورەی تێکەڵبون بە ئابوری جیهانەوە ئیمکانی هەیە، یان ئەو ئاستەنگیانە چین کە بەرەوڕوی ئەم پرۆژەیە دەبنەوە؟.

ئەو ئاستەنگیانەی ڕێگا بە خێرایی چوونە پێشەوەی ئەم پرۆژەیە دەگرێت کەم نین و وەلانانیان ئاسان نیە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی گەندەڵیەکی تەواو زاڵ و بەربڵاو و سیستماتیک کە لە تەواوی عێراقدا سایەی کردووە. هەروەها ئاستەنگی ئەوەی عێراق تائێستا شایەتحاڵی دۆخێکی وەها نائەمنی و بونی هێزی میلیشیاو ناسەقامگیریە کە تێپەڕاندنی بە ئاسانی نایەت بەدەستەوە، چونکە هەوڵی گروپە میلیشیاکان کە بەشدارن لەدەسەڵاتدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی کۆنترۆڵی دەوڵەت و سەرچاوەکانی بەشێوەیەکە

کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و تێکدانی توانای حکومەت بۆ هەماهەنگی وردی پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردن، بۆیە دور نیە ببێتە هۆی کشانەوەی وەبەرهێنەرانی بیانی، یان کشانەوەی ئەو وڵاتانەی کە هەوڵی سودمەندبوون لەڕێڕەوی گەشەپێدانی سەرمایەگوزاریەوە ئەدەن.

هەروەها سروشتی کوتلە سیاسیەکانی عێراق زیاتر ئاسانکاری بۆ حسابات و قازانجی کورتخایەن دەکەن، تائەوەی پشت بەستن بە پڕۆژەی درێژخایەن، بەڵام دەخالەت و پرۆژەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیا بەتایبەتی چین بە ئاراستەی پرۆژە درێژخایەنەکان هەنگاو دەنێن.

لەهەمانکاتدا بەربەستی سەرکەوتنی پڕۆژەکە بریتیە لە سەختی دابینکردنی بودجەی بەردەوام بۆ پڕۆژەیەکی وەها گەورە، کە ناکارایی و گەندەڵی بەربڵاو لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا، کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکات، ڕەنگە ئەگەری نائەمنی و نادڵنیایی وەبەرهێنەران لەڕێگای گەشەپێدان و ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت سوودی لێ وەربگرن، بێهیوایان کات.

ئەوەی بەرچاوە حکومەتی محەمەد شیاع سودانی ڕێگەی گەشەپێدانی لەباوەشگرتووە، کە بە ئامرازێکی دەزانێت بۆ خێراکردنی گەشەسەندنی ئابووری عێراق و پتەوکردنی پەیوەندی وڵات بە بازاڕە جیهانیەکان و دروستکردنی سەرچاوەیەکی گەورەی نوێی داهات، لەباری عەمەلیشەوە هەوڵ ئەدات بەم ڕێگەیە سەرۆکایەتی خۆی و دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی جێگیر بکات.

ڕێگای گەشەپێدان بەوپێیەی پرۆژەیەکی ئابووریە کە لە دەوری ئامانجێکی سیاسیدا دەسوڕێتەوە، ئەویش سەرکەوتنی گۆڕینی دۆخی سیاسی ئێستای عێراقە لە نائارامی ئێستایەوە بۆ ئارامی و گەڕان بەدوای چارەسەری ئاستەنگە ئابوری و سیاسیەکان، ئامانجی ڕێگای گەشەپێدان زیاترە لەوەی پەیوەندی بازرگانی سنووربەزێن بەدەستبهێنێت، جگە لەڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی کە بەندەری فاو لەباشووری عێراق بە سنووری عێراق و تورکیا دەبەستێتەوە، دەبێتە هۆی دامەزراندنی کارگە و وەرشەکان، کە ڕێگەی زیاتر بە چالاکیە ئابوری بازرگانیەکان دەدات، سودانی ڕایگەیاند کە ڕێگای گەشەپێدان تەواوکەرێکی پێویستە بۆ

بەندەری فاو لەناوخۆدا بەرەو تورکیا و ئەولاتری تورکیا.

لەوەش زیاتر، پڕۆژەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێناسەکردنەوەی سنوورەکانی باشوور و باکووری عێراق، هەربۆیە حکومەتی عێراق بەرنامەڕێژی دەکات بۆ ناوەندبونەوەی عێراق و کۆنترۆڵکردنی سنورەکان.

هاوکات ڕێگای گەشەپێدان، وەک پڕۆژەیەکی گەورە کە کاریگەری ستراتیژی لەسەر عێراق هەیە، ڕەنگە ببێتە دەرفەتێک و هاندەرێک بۆ حکومەتی عێراق بۆ درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی ئەمنی خۆی بەسەر ناوچە پەراوێزەکان و فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵاتە ناوەندیەکان. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەوڵدان بۆ بچوککردنەوەی قەبارەی هەرێم مانا پەیدادەکات، حکومەتی عێراق پێویستی بەوەنابێت حکومەت و دەسەڵاتێکی تر لە چوارچێوە عێراقدا لە پاڵیدا بێت و ببێتە هاوبەش لەم پڕۆژەیەدا، ئەوەندە بارزانی و تاڵەبانی دەوێت کە سەر یەشە بۆ پڕۆژەکە دروست نەکەن و بتوانن ئەمنیەتی هەرێم بپارێزن، جگە لەوەش ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی نوێ ئامڕازی خێرای پەیوەندی نێوان

پارێزگاکانی عێراق پێویست دەبێت، دروست بکرێن، بۆ باشتر تێکەڵکردنی شارەکان لەگەڵ یەکتر و پەرەپێدانی چالاکیە ئابووریە ناوخۆییەکان و پڕۆژە بەرفراوانەکان.

عێراق دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕێڕەوێکی سەرەکی بۆ کاڵاکان، کە ئابوورییەکەی هاندەدات و هەلی کار دروست دەکات و سەرچاوەی نوێی داهات بۆ سەرمایەداران و دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت. کاربەدەستانی عێراق داهاتی ساڵانەی پرۆژەکە بە نزیکەی چوار ملیار دۆلار مەزەندە دەکەن، کە کۆی تێچووی پڕۆژەکەش بە نزیکەی (17) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

قەتەر وڵاتێکی سەرەکیە لە کەنداودا کە ئارەزووی پێشخستنی ئەم پڕۆژەیە دەکات، بەتایبەتی پاش ئەو ئەزمونە تاڵانەی کە تێیدا ژیاوە لەکاتی ئەو گەمارۆیەی کە لەلایەن سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرەین لە نێوان ساڵانی (2017 بۆ 2021) بەسەریدا سەپێنراوە، ئەمەش وای لە قەتەر کرد بەدوای ڕێگەی بەدیلدا بگەڕێت بۆ بازرگانی. جگە لەوەش قەتەر پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ تورکیا

هەیە کە هاوپەیمانی سەرەکی ناوچەکەیە لە پێش و لە کاتی گەمارۆکەدا.

تورکیا بە جۆش و خرۆشەوە پشتگیری لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەکات، چونکە ڕێگایەکی کورت بۆ ناوچەی کەنداو دابین دەکات و هەروەها خواستەکانی ئەنقەرە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی جیهانی جێبەجێ دەکات.

هاوکات ئیمارات دەتوانێت لەم پرۆژەیەدا هاوبەشی بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی محەمەد شیاع سودانی، داوای هاوکاریی کرد بۆ بەڕێوەبردنی بەندەری فاو کە بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیە پێکدەهێنێت. ڕەنگە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندی ئیماراتدا بگونجێت بۆ بەهێزکردنی بوونی خۆی لە عێراق، و پاراستنی پێگەی خۆی وەک لایەنێکی سەرەکی لە بەڕێوەبردن یان سەرپەرشتیکردنی بەندەرەکان لەسەر ئاستی جیهانی. بەڵام واپێدەچێت ئیمارات کەمتر مەیلی بەشداریکردنی لەو پرۆژەیەدا هەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری ئەوەی کە بەندەری فاو ببێتە ڕکابەری بەندەرەکانی خۆی، هەروەها ئەو

کاریگەریـەی کـە گروپـە میلیشـیاکانی لایەنگـری ئێران و دژە ئیمارات لە عێراقدا دەور دەبینن. بۆیە ئیماراتبـە لەبەرچاوگرتنی ئـەو بەرژەوەندیەی کە ڕێڕەوی ئابووری لە نێوان هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ئەورووپـا لـە کاتی شـەڕی غەززەدا وەریگرتووە، ئەوەی پێباشترە چاوەڕێ بکات پێش پابەندبوونی بە پرۆژەیەکی لەوچەشنە.

لـەم کەیـن و بەینەشـدا، کوێـت بەنـدەری فـاو بەرکابەرێکی بەندەری موبارەک ئەلکبیر لە دوورگەی بوبیـان لێـک ئەداتەوە، کە بەردەوامی دروسـتکردنی گـرژی لەنێـوان عێـراق و کوێتـدا دروسـتکردووە. هـۆکاری ئەمـەش تەنهـا ناکۆکـی لەسـەر سـنووورە دەریایەکانـی نێـوان هـەردوو وڵات نییـە، بەڵکو ئەو بۆچوونـەی عێراقیشـە کەڕەنگـە بەختـی بەنـدەری موبـارەک ئەلکەبیـر تێکبـدات. ئـەم ناکۆکییانـە بووە هـۆی ڕاگرتنـی کارکردن لەسـەر پـرۆژەی بەندەری کوێت بۆ ماوەیەک، بەڵام لە مانگی تەمموزی (2023) حکومـەت دەسـتپێکردنەوەی کارەکانـی تەواوکردنی ڕاگەیاند.

«هەنگاونـان بـەرەو چیـن» بووەتـە بەشـێک لـە گوتـاری سیاسـی هەندێـک لـە کوتلـە سیاسـیەکانی

عێـراق، بەتایبـەت ئەوانـەی لـە ئێرانـەوە نزیکـن، کە ئەمەیـان وەک ئامرازێـک بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هەژموونی ئەمریکا نیشانداوە، لەلایەکی تریشەوە بە سەرکەوتنی پرۆژەی گەشەپیدان دەخەملێنرێت.

لـە سـاڵی (2021) عێـراق بـووە گەورەتریـن سـوودمەند لەو پارەیەی کە چین بۆ دەستپێشخەری «پشتێن و ڕێگا» تەرخانی کردووە، لە کۆی نزیکەی (60) ملیار دۆلار (10.5) ملیار دۆلاری وەرگرتووە. پێش ئەوە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ چین ڕێککەوتبوو لەسەر دامەزراندنی سندوقێکی هاوبەش کـە تێیـدا داهاتـی سـەدهەزار بەرمیـل لەڕۆژێکـدا لـە هەناردەکردنـی نەوتـی عێـراق بـۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکانـی چیـن و وەبەرهێنانەکانـی پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوە و پرۆژەکانی گەشـەپێدان لە عێراق بەکاربهێنرێت.

حکومەتـی عێراق بەنیـازی ئەوە بوو کە بەندەری فـاو وەک پرۆژەیەکـی تەواوکەری دەستپێشـخەری «پشـتێن و ڕێگاوبـان» پیشـان بـدات، ڕێڕەوێکـی دەریایـی نـوێ دابیـن بکات کـە بتوانێـت خزمەت بە چیـن و زلهێزە ئابووریە تازەپێگەیشـتوەکانی ئاسـیا بکات، بەو پێیەی بڕیارە کاتی گواستنەوەو گەیشتنی

کاڵاکان بۆ ئەوروپا کەم بکاتەوە. بۆیە لەم نێوەدا عێراق ڕووبەڕووی کێبڕکێی توندی وڵاتانی دراوسێ دەبێتەوە، کە هەندێکیان زیاتر لە بازرگانی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی بەندەر و کەشتیوانیدا بەشدارن، وەک ئیمارات و هەندێکی دیکەش وەک تورکیا، ئێران و کوەیت،کە توانای ئەوەیان هەیەڕێگری لە پلانەکانی عێراق بکەن.

حکومەتی عێراق وەها نیشان ئەدات ئەوپەڕی گرنگی بە شەفافیەت دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا. بەڵام ئەمە شتێک نادات بەدەستەوە گەر حکومەت نەتوانێت پشتگیری سیاسی بەردەوام دەستەبەر بکات و بودجە بۆ ڕێگای گەشەپێدان ڕێکبخات، ئەمەش پێویستی بە بنیاتنانی کەیسێکی بەهێز هەیە لە بەرژەوەندی پرۆژەکە تا گومانی سەرنەکەوتنەکەی کەمکاتەوە.

لە دواجاردا ئەتوانین بڵێین ئەم پرۆسەیە لە گەشەپێدانی ئابوری عێراق دەستی پێکردوە، سەرکەوتن یا شکست لەبەردەم چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێکی تەواو جیاوزادا بەرەوڕوە، کە لە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕو دۆخێکی سیاسی وەهادایە کە هاوکێشەی سیاسی دەخاتە بەردەم دەورانێکی

تـازەوە، كاریگـەری جـدی لەسـەر ڕۆڵ و نەخـش و هاوسـەنگی هێـزەكان دادەنێت، كـە چـۆن مامەڵەی دۆخەكـە دەكـەن. هێـزە شـیعەكان بـە تایبەتـی چوارچێـوەی هەماهەنگی لە حكومرانی و دەسـەڵاتی سیاسـیدا دەسـتی بـەم ڕەوتـەوە گرتـووە، نەخشـە سیاسـیەكانی لەسـەر ئـەو بنەمایـە پیـادە دەكات، لە هەوڵی هەنگاوەكانی ناوەند بونەوەی عێراقدایە.

هەرێمی كوردسـتان خۆی ڕادەسـتی ئەوەكردوە كـە بەشـێكە لـە عێـراق و گەڕاوەتـەوە ژێرڕكێفـی دەوڵەتـی ناوەنـدی، ئـەم ئاڵوگـۆڕە هەلومەرجێكـی تـازە دەهێنێتەكایـەوە كـە كاریگـەری لەسـەر هەمو لایەنەكانـی ژیانـی كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسـی دادەنێـت و بزوتنـەوەی كرێـكاری و جەمـاوەری پێدەنێتە قۆناغێكی تازەوە.

حكومەتـی ناوەنـدی ئـەو دەرفەتـەی پەیداكردوە كە هێژمونی خۆی بەسـەر هەمـو جوگرافیای عێراق بـە كوردستانیشـەوە بسـەپێنێ، لـەڕوی سیاسـی و ئابوریـەوە حزبـە بورژوازیـە كوردەكانـی ناچـار كـردوە مـل بـەم دۆخـە بـدەن، دواجار بـەو مەرجە دەتوانـن بەردەوامـی بـە پێگەی سیاسـیان بدەن، كە ببنە پاسـەوانی پرۆژەی گەشـەپێدانی ئابوری عێراق

وبە ڕەسمی قەبوڵی ناوەندبونەوەی عێراق بکەن، هەلومەرجی تازەش گرێخواردنەوەی کوردستانە بە عێراقەوە.

**نوسینی ئەم وتارە بۆ ڕۆشناییە لە سەر گۆشەیەکی ئەو بڕیارنامەیەی کە لە کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستاندا دەنگی پێدرا، سەبارەت بە «بارودۆخی سیاسی و سەرخەتی سیاسەتەکانی حزب»**

# (7)

# ڕێگای گەشەپێدان» و ئۆپەراسیۆنی تورکیا دژی پەکەکە

ڕەچاوکردنـی ئەمنی و ئابوری دوو بابەتی هەرە گرنگـن لـە پەیوەندییەکانـی تورکیـە لەگـەڵ هەردوو حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی عێراقـدا، تورکیـا لـە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بنکەی سەربازی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسـیۆنی دژ بـە پەکەکە لە ناوچەی زۆنـی زەرد لـە دهـۆک و هەولێـر دامەزراندووە، کە بارزانی کۆنترۆڵی تەواوی هەیە لەو زۆنەدا.

تا سـاڵی (2016) ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی تورکیـا لـە ناوچـەی دەسـەڵاتی بارزانیـدا زۆرتـر کورتخایەن بون، ئەنقەرە بەدوای دامەزراندنی بنکەی هەمیشـەیی نەبوو. بەڵام دوای ڕیفراندۆمی (2017) وە ڕاگەیاندنـی ئیدارەی ترەمپ لەبارەی کشـانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سـوریا، هەڵسـورانی هێزەکانی سـوریای دیموکراتی، ئۆپەراسیۆنە سـەربازییەکانی تورکیـا لـە هەولێـر و دهـۆک زیـادی کرد. لە سـاڵی (2018) تورکیا دەسـتی کرد بە دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی.

ئەردۆغـان، بەڵێنیـدا ڕێڕەوێکی ئەمنی بە درێژایی (30 بۆ 40) کیلۆمەتر لە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ عێـراق و سـوریا دروسـت بـکات و دامەزرێنێـت، بەمجـۆرە ئەنقـەرە ئامانجـی کۆنترۆڵکردنی تەواوی

سنووری تورکیای لەگەڵ عێراق خستەبەرنامەی جێبەجێکردنەوە، هەروەها ئەم هەوڵانە نوێنەرایەتی دوایین هەوڵی کردنەوەی دەروازەیەکی سنوری نوێی لەگەڵ عێراق کرد، کە سێگۆشەی تورکیا-عێراق-سوریا پێکدەهێنێت.

بەهۆی خۆئامادەکردنی تورکیا بۆ هێرشێکی کاریگەر بۆ سەر پەکەکە، ئەنقەرە سەرقاڵی دیپلۆماسیەکی چڕ بووە لەگەڵ بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق و سەرکردە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران، دوابەدوای سەردانەکەی ئەم دواییەی هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغدا، عێراق بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا بڵاوکردەوە و تیایدا پەکەکەی بە ڕێکخراوێکی «قەدەغەکراو» و «مەترسی ئەمنی» بۆ تورکیا و عێراق وەسفکرد، کە ئەمەش بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئەنقەرە ئەژماردەکرێت.

ئەنقەرە بەهۆی بێدەنگی بەغداوە هەلی گونجاوتری بۆ هەڵکەوتوە، بۆیە پێدەچێت ئۆپەراسیۆنەکەی لە دژی پەکەکە لە قەزای کارا چڕ بکاتەوە کە دەکەوێتە پارێزگای دهوک، گرنگترین ئامانجی ئۆپراسیۆنەکەی

تورکیا زیاتر بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ڕێگای «گەشەپێدانە»، کە بە موسڵدا تێدەپەڕێت، نزیکەی (30) کیلۆمەتر لە کاراوە دورە.

ئەنقەرە بەتایبەتی نیگەرانە لەوەی کە بوونی پەکەکە لە شەنگال لە ڕۆژئاوای موسڵ، پرۆژەکە پەک دەخات، بەم شێوەیەش جەخت دەکات ئۆپەراسیۆنەکانی لەو ناوچانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەشتی موسڵ و ڕێگای گەشەپێدانەوە کۆنترۆڵ کات.

هەروەها، بەپێی بەیاننامە هاوبەشەکە، بەغدا و ئەنقەرە بڕیاریانداوە لیژنەی هەمیشەیی هاوبەش پێکبهێنن بۆ کارکردن لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەنقەرە تائێستا نەیتوانیوە لەگەڵ بەغدا بگاتە ڕێککەوتنێکی ئەمنی هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە عێراق پێشتر لەگەڵ ئێران واژۆی کردبو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی ئێران، سەرەڕای ئەمەش تورکیا پێیوایە لە هاوکاریە ئابوریەکان لەگەڵ بەغدا و فشارە دیپلۆماسیە هاوبەشەکان بۆ ڕووبەڕوونەوەی پەکەکە، وردە وردە سوودەکانی دەچنێتەوە. جگە لەوەش ئەگەری ئەوە

هەیە سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ عێراق زەمینە بۆ ڕێکەوتنێکی لەو شێوەیە خۆش بکات کە ناوەندێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەخۆ بگرێت.

ئەوەی لەم نێوەدا بایەخێکی جدی هەیە، تورکیا بۆیە هەوڵدەدات لەگەڵ عێراقدا پرۆژەی «ڕێگای گەشەپێدان» بەرەو پێشەوە بچێت، هەوڵدەدات پەیوەندی ناوچەیی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەردوو وڵاتدا لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە بەدەستبهێنێن و پێگەیەکی باڵا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابمەزرێنن.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین، پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پێویستی بە (17) ملیار دۆلار وەبەرهێنانی بیانی دەبێت، ئەو پرۆژەیەی کە بە بەسرە، دیوانیە، نەجەف، کەربەلا، بەغدا و موسڵدا تێدەپەڕێت و لە ڕێگەی ڕێڕەوێکی وشکانیەوە بەغدا و ئەنقەرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەرفەتی پێشڕەوی لەباری ئابوریەوە بۆ هەردوو وڵات دەڕەخسێنێت.

بەرپرسانی تورکیا لەم بارەیەوە دەڵێن، ئەگەر ڕێڕەوەکە بکرێتەوە، لە پرۆسەکەدا هەولێر و موسڵ و کەرکوک و بەغدا بە هاوبەشی ئاوەدان دەکرێنەوە.

هەر لەم بارەیەوە لەبەرئەوەی لە ڕێڕەوەکەدا

هەولێریش هاتۆتە ناوانەوە، ئەنکەرە و بەغدا پێویستیان بەوەیە مامەڵەیەکی گونجاوتر بەکاربهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی پێگەی بارزانی و حکومەتی هەرێم لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا، هەرچەندە بارزانیش ناچاربووە بکەوێتە بەرەی دژی پەکەکەوە، بەڵام دیاریکردنی پێگەو بەشی هەولێر لە پرۆژەی گەشەپێداندا تائێستا ڕۆشن نیە.

هەرچەندە تورکیا دەڵێت ئاسایشی کۆریدۆرەکە لەلایەن قەوارە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها حکومەتی ناوەندی عێراقەوە دابین دەکرێت، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە هەرێم لە کۆریدۆرەکەدا دەیگێڕێت، ڕوون نیە کە چۆن دەبێت.

بەوپێیەی ئەم ڕێگایە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە بەدەر لە ناوچەی کوردستانی عێراقە، پچڕاندنی پەیوەندی وشکانی دەکات لەگەڵ ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن، ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵی هەردوو دیوی سنووری عێراق و سوریا دەکەن، ئەو ناوچانەش هەڵگری ڕەهەندێکی ئەمنی گرنگن بۆ تورکیا بەتایبەتی لە پەیوەند بە پرۆژەی گەشەپێدانەوە.

ڕێگای گەشەپێدان کە بەسرە بە بەغدا و موسڵەوە دەبەستێتەوە، پێش ئەوەی سنووری تورکیا ببڕێت،

تـەواوی هەرێمی کوردسـتانی عێراق بـەدەر دەکات، فاکتەری تۆپۆگرافی و ئابووری لە پشت ئەم بڕیارەوە بـووە. لەلایەکـی دیکەوە، مەسـرور بارزانی، جەختی لەسەر پێویستی «لکاندنی» هەولێر و بەدەستهێنانی «ڕەزامەندی» بۆ جێبەجێکردنی ڕێبازی گەشـەپێدان کـردەوە، ئاخۆ ئەم جەختەی مەسـرور تاچەند وەڵام وەردەگرێتـەوە، بەمانـەوەی پەکەکـە لـە ناوچەکەدا، ئاسۆیەکی ئەرێنی لەبەردەمیاندا نابێت.

پێویسـتە بگوتـرێ ئیـدارەی هەولێـر لـە دوای ڕیفراندۆمی (2017)ەوە بەهۆکاری سیاسی و ئەمنی و ئابووری لە دۆخێکی لاوازدا بووە و پاشکۆبونێکی یەکجاری بۆ بەغدا نیشانداوە، بەڵام کێشەکانیان هەر ڕۆژە لـە بوارێکدا ڕەنـگ ئەداتەوە، هەڵبەتە پێدەچێت لەم پرۆژەیەشدا بە مەرجێکی تەواو خۆڕادەستکردن بـە بەغـداو ئەنقـەرەوە، هێزەکانـی بارزانـی وەک پاسەوانێک دەمێننەوە.

هەڕوەهـا جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەی گەشـەپێدانە و کردنـەوەی ڕێڕەوەکە، ناوچەکانی نێوان کوردەکانی عێـراق و سـوریا لـە یەکتر دادەبڕێـت. تورکیا چەندین جار ڕایگەیاندوە کە دەیەوێت بە کردنەوەی دەروازەی (ئۆڤاکۆ) ڕێڕەوی پەکەکە لە عێراقەوە بۆ سوریا ببڕێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەنقەرە دەیەوێت بگاتە ناوچە سوننە و تورکمانەکان لە باکووری عێراق، وەک موسڵ کە بنکەی سەربازی بەعشیقەی تورکیای لێیە، هەروەها کەرکوک کە تورکمانەکانی تێدا نیشتەجێیە. تورکیا لەڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە دەتوانێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکمان و عەرەبی سوننە دروست بکات بۆئەوەی لە ڕێگەی پەیوەندیە ئابوریەکانەوە کاریگەری سیاسی زیاتر لەسەر ئەم پێکهاتانە بەدەستبهێنێت.

هەرچەندە تورکیا دەڵێت ئاسایشی کۆریدۆرەکە لەلایەن قەوارە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها حکومەتی ناوەندی عێراقەوە دابین دەکرێت، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە هەرێم لە کۆریدۆرەکەدا دەیگێڕێت ڕوون نییە، بەو پێیەی ئەم ڕێگایە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە پچڕاندنی پەیوەندی وشکانیە لەگەڵ ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن، کە کۆنترۆڵی هەردوو دیوی سنووری عێراق و سوریا دەکەن. هەرچەندە هەڵگری ڕەهەندێکی ئەمنی گرنگە بۆ تورکیا، بەڵام مەترسی هەیە لە سەر حکومەتی هەرێم.

ئایندەی پێکهاتەی هەرێم لەم پڕۆژانەدا چۆن دەبێت هێشتا لە مامەڵەدا ماوەتەوە، هەتا گەر

وەک پاسەوانێکش قەبوڵ بکرێن، حکومەتێکی تەواو کارتۆنی بەڕێوە دەبەن، ئەمەیە حاڵەتی ئەو حکومەتەی کە بارزانیەکان سی ودوو ساڵە بەڕێوەی دەبەن و هەر ڕۆژە پردی بەرژەوەندی و سیاسەتی وڵاتێکن، ئەو حکومەتەی کە جەماوەری ناڕازی کوردستان کەی هەلیان قۆستەوە پاکتاوی دەکەن.

(8)

# بارزانی
# له واشنتۆن

سەردانەکەی مەسرور بارزانی، بۆ ئەمەریکا بە پشتبەستن بە بانگهێشتنامەیەکی فەرمیە، کە لە ئیدارەی جۆ بایدن وەریگرتبوو، پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای ئەمەریکایە سەبارەت بە نوێکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە پەیوەندیەکانی واشنتۆن لەگەڵ بەغدا، ئاماژەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکایە بۆ ناوچەکە، هەروەها مامەڵەی ئیدارەی بایدنە دەربارەی فشارەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی لەسەر هەرێم، بەڵام بایدن بۆ خۆی چاوپێکەوتنی لەگەڵ مەسروردا نەکرد.

ئیدارەی بایدن هەوڵئەدات ناوچەکە بکاتە ناوەندێکی سەرەکی کێشکردن بۆ نفوزی زیاتری ئەمریکا لە عێراقدا، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراق و هێزە میلیشیاکانی سەر بەئێران، لەئێستادا کاردەکەن بۆ کۆتایهێنان بەڕۆڵی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا. سەردانەکە لەژێرڕۆشنایی ئەو مشتومڕە بەردەوامەشدایە، لەسەر کاریگەری لایەنە شیعەکانی نزیک بە ئێران، کە شوێنەکانی هێزەکانی ئەمەریکایان لە سوریا و عێراق کردۆتە ئامانجی هێرشەکانیان.

ئەمەریکا سزای بەسەر زۆرێک لە بانکەکانی

عێراقدا سەپاندوە، لەهەمانکاتدا بەسەر کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی لەلایەن بازرگانێکی عێراقیەوە بەڕێوەدەبرێت کە تۆمەتبارە بە نزیکبونەوە لە میلیشیاکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە سوپای پاسدارانی ئێران.

بەردەوامی حکومەتی سودانی، کە "پەیوەندیەکی نزیکی بە پارت و لایەنە شیعەکانی نزیک لە ئێرانەوە هەیە"، لە پرۆسەی دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆیشتنی ئەم هێزانە نوێنەرایەتی کەمبوونەوەی کاریگەری ئەمەریکا دەکەن لە عێراقدا بو پاکردنەوەی زیاتری مەیدانەکە بۆ ئێران.

هێزە میلیشیا شیعەکان بەئاشکرا دژایەتی دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن، تا هاوسەنگی زیاتر بە قازانجی ئێران و هاوپەیمانەکانی بێت. هەر بۆیە ئەمەریکا هەوڵی زیاتر ئەدات تا لە هەرێمی کوردستان، گۆڕەپانێکی گونجاو بۆ پاراستنی نفوزی خۆی لە عێراقدا جێگیر بکات.

لە چەندساڵی ڕابردوودا بەدەورو دەخالەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ناوچەکە زیاتر لەژێر فشاری

توندی هێزە شیعە دەسەڵاتدارەکانی عێراقدا ڕاگیراوە، بە ئامانجگرتنێک کە سوپای پاسدارانی ئێران زیاتر لە جارێک بەئاراستەکردنی مووشەکی بالیستی تێوەگلاون، لەلایەکی ترەوە لەڕێگەی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیەوە ڕاستەوخۆ حکومەتی عێراق بڕیارەکانی بە ئاراستەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم هەنگاوی ناوە.

ئەم فشارانە ناسەقامگیری زیاتری خستۆتە بەردەم ئایندەی قەوارەی هەرێم، کە لەمبارەیەوە ئەمەریکا هەڵوێستێکی جدی نیەو نارۆشنە چۆن مامەڵەی ئەو دۆخە دەکات، لەهەمانکاتدا کاردانەوەیەکی جدی لەوبارەیەوە نیشان نادات، بۆیە بانگهێشتی واشنتۆن بۆ بارزانی ئاماژەی ئەوەیە ڕێگەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا پەیدا بکات، چونکە هەرجۆرە فەرامۆشکردنێکی دەخالەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ئاستی ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا، بە پاشەکشەی زیاتری دەوری ئەمەریکا دەشکێتەوە.

هەرچەندە ئامانجی سەردانەکەی مەسرور بارزانی پەنابردنە بۆ ئەمریکا لە بەرامبەر ئەوەی ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا

کۆبوونەوەکانی بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئیدارەی بایدن لەباری عەمەلیەوە نەیتوانی ئاسۆیەکی ڕۆشن بخاتەبەردەم ئایندەی پێکهاتەی هەرێم، هەروەها هەوڵدانێک نابینرێت بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم، کە ئێران و لایەنە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە حکومەتی عێراقدا لە هەوڵی جێگیرکردنی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق و بچوکردنەوەی قەوارەی هەرێمدان، لەمبارەیەشەوە ئەمەریکا هیچ هەڵوێستێکی پەرچەکرداری نیشان نەداوە.

بلینکن لە کۆمێنتێکی سەر ئەکاونتی خۆی ئاماژەی بەوەداوە کە "ئەمریکا پشتیوانی لە ناوچەیەکی سەقامگیر دەکات وەک بەردی بناغەی پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا". واتە دەبێت هەرێم خۆی لەگەڵ ناوەندا بگونجێنێت، لەلایەکی تریشەوە نابێت بەرەنگاری بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بێت. بۆیە لەو وتووێژانەی لەنێوان بلینکن و بارزانیدا ئەنجامدراون، سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەداراییەکان و موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و ڕێزگرتن لە قەوارە دەستووریەکەی هەرێم، پاراستنی

مافی پێکهاتەکانی تیاکراوە، جگە لەوەی هەردوولا، مەسرور و بلینکن دەڵێن دەبێت ڕێز لە قەوارەی دەستوری هەرێم و سیستمی فیدراڵی بگیرێت، بەڵام باس لەئەنجامدانی هیچ هەنگاوێکی عەمەلی لەوبارەیەوە نەکراوە، هەروەها هیچ پشتیوانیەکی جدی ئەمەریکا بۆ هەرێم نیشان نەدراوە، هیچ بەڵێنێکیش لەوبارەیەوە نەخراوەتە ڕوو، بەڵکو هەوڵی ئەمەریکا تەنها بۆ پێداچونەوەیە لە چۆنیەتی پاراستنی بەرژەوەندیەکان و مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا.

واتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە لوتکەی چڕبونەوەی فشارەکان بۆ سەر ناوچەکە، کە دۆخێکی تازە بەخۆیەوە دەبینێ و بە قۆناغێکی گرنگدا تێدەپەڕێت، بەتایبەتی بەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر دانیشتوانی غەززە، ئەمەریکا پێویستی بەوەیە ئاراستەیەکی گونجاو بگرێتەبەر کە چۆن دەتوانێت بەڕێوەبردنی ململانێ و کێشەکانی لە ناوچەکەدا بەسەرکاتەوە، ئەوەی پێشبینی دەکرێت، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەم ئاڵوگۆڕانەدا، پێگەو جێگاو شوێنێکی وەهایان نەماوە کەڕۆڵیان هەبێت لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا، بانگهێشتکردنی بارزانی تاقیکردنەوەیە بۆئەوەی تا چەند ئەتوانێ

ملکەچی ئەو ئاڵوگۆڕانەبێت و بچێتە ژێر باری قەبوڵکردنی ناوەندبونەوەی عێراقەوە، لەهەمانکاتدا سەرکێشیەک نەکات، کێشە بۆ بونی ئەمەریکا لە عێراق و ناوچەکەدا دروست بکات.

سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا، بۆ بارزانی ئەو مانایەی لێدەبێتەوە تا چەند ئەتوانێ متمانەو پشتیوانی ئەمریکا بەلای بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی بارزانی لە هەرێمدا ڕاکێشیت، کە لەمبارەیەوە بەدوای ئەوەی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدارڵی لەباری عەمەلیەوە خەریکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەتوانین بڵێین سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا وەک کارێکی ڕۆتینی و بێبەرهەم بۆ هەرێم ئەژمار دەکرێت.

ئەو بەڵێنانەی کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا ئەیدات، سیاسەتەکانی نائومێدیەکی گەورە بۆ زۆربەی هاوپەیمانەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا دروست دەکات، چونکە ڕۆڵی خودی ئەمەریکاش لە ناوچەکەدا کەوتۆتە بەر پاشەکشەیەکی زیاتر لە بەرامبەر ململانێی ڕەقیبەکانی لە وڵاتانی سەرمایەداری زلهێزی دنیادا، بۆیە ناتوانێ پاراستنی هاوسەنگی باڵادەستی ئەمەریکا بەسەر دنیاو ناوچەکەدا دەست پێوە بگرێت.

لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی دارایی ئەمەریکا ئامادە نابێت، یان پێویستی بەوە نیە کە لەم ئاڵوگۆڕانەدا بەردەوام بێت کەقورسایی خەرجی مووچەی پێشمەرگە هەڵگرێت.

ئەتوانین بڵێین قەوارەی هەرێم و دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی لەبەردەم ئایندەی ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەی بەرێوەیە، لەسەروبەندی فشاری سنوردارکردنی پێگەی دەسەڵاتی سیاسیدان، ناچار دەکرێن بکەونە ژێر ئاراستەی قەبوڵکردنی ناوەندبونەوەی حکومەتی عیراق و دەستگرتن بەقەوارەیەکی تەواو لاوازو شکڵیەوە، ئەمەش ئەو ئاکامە دەخاتەڕوو کە:

**یەکەم:** پەنابردن بۆ ئەمەریکا و هەر وولاتیکی تر بەفریایان ناکەوێت و ناتوانن سەربەخۆیی قەوارەی هەرێم ڕاگرن و لەبەردەم پرۆسەیەکی نزمبونەوەی ئاستی دەسەڵاتەکاندا دەبن، ناچار دەکرێن لە سایەی حکومەتی عێراقدا پەناگایەک پەیدا بکەن.

**دووەم:** نە دووبەرەکی و نە یەکگرتنی بارزانی و تاڵەبانی و هەر لایەنێکی بزوتنەوەی کوردایەتی، فرسەتی ئەوەیان نادات، بتوانن ئاڵوگۆڕێک بە

بەرژەوەندی پێگەی قەوارەی حکومەتی هەرێم ببەخشن.

**سێیەم:** لەبەردەم هەڵبژاردنەکاندا بەجۆرێک سنوردار دەبن، کە هەر جۆرە ڕێکەوتنێک لە پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن ناتوانێ ئاکامێکی ئەرێنی بۆ بەڕێوەبردن و دەسەڵاتیان بەدەست بهێنن.

2024/3/11

(٩)

# تورکیا چی لە سوریا و عێراق دەوێت؟

لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی (2023)دا، لە بەرژەوەندیە ئەمنیەکانی تورکیادا نەبوون. ململانێ ناوخۆییەکانی عێراق کە دوای لەشکرکێشی و سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و داعش و شەڕی ناوخۆی سوریا، هەموو پێکەوە بوونە هۆی دۆخی ناسەقامگیریی ناوچەکە، کە زیاتر لە دوو دەیەی خایاندوە، لەم نێوەدا پەکەکە کە لەلایەن ناتۆوە وەک قەوارەیەکی تیرۆرستی دەستنیشانکراوە، دەیانساڵە شەڕی ئەنقەرە دەکات، سوودی لەو دۆخە گێژاوەی عێراق وەرگرت بۆئەوەی بوونی خۆی بەدرێژایی سنوورەکان لە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقدا جێگیر بکات.

لەسەر سنوورەکانی تری باشووری تورکیا، لە هەڵمەتی شەڕی بەرفراوانی دژ بە داعش، بووە هۆی ئەوەی کە هاوبەشی نێوان ئەمریکا و یەپەگە دروست ببێت کە بە باڵی چەکداری پەکەکە لەسوریا ئەژماردەکرێت، کە دواتر هێزەکانی سوریای دیموکرات کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنووریەکانیان بەدەستهێنا. ئەم هاوبەشیە بووەتە گەورەترین بەربەست لەبەردەم دووبارە دانانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا.

هەرچەندە تورکیا، پێشبینی ئەوە دەکات کە بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق و سوریا بەشێوەیەکی

بەرچاو لە کەمبونەوەدایە، بۆیە بەدواداچون بۆ ئامانجی فراوانتر دەکات، کە بریتین لە کۆنترۆڵکردنی ئەو نائارامیەی لە سنوورەکاندا هەن، بۆیە هەوڵئەدات بۆ بێبەشکردنی پەکەکە لەهەر پانتاییەک بۆ هەڵسورانی چەکداری.

لەلایەکی ترەوە تورکیا هەوڵئەدات یەکەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە سوریا پاککاتەوە، چونکە تورکیا پەیوەندیەکانی یەپەگە بە پەکەکەوە وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی بۆ داهاتوی خۆی سەیردەکات. دواتریش دوای کۆتایی شەڕەکەی لەگەڵ یەپەگە، ڕەنگە دانوسان لەگەڵ دیمەشق و واشنتۆن بکات، بەڵام ئەمریکا و یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات لەئێستادا بەشێک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام تورکیا دەیەوێت لەو ناوچانە خۆی لە گەڵ واشنتۆدا هەماهەنگی بکات. لە کۆتایدا ئەنقەرە پێیوایە لەدرێژخایاندا حکومەتی سوریا خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی دەکات. بۆیە پێیوایە ڕژێمی ئەسەد دەبێتە لایەنێکی بەشدار لە چارەسەری کێشەکانیدا.

ئەنقەرە کە شایەتحاڵی دوو دەیە ناسەقامگیریە، بەدرێژایی سنووری باشووری وڵاتەکەی، لە پێشبینیکردنی بۆ کشانەوەی ئەمریکا، پلانی هەیە هەنگاو

بنێت بۆ کۆتاییهێنان بەم نادڵنیاییە، بە ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتنی فراوان لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا. داواکاری سەرەکی تورکیا لە ڕژێمی ئەسەد، سەرکوتکردنی یەپەگەیە و گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە کۆنترۆڵکراون بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەسەد. لەکۆتاییدا ئەنقەرە دەیەوێت ئەسەد لانیکەم بەشێک لە پەنابەرە سووریەکان بگەڕێنێتەوە کە زیاتر لە دە ساڵە لە تورکیە نیشتەجێن. لەبەرامبەریشدا ئەسەد دەیەوێت هێزەکانی تورکیا سوریا بەجێبهێڵن.!

نزیکەی شەش ملیۆن سووری لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی تورکیا لە باکووری سوریا دەژین، نایانەوێت دەسەڵاتی ڕژێمی ئەسەد بەم زووانە بگەڕێتەوە، ئەگەر هەر ڕووبدات. بەهەمان شێوە زۆرێک لە پەنابەران لە تورکیا نایانەوێت بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان.

یەکێک لە نیگەرانیە سەرەکیەکانی ئەنقەرە ئەوەیە کە کشانەوەی خێرا لە باکوری سوریا دەتوانێت ببێتە هۆی دارمانی ئەمنی هاوشێوەی کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان. ئەم سیناریۆیە، دروستکردنی لێشاوی زیاتری پەنابەرانە بۆ ناو تورکیا.

بۆ دوورکەوتنەوە لەم سیناریۆیە، ڕەنگە ئەنقەرە داوا لە ئەسەد بکات کە «ناوچەی خۆڵەمێشی» کاتی

لە باکووری سوریا دابمەزرێنێت، هەروەها هێزە سەربازیەکانی تورکیا و ئەو هێزە میلیشیایانەی هاوپەیمانی تورکیا دەکەن، دەستیان بە هەندێک لە دەسەڵاتی ناوخۆیدا بگات، لەکاتێکدا دیمەشق خزمەتگوزاریە گشتیە سەرەکیەکانی وەک پەروەردە، خزمەتگوزاریەکانی گەیاندنی پۆست و هتد بەڕێوەدەبات. دواتر بەدوای کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ، گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی تەواوی ڕژێم لە باکووری سوریا دابین کەنەوە. بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی «دەستەی ڕزگاری شام» کە لایەنێکی ئیسلامی سوننەن، بە هەموو شێوەیەک هەوڵئەدات هەر ڕێکەوتنێک کە ئەنقەرە لەگەڵ ئەسەد ئەنجامی بدات، تێکی بدەن. هەڵبەتە دژایەتیەکانی دەستەی ڕزگاری شام بووەتە ناچاری هاوکاری نێوان سوریا و تورکیا، ئەمەش دەتوانێت تورکیاو سوریا زیاتر لێک نزیک بکاتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیەکانی ئەم دەستەیە لەگەڵ قاعیدە و زیادەڕەوی ئەم دەستەیە، ڕەنگە هێزی دەرەکی دەستێوەردان بکەن بۆ یارمەتیدانی تورکیا لە دامرکاندنەوەی هەوڵەکانی ئەو دەستەیە، کە ئەمریکا و تەنانەت ڕۆژئاوا تا ئێستاش نیگەرانن لە مەترسی کۆچکردنی بەکۆمەڵ لە سوریاوە.

تەنانەت لەکاتێکدا تورکیا لەگەڵ ئەسەد دانوستانەکانی ئەنجام دەدات، هەروەها بەردەوام دەبێت لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە داهاتووی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئەگەری هەیە واشنتن ئامادەبوونی سەربازیی خۆی لەوێ کەم بکاتەوە یان بە تەواوی بکشێتەوە. ئەنقەرە قۆناغێکی ڕاگوزەر پێشبینی دەکات کە تیایدا باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بە شێوەیەکی نافەرمی دابەش بکرێت و لەلایەن خۆی و سوریاوە بەڕێوەی بەرن.

لەئێستادا لەگەڵ کەمی سەربازی ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە هاوبەشیکردن لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات کاردەکەن بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی داعش. لە چوارچێوەی ئەم هەوڵەدا، یەپەگە و لایەنەکانی دیکەی هێزەکانی سوریای دیموکرات پارێزگاری لە زیندان و کەمپی دەستبەسەرکردن دەکەن کە نزیکەی (70) هەزار چەکداری داعش و ئەندامانی خێزانەکانیان تێدا نیشتەجێیە.

بۆ هەندێک ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا – بەتایبەت دۆڵی ڕووباری فوراتی ناوەڕاست – ئەنقەرە هاوکار دەبێت لەگەڵ ئەمریکا و ڕێگری لە گەڕانەوەی داعش بە هاوکاری هۆزە عەرەبیەکانی دۆستی تورکیا.

سەبارەت بە بەشەکانی دیکە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئەنقەرە گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق دەکات سەبارەت بە ڕێکخستنی گەڕانەوەی ڕژێمەکە و کۆتاییهێنان بە کۆنترۆڵی یەپەگە، ئەمەش لە چوارچێوەی یەکلاییکردنەوە و کۆتاییهێنانە بە شەڕ.

یەکێک لە ئاستەنگیەکانی بەردەم هەوڵەکانی تورکیا، ئێرانە کە تا ئێستاش وەک پشتیوانێکی گەورەی دەرەکی ئەسەد دەمێنێتەوە، بەڵام ئێران بێهیوا بووە لە فراوانکردنی نفوزی خۆی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا. بەتایبەتی بەدوای هەڵگیرسانی شەڕ لەلایەن ئیسرائیلەوە دۆخەکە لەناو سوریا بۆ ئێران سەختر بووە، لەڕاستیدا ڕەنگە ئامادەبوونی سەربازی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو «پردی وشکانی» ئێران پەک بخات کە سوریا بە عێراق و لوبنانەوە دەبەستێتەوە.

وەک ئاڵۆزیەکانی دۆخەکە وەها دەردەکەوێت، بژاردەیەکی سیاسەتی ئاسان بۆ ئەمریکا لە سوریادا نییە تا بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی خۆی بسەپێنێتەوە، چونکە لەبەرامبەر نەخشەی واشنتۆندا هیچ یەک لە ئێران و ڕوسیا و چین ... ئامادە نین پێشوازی لە هەر ڕێکەوتنێک بکەن بەناوی ئەوەی کە ڕژێمی ئەسەد بگۆڕدرێت.

لەلایەکی ترەوە هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەنقەرە لە سوریا و عێراق، لەسەر ڕێڕەوی بردنەپێشەوەی پڕۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" کە تۆڕێکی بازرگانیە بە عێراق و تورکیادا تێدەپەڕێت، بازاڕەکانی ئاسیا و ئەوروپا لەڕێگەی زەریای هیندی و دەریای ناوەڕاستەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش پەیوەندیەکی تایبەت بەجیالەوەی سوریا کە بەشێوەیەکی ئاسانتر پەیوەندی تورکیا بە عێراق دەبەستێتەوە، جگە لەو پەیوەندیەش کەسی ساڵ زیاترە تورکیا بە بارزانیەوە گرێیداوە.

لەهەمانکاتدا لەم دواییانەدا ئەنقەرە بڕیاریدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغدا باشتر بکات، بەغداش گڵۆپی سەوز بۆ پرۆژەی «ڕێگای گەشەپێدان» هەڵکردوەو لە هەمانکاتدا پەکەکە وەک «ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو» پۆلێن دەکات.

ئەنقەرە پێیوایە گرێبەستی بیناسازی قازانجبەخش بۆ بەندەر و ڕێگاوبان و ژێرخانی هێڵی ئاسنی پڕۆژەی «ڕێگای گەشەپێدان» لە هەردوو شاری بەغدا و حکومەتی هەرێم بۆ ناو بازنەی خۆی ڕادەکێشێت، هاوکات داوای پاڵپشتی ئەمەریکا دەکات بۆ بەهێزکردنی نفوزی تورکیا وەک هێزێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی

لەبەرامبەر ئێراندا. ئەگەر هەموو ئەم ئامانجانە بەدی بهێنرێت، ئەنقەرە داوا لە بەغدا دەکات ئامادەبونی سەربازی تورکیا لە باکوری عێراق قبوڵ بکات.. لە هەمانکاتدا داوا لە تاڵەبانی دەکات کە پەناگەی ئارام لەسەر خاکەکەی بۆ پەکەکە ڕەتکاتەوە.

بە ڕژەوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا لە عێراق بەئاسودەتر و بەئاسانیتر یەکدەگرنەوە لە چاو سوریا، پڕۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" بەشێکی سەرەکی ئەم هەوڵەیە. بێگومان هەموو ئەم هەوڵانەی تورکیا کاریگەری لەسەر ئەو دۆخە دەبێت کە عێراق و سوریای کردۆتە گۆڕەپانی سەرەکی کێبڕکێ بەرامبەر بە ئێران. ئەگەر واشنتۆن و ئەنقەرە بگەنە ڕێکەوتن لەسەر ئایندەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بە دڵنیاییەوە تاران هەنگاو دەنێت بۆ تێکدانی هەوڵەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا، تاران جگە لە فشارخستنە سەر ڕژێمی ئەسەد بۆ ڕەتکردنەوەی هەر ڕێککەوتنێکی بەرفراوان لەگەڵ ئەنقەرە، لەهەمانکاتدا بە پەیوەندیە درێژخایەنەکانی لەگەڵ تاڵەبانی کەڵک وەردەگرێت بۆ ڕێگریکردن لە پلانەکانی تورکیا دژی پەکەکە لە عێراقدا.

هەروەها ئێران لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە بەغدا کەڵک وەردەگرێت بۆ تێکدانی سیاسەتی پڕۆژەی

«ڕێگای گەشـەپێدان»، یان بە خاوکردنەوەی پرۆسـەی بیناسـازی یـان دواخسـتنی جێبەجێکردنـی پڕۆژەکـە. دەستپێشـخەری ئـەم دواییانـەی (دەوڵـەت باخچەلـی)، سـەبارەت بـە ئازادکردنـی عەبدوڵڵا ئۆجـالان، کە تێیدا ئامادەیـی خـۆی بـۆ ئازادکردنی ئۆجـالان ڕاگەیاند بەو مەرجـەی «عەبدوڵـڵا ئۆجەلان، لە زینـدان دەربهێنرێت و لـە پەرلەمانـی تورکیـا چەکدانـان و هەڵوەشـانەوەی پەکەکە ڕابگەیەنێت.»

«ئۆجـەلان وتوویەتـی، مـن ئامادەم بەرپرسـیارێتی مێژوویـی خـۆم جێبەجـێ بکـەم، داوا لـە ڕێکخراوەکـە دەکەم چەکەکانی دابنێت».

ئێسـتا پرسـی گەرمی تورکیا چەکدانانـی پەکەکەیە، تورکیـا دەیەوێـت ئـەو کارە لەسـەر دەسـتی ئۆجـەلان بکرێـت، (دەوڵـەت باخچەلـی) یەکەم کەس بـوو ڕێگەی چـەک دانانـی پەکەکـەی ڕاگەیانـد و وتـی «بـا ئـەو گۆشـەگیریەی سـەر ئۆجـەلان هەڵگیـرێ و ببرێتـە ناو پەرلەمـان و لەبەردەم هەموو نوێنەرانی پەرلەماندا بڵێ من کۆتایم بەو ڕێکخراوە هێناو چەکەکانتان دابنێن».

ئەمـە چەنـدە واقیعـی دەبێتـەوە بـەڵام پێشـنیازی باخچەلی بەشـێکە لەو سیاسـەت و هەنگاوانەی تورکیا هەوڵ ئەدات کە ڕۆڵێکی زیاتر بگێڕێت لە دۆخی سیاسی

ناوچەکە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێشبینی دەکرێت، تا پێگەی خۆی قایم بکات، بەتایبەتی کە داگیرکاری ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و باشوری لوبنان و هەوڵدانی ئیسرائڵ بۆ فراوانکردنی شەڕ لە ناوچەکەدا، دۆخێکی تازەی فەراهەم هێناوەو هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، تورکیاش وەک لایەنێک بۆ بردنەپێشەوەی دەستتێوەردانەکانی لە ناوچەکەدا و لەڕاستای ئەم دۆخە دژوارەدا، لە هەوڵی دەستکەوتی بەرژەوەندی زیاترە، تا دوای وەستانی شەڕ لە ناوچەکەدا هاوسەنگی خۆی بالاتر کات و پێگەی خۆی بە هێزتر کات، کە لەم بارەیەوە قسەکردن لەسەر هەندێ مافی خەڵکی کوردستانی تورکیا و ڕێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکە بکاتە زەمینەیەک بۆ ئەو ستراتیژەی کە دەیەوێت بالادەستی بەسەر عێراق و سوریدا بسەپێنێت، ئەوەی بۆ تورکیا بێبایەخە مافی خەڵکی کورستانە.

*** بۆ هەندێ زانیاری بۆ ئەم وتارە سود لە وتارێکی «سونر چاغاپتاي» وەرگیراوە بە ناونیشانی «تركيا تريد إعادة ربط العراق وسوريا».**

# (10)
# دوودڵی چین
# لە پڕۆژەی گەشەپێدان

ئامانجی پڕۆژەی گەشەپێدان کە گۆڕینی عێراقە بۆ ڕێڕەوێکی ناوەند بۆ بازرگانی جیهانی، بەتایبەتی لەنێوان ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و کەنداو و ئەوروپا. فەلسەفەی پڕۆژەکە لەسەر بنەمای سەیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەک ناوەندی بەرهەمهێنانی جیهانی و ئەوروپا وەک بازاڕی بەکاربەری سەرەکی دامەزراوە. واتە دامەزرێنەرانی پڕۆژەکە پێشبینی دەکەن کە گواستنەوەی کاڵاکان لە ئاسیاوە بۆ ئەوروپا بزوێنەری سەرەکی وەبەرهێنانی تێدا دەبێت.

ڕێگای گەشەپێدان یەکێکە لە هەرە گرنگترین پڕۆژەکان بۆ داهاتوی عێراق، کە حکومەتی عێراق حسابی بۆ دەکات بۆ گۆڕینی فراوانبونەوەی واقیعی ئابووریەکەی، ئەمەش بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەری ئەم پڕۆژەیەوەیە لە ئابووری ناوخۆدا، کە دەبێتە پەیوەندی نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا. لە ڕێگەی بەندەرەکانی عێراقەوە پڕۆژەکە بەشداری دەکات لە بەهێزکردنی پەیوەندی هاوبەش بۆ پەیوەندی نێوان ئەو وڵاتانەی بەدرێژایی ڕێگاکە هەڵکەوتون، کە بەشدار دەبێت لە بەدەستهێنانی گەشەپێدانی هەمەچەشن، سەربەخۆ، هاوسەنگ و بەردەوام لە عێراقدا.

عێـراق توانـی دانوسـتانی دوو قۆڵـی لەگەڵ چین بکات بۆ بەسـتنەوەی بەندەری گوادەری پاکستان بە بەندەری فاو لە عێراق، هەروەها سوود لە هەڵکەوتەی جوگرافیـای بەنـدەری فـاو وەربگرێت، لە ڕاکێشـانی بازرگانی جیهانی و دارایی و پیشەسازی.

ڕێـڕەوی گەشـەپێدان، نەرمیەکـی بـەرز بـۆ گواسـتنەوە، بازرگانـی، زانیـاری، وزە، نـەوت، گاز، کارەبـا و پەیوەندیـەکان لـە نێـوان وڵاتانی پشـتێن و ڕێگادا دابین دەکات، بە تایبەت بۆ عێراق، تا نەکەوێتە ژێر کاریگەری قەیرانە جیهانیە جیاوازەکانەوە.

دروسـتکردنی ناوچـەی ئابـووری، تایبـەت بەدرێژایـی ڕێـڕەوی گەشـەپێدان لـە چوارچێـوەی خاکـی عێراقـدا، لەوانـە لـە فـاو، بەسـرە و دەروازە سـنووریەکان لەگەڵ ئێران، سـعودیە، تورکیا، ئوردن و سـوریا، شـاراوە نییـە کە ئـەم ناوچـە ئابووریانە، سـوودێکی زۆریـان بۆ ئابووری عێراق و ڕاکێشـانی وەبەرهێنانـی ڕاسـتەوخۆی بیانـی دەبێـت، کـە کلیلی پرۆسەی گەشەپێدان کاردەکات بۆ زیاتر کەڵەکەکردن و چڕکردنەوەی سەرمایە.

عێـراق لـە ڕێگەی میحـوەرە جیاوازەکانـەوە بۆتە ناوچەیەکی ترانزێتی جیهانی بۆ گواستنەوە و بازرگانی

و بەم شێوەیەش چەندین سوودی بۆ ئابووری عێراق بەدەستهێناوە، لە ڕووی هەمەچەشنکردن و دابینکردنی سەرچاوە دارایەکان لە ڕێگەی بازرگانی و گواستنەوەوە، سود وەرگرتن لە ڕێڕەوی نێودەوڵەتی هێڵەکانی کارەبا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لە ڕێگەی ڕێڕەوی گەشەپێدان و دوولایەنە گرێدراون، بە تایبەت کە عێراق زیاتر پێویستی بە کارەبا هەیە.

سود وەرگرتن لە ڕێڕەوی نێودەوڵەتی نەوت و گاز، کە لە سەرانسەری ڕێڕەوی گەشەپێدان درێژدەبنەوە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی بەکاربەر، دیارترینیان چین و هیندستان و ئەورووپایە.

کەڵک وەرگرتن لە تواناکانی سیستەمی پەیوەندیەکانی مانگی دەستکردی بەیدۆی چین کە لە تۆڕێک لە مانگە دەستکردەکان پێکدێت، بۆ پاراستنی ئەو کۆریدۆرانە و کۆنترۆڵکردنیان لە بۆشایی ئاسمان، ئەمەش ئاسایش و شلەژانی بەدرێژایی ڕێڕەوی گەشەسەندن بە عێراقیشەوە بەرز دەکاتەوە.

پلانە سەرەتایەکانی ئەم پڕۆژەیە کە کەمکردنەوەی کاتە لە گواستنەوەی کاڵاکان و کەمکردنەوەی بڕی تێچوی گەیشتنی کاڵاکان، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ وەبەرهێنان و ئاسانکاری بۆ

دەوری کۆمپانیاکانی کەشتیوانی بیانی، جگە لەوەش پلانی دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی ئازاد و سەنتەری لۆجستی هاوتەریب لەگەڵ پاڵپشتی کەرتی بەرهەمهێنانە لە عێراقدا.

ئەوانەی لەم پرۆژەیەدا جێگایان دەبێتەوە، تائێستا عێراق، تورکیا، قەتەر و ئیماراتە، کە ئەو وڵاتانەن پاڵپشتی پرۆژەکە دەکەن، عێراق وەک سەنگی سەرەکی پشت پرۆژەکە سەیر دەکرێت، تورکیاش وەک هێزێکی پاڵپشتی سەرەکی دیاری دەکرێت، هاوکات دۆحە و ئەبوزەبی وەک خاوەنی دارایی ستراتیژی پرۆژەکە دەناسرێن، ئەمە جگە لەوەی سوود لە ئەزموونی کارکردنیان لە بەندەرەکان و ژێرخانە گەورەکان وەردەگرن. ئەم پرۆژەیە بەلای چینەوە وەک دەستپێشخەریەکی گرنگ دەبینرێت، بە «تەواوکەری دەستپێشخەری «پشتێن و ڕێگا» دەبینێت و ناکۆکی لەگەڵدا نیە. «کوی وی» باڵیۆزی چین لە بەغدا ئامادەیی پەکینی دەربڕی بۆ وەبەرهێنان لە هەندێک پرۆژەی پەیوەندیدار بەو کۆریدۆرەوە.

بەڵام هێشتا پێناچێت پەکین لە سەروی ئاستی باڵیۆز لە بەغداوە بەرژەوەندی گشتی لەو پرۆژەیە وەربگرێت، تا ئێستا هیچ گفتوگۆیەکی جددی لەبارەی

بەشداریکردنی کۆمپانیا چینیەکان لە پرۆسەی پلاندانان، بیناسازی، دارایی یان پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پڕۆژەکە نەکراوە. تەنانەت هەر لەو دیدارەی کە باڵیۆزی چین پاڵپشتی پڕۆژەکەی کرد، پێش ئەم پڕۆژەیە هاوکاری دوو قۆلی لەگەڵ عێراق خستە ژێر چەتری دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگاوبان.

هەروەها چین لە چوارچێوەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگادا، عێراق وەک پێکهاتەیەکی گرنگی پەیوەندی لۆجستی و بازرگانی سەیر ناکات، بەڵکو عێراق وەها دەبینێ ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە، وەک سەرچاوەیەکی نەوت لە ئاسایشی دابینکرنی وزەی چیندا.

ئەگەر کەناڵی سوێس وەک ڕێڕەوی سەرەکی ڕێگای ئاوریشمی دەریایی بۆ ئەوروپا سەیر بکرێت، ئەوا ڕێگای گەشەپێدانی عێراق تەواوکەرێکی ڕاستەقینەی لقی وشکانی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگایە. ئەو کاتەی کە لە چینەوە بۆ ئەوروپا، لە ڕێگەی کەناڵی سوێسەوە، (35) ڕۆژ زیاتر بێت، ڕێگای گەشەپێدان ماوەی گواستنەوەی کە (25) ڕۆژ کەمتر دەبێت خزمەت بە جوڵەی بازرگانی چینی دەکات. ئەمەش بە بوونی ئەو کەشتیانەی بەرەو

ئەوروپا دەڕۆن لە بەندەری «گراند فاو» بەر لە دابەزاندنی کەلوپەلەکان و گواستنەوەیان لە ڕێگەی شەمەندەفەر و ڕێگاوبانەوە بەسەر عێراق و تورکیادا.

هەرچەندە چین دەربارەی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی عێراق لە دەستپێشخەریەکی گرنگەوە بۆی دەڕوانێت بەرەو بەرزکردنەوەی پەیوەندی لۆجستی و بازرگانی لە ناوچەکەدا، وەهاش دەردەکەوێت کەدەرفەتی زۆر بۆ بازرگانی چینی دەخولقێنێت، بەڵام پێدەچێت هێشتا پەکین بڕیاری یەکلاییکەرەوەی بۆ وەرگرتنی ئەم ڕێڕەوە نەداوە، بەشداری کۆتایی چین بەندە بەو دەرفەتانەی کە لەسەر ڕێگای گەشەپێدان بەردەستن و تەواو بێکێشەن، هەروەها بەندە بەو تەحەددایانەی کە ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی دەبنەوە کە ڕێگرن لەوەی کە بڕیار بدات بە تەواوی پرۆژەکە لە باوەش بگرێت.

یەکێک لە گرنگترین ئەو تەحەدیانەی جێگای دوو دڵی چینە، دیار نەبونی ستراتیژی دارایی ڕۆشنە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە. دوای ئەوەی ئەم داراییە بە ناجێگیر زانراوە، بووە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق، لە (5)ی ئایاری (2024)، گرێبەستی دیزاین و ڕاوێژکاری لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان هەڵبوەشێنێتەوە،.

هەروەها جدی بوونی دەوڵەتانی کەنداو بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دارایی پڕۆژەکەدا ڕۆشن نیە، بۆیە کۆبوونەوەی وەزاری کە لە (2)ی ئایاری (2024) لە نێوان عێراق، تورکیا، ئیمارات و قەتەر بەڕێوەچوو، ئەنجامەکەی نەبووە هۆی ڕێکەوتن و پشت بەستن لەسەر دابینکردن و گەرەنتی دارایی لەلایەن وولاتانی کەنداوەوە. جگە لەوەش پشتبەستنی ئابووری عێراق تەنها بە داهاتی نەوت و نەبوونی هەمەچەشنی ئابووری و نەبونی ئامادەیی ئابووری بەرامبەر گۆڕانکاری لە نرخی نەوت و سنووردارکردنی ئەمریکا بۆ ڕۆیشتنی دۆلار، بەرژەوەندی وەبەرهێنەرانی وولاتانی کەنداو و بیانی سنووردار دەکات.

هەروەها حکومەتی عێراق لەگەڵ لایەنی چینی گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات لەسەر ئەگەری دووبارەکردنەوەی پشت بەستن بە مۆدێلی «نەوت بۆ بیناسازی» واتە لە هەمانکاتدا نەوت بۆ پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانیش، ئەمەش بەجۆرێک دەردەکەوێت کە حکومەت لە ڕێگەی گرێبەستی فرۆشتنی نەوتەوە پارەی کۆمپانیا چینیەکان بدات. بۆیە پێناچێت پەکین قەناعەتی بەوە هەبێت کە داهاتی نەوتی عێراق لە

درێژخایاندا ئەتوانێ پێداویستی دارایی پرۆژەکان دابین بکات، هەروەها هۆکارێک ئەوەیە کە لە دەیەی داهاتووەوە ئەگەری ئەوەش هەیە خواست لەسەر نەوت کەم بێتەوە.

لە ئەنجامی نەبوونی هاندان لەلایەن دامەزراوە داراییەکانی وولاتانی کەنداو و نێودەوڵەتیەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسیە زۆرانەی پەیوەستن بە پرۆژەکەوە، خواستی حکومەت بۆ سەلماندنی پابەندبونی خۆی بە پرۆژەکە بەتایبەتی بۆ ئەبوزەبی و دۆحە، وەزارەتی گواستنەوەی عێراق لە مانگی ئابدا ڕایگەیاند (6)، (2024)، کە حکومەت لە ڕێگەی بودجەی دەوڵەتەوە پارەی پرۆژەکە دابین دەکات!. ئەمەش دەبێتە نەبونی متمانەی نێودەوڵەتی لەسەر ئیمکاناتی پرۆژەکە، جگە لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بەرفروان لە دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقدا، لە هەمان کاتدا دۆخی عێراق کە هێشتا نەیتوانیوە گێژاوی سیاسی تێپەڕێنێت، هەروەها تەحەدای ئەمنی و سیاسی کە ڕێگری لە بونی جێگیرکردنی ناوەند بونەوەی حوکمڕانی دەکات، بەتایبەتی بارودۆخی ناجێگیری ناوچەکەش دوای ڕوخانی ئەسەد کاریگەریەکی جدی لەسەر عێراق هەیە، کێشەکان

ئاڵۆزتر دەکات و مەترسین لەسەر پرۆژەکان.

هەربۆیە نیگەرانیەکی تری چین ئەوەیە کە عێراق ببێتە گۆڕەپانێک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئێران و ئیسرائیل وەک درێژکراوەی شەڕی غەززە و باشوری لوبنان و کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد، هەروەها ئەگەری لێدانی حەشدی شەعبی و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی و بە ئامانجکردنی سەرکردەکانی کە پێکهێنەری سەرەکی حکومەتی ئێستای عێراقن، مەترسین لەسەر پرۆژەکان، هەروەها دوای هەڵوشانەوەی حەشدی شەعبی ئایندەی حکومەتی عێراق چۆن دەبێت، ئایندەیەکی رۆشن نیشان نادات!.

جگە لە کێشەی ئەمنی و سیاسی، کێشەیەکی تر ئەوەیە، کە سەبارەت بەو لایەنانەیە لە پرۆژەکە دوورخراونەتەوە، بەتایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئێران، و کوەیت، کە لەوانەیە ئەم کێشەیە پاڵ بەو لایەنانەوە بنێن کە لەڕێگەی گەشەپێدانەوە دەخالەت و پێشنیاری تر بە پرۆژەکە پێشکەش بکەن، لە نمونەی فراوانکردنی هێڵی شەمەندەفەر بۆ پەیوەستکردنی ئێران و هەولێر، تا تۆڕی شەمەندەفەری ڕێگاوبانی گەشەپێدان، ناوچەکە بە ئێرانەوە ببەستێتەوە، هەروەها بەرپرسانی ئێران

جەختیان لەوە کردووەتەوە کە پەرەپێدانی بەندەرەکانی باشوور «مەترسی»یە بۆ سەر ئێران، بۆیە تارانیش فشاری خستووەتە سەر بەغدا بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی هێڵی ئاسنین کە شاری شالامچەی خوزستان بە بەسرە، ئێران بە عێراق و سووریاوە ببەستێتەوە. لە ساڵی (2024)دا کوەیت لەگەڵ کۆمپانیا چینیەکان ڕێکەوتن لەسەر زیندوکردنەوەی پرۆژەی بەندەری «موبارەک ئەلکبیر» لە دورگەی بوبیان، کە دەکەوێتە تەنیشت بەندەری «گراند فاو»، ئەمەش بە دوای دەساڵ لە وەستانی ئەو پڕۆژەیە و بە دوای ئەوەی عێراق پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی ڕاگەیاند، هێنراوتە ناوانەوە.

لەلایەکی ترەوە کۆمپانیا چینیەکان لە عێراقدا هەندێک گومانیان هەیە، بەهۆی ترسی هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا ڕۆژئاوایەکان لە ڕێگەی پرۆژەی گەشەپێدانەوە، بۆ نموونە ئەمریکا فشاری خستە سەر بەغدا بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەشداریکردنی عێراق لە دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگاوبان لە ساڵی (2021) دوای ئەوەی عێراق بووە گەورەترین وەرگری وەبەرهێنانی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگاوبان لە هەمان ساڵدا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی

کە حکومەتی کازمی ڕێککەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسا واژۆ بکات بۆ وەبەرهێنانی (27) ملیار دۆلار بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتی و گازیەکانی باشوور.

تا گۆڕانکاری بنچینەیی لە ژینگەی ئەمنی و سیاسی عێراق و ناوچەکەدا ڕوونەدات، هەرچەندە ئەم پرۆژەیە بایەخێکی زۆرگرنگی هەیە بۆ چین هەیە، بەڵام پێناچێت تێوەگلانی بەرفراوانی چینی لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی عێراق بەم زوانە ببینرێت، بە تایبەتی بەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی دوای کۆتایی ئەسەد، هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەی بردە دەورانێکی ترەوە.

لەهەمانکاتدا مەسەلەیەک کە پێویستە بە دوای ئەم ئاڵوگۆڕانەدا، لە دۆخی سیاسی ناوچەکەدا ئاماژەی پێبدەین، هەوڵدانێکە بۆ چونە پێشەوەی پرۆژەی وەبەرهێنان و دامەزراندنی سەرمایەو سەرمایەگوزاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕێکخستنەوە و دامەزراندنی پرۆژەی ئابوری، هاوکاتی ئەو ئاراستەیەی کە دەخوازێ ناوچەکە بەرەو جێگیر سیاسی و ئارام بونەوە ببات.!

بۆ نمونە ئەوەی کە لەسەرەتای ئەم نامیلکەیەدا

باسی لەسەرکراوە، لە ساڵی (2009) قەتەر دەستپێشخەریەک بە پڕۆژەیەک، بەناوی پڕۆژەی «دۆلفین» بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە دەستپێکرد، ئامانجی پڕۆژەکە دابینکردنی غازی سروشتی قەتەر بوو بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا.

ئەوەی شایانی باسە هەر لەکاتی خۆیدا ئەسەد ئەم پڕۆژەیەی پەسەند نەکردوەو لە بەرامبەریدا وەستاوەتەوە، چونکە دەیزانی پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی ڕوسیای هاوپەیمانیەتی، بەو پێیەی ڕوسیا دابینکەری سەرەکی غازە بۆ ئەوروپا، پڕۆژەی دۆلفین زیانێکی گەورە بە روسیا دەگەیەنێت!.

دۆخی بارگرژی و نالەباری سوریا کە زیاتر لە (10) ساڵی خایاند، جێبەجێکردنی پڕۆژەکەی مەحاڵ کرد، بەڵام بە دوای کۆتایی ئەسەدو ئەگەری دامەزراندنی ڕژێمێکی سەقامگیر لە سوریا، تورکیا لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت ئەم پڕۆژەیە ڕوبەڕوی هیچ ئاستەنگیەکی سیاسی نەبێتەوە.! چونکە ئەم پڕۆژەیەو پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و پڕۆژەی ئاوریشم، پایەی تورکیا لە ناوچەکەدا دەباتە پێشەوە، بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئاخۆ چین لەم بارەیەوە

هەنگاوە عەملیەکانی هاوکاتی ئەو پڕۆژانەی کە خۆی دەوری تیا دەبینێت، هەڵوێستی لەبەرامبەر پرۆژەی دۆڵفیندا چۆن دەبێت، بە تایبەتی پڕۆژەی دۆلفین لە باری ئابوریەوە، زیانێکی گەورە بە ئایندەی پەیوەندی روسیا لەبەرامبەر ناردنی غاز بۆ ئەوروپا دەگەیەنێت وکەلێنێکی گەورە لەسەر دەوری پێگەی ئابوری ڕوسیا دادەنێت، ئەمەش چین دەخاتە بەردەم دودڵیەکی ترەوە.

هەر بەو مانایەی تورکیا لەم دەورەیەدا توانی بەشداربێت، لە پاشەکشە بە پێگەو نفوزیی ئێران لە ناوچەکەداو پێگەی خۆی بردە پێشەوە، لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت ڕاستەوخۆ وەک لایەنێکی سەرەکی بەشدار بێت لە پڕۆژە ئابوریەکاندا، ئەم دۆخەش تاڕادەیەک لێژی دەبێت بۆ دەوری ڕوسیا لە باری سیاسی و ئابوریەوە لە ناوچەکەدا، کە جگە لە دابەزینی نفوزی سیاسی ڕوسیا، لە هەمان کاتدا لە پڕۆژە ئابوریەکاندا پاشەکشەیەکی پێدەکرێت، لەم نێوەدا چین چۆن مامەڵەدەکات، ئاشکرایە کەلەو بارەیەوە دەبێت کاریێ بکات ڕوسیا بە کەمترین زیان پڕۆسەکە تێپەڕێنێت، یان ئەو ململانێیە دەبەنە پێشەوە کە پێگە روسیا لە ناوچەکەدا پارێزراوبێت،

ئەمەش ئاستەنگیەکی تر بۆ کاریگەری دەوری چین دروست دەکات.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین دۆخی ناوچەکە بەدوای داگیرکاری و کارەسات و تاوانەکانی ئیسرائیل، بەدوای شەڕی غەززەو لوبنان و کۆتایی ڕژێمی ئەسەد، لەبەردەم ئایندەکی وەها نارۆشندایە، کە دۆخەکە لەسەر چی لەنگەر ئەگریت و چۆن یەکلایی دەبێتەوە، پێشبینی کردنی ئاسان نیە! لە هەمان کاتدا پرۆژە ئابوریەکانیش لە نێو ئەم جەنجاڵە سیاسیەدا تائەو کاتەی پرۆسەی ئارامبونەوە دەگاتە سنوری خۆی، بە چەندین دابەزین و بەرزبونەوە بە کاریگەری لە سەر باری ئابوری و دارایی لە ناوچەکەدا تێدەپەرێت، تا ئەوکاتەی پانتاییەک بۆ ئاسایشی سەرمایەگوزاری دابین دەبێت. پرۆژەکانی ئێستای ناوچەکە لە «گەشەپێدان»، «پشتێن و ریگا»، «رێرەوی ئابوری»، ئاوریشم و دۆلفین، کە زیاتر چەخت لەسەر پەیوەندکردنی ئاسیا بە ئەوروپاوە دەکات، بەهەر ڕکابەریەکیان لە ئاکامدا بەشێک دەبێت لەو ئاراستیەی لە ڕێگەی دامەزراوە ئابوریەکانەوە، لە دواجاردا پرۆسەیەکە لە رێرەوی بوژانەوەی گەشەی ئابوری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەبینرێتەوە.